# شەڕ
# یا ئەو دیوی دڵی من

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری
*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**
* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# شەڕ
# یا ئەو دیوی دڵی من

ڕۆمان

نیگار نادر

٢٠٠٣– ٢٠٠٥

کتێب: شەڕ یا ئەو دیوی دڵی من - رۆمان
نووسینی: نیگار نادر
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٥١٩
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: بەدران ئەحمەد حەبیب
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٦
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٩٧٨)ی ساڵی ٢٠٠٦ی دراوەتێ

# بەشی یەکەم

پێنج ساڵ پاش دڵبارانەکەی شەوێک باپیرەم بە پەرتاو خۆی بەژووریدا کردەوە و خۆی توند داپێچا و چووە ناو تاقەی دیوەخانێ و لە ناو سندووقە سوورەکەیدا دڵی خۆی پڕ لە فیشەک کرد و دەمامکی هەڵدا و دەستی دایە بڕنەوەکەی و وەدەرکەوت.

پاش دوو سێ ڕۆژان لە هات و هووتی خەڵکی سەرم وەرگێڕا دیم باپیرم بە فەرماندەیی هێزێک هاتۆتەوە و چاوەڕێی هێزێکی دی دەکات کە لە سەرەتای مایسە و لە دۆڵی نێ ڕا بەپشتی «خانێ»دا دەچوونە حاجی ئۆمەران و بەرەو کێلەشین وەڕێ دەکەوتن.

هێزەکەی لە بناری چیای خستبوویان، هەموو تفاق و چەک و ولاّغی خۆیان دەگەڵدا بوو خەڵک هەوەڵ جاربوو ناوی ڕەتڵ و کەرت و مەفرەزەیان دەبیست باپیرم ڕەنگی چیایانی دەگرت و دەبێژت هێزەکە بەرەو گوندی زێوکەی وەڕێ دەکەوێ و بە کێلەشیندا تێدەپەڕێ تا زوو بگاتە لۆلان و برادۆستێ.

هێزەکە بە سێ بەش وەڕێ کەوتبوو بەشی یەکەمی سێ سەد و بیست پێشمەرگە بوون لە ١٩/٤/ ١٩٧٨ لە گۆڕەشێر ڕا سنووراو سنوور وەڕێ کەوت بەناوچەی سەردەشت و خانێدا بە ئالانە و گوندەژوور و گرتک و ڕۆست و هێردنێدا گەیشتنە برادۆستێ. بەشی

دووەمی کە پێنج سەد پێشمەرگە و بەشی سێیەمیشی سەد و بیست پێشمەرگە بوون بە دەراوی گوێزێدا بەقەندیلیدا وەڕێ کەوتن.

بنارەکانی قەندیلی پڕ ببوون لە چەکداری ئەو هێزانە. بە ڕێچکە بەدووی یەکدیدا دەڕۆیشتن و وڵاخەکانیان سەریان لە دووی یەک نابوو بەناو بەفری سپی و شەختەگرتوودا.

دەیانگوت هەر لە ڕێیە و لە کوێستانی کێلەشینێ یازدە پێشمەرگە لەسەرمان ڕەق بوونەوە و بەشەکەی تریش لە پشتی شنۆیە ئازۆقەی ڕەشماڵان نەبووایە هەموو لە برسان دەمردن؛ تا گەیبوونە دۆڵی خرێنە و لەوێندەرێش هەلیکۆپتەری ئێراقی گەیشتبۆوە سەریان و چەندین پێشمەرگەی لێ شەهید و بریندار کردبوون و تەرم و بریندارەکانیش بەجێ مابوون. ئەو چەکدارانە چەندین ساڵ دەبێ فیشەکدانەکانیان ڕاست و چەپ لە خۆ بەستووە و تفەنگەکانیان بەشانیدا کردووە و چەند ساڵی تریش لە خۆیان ناکەنەوە و هەر لەگەڵ خۆیان هەندرێن و زاگرۆس و ئاسۆس و کۆڕەک و سەفین یان چەکدار کردبوون دەیانبردنە شەڕگەکان.

وەز پیاوە چەکدارەکانم دەدین پۆل پۆل دەهاتنە سەر حەوزی مزگەوتێ و کانییەکان. هەر چەکدارە و دڵی ژنەکەی لەقوم قومەی ئاوەکەی هاویشتبوو دەگەڵ خۆ هێنابووی و دەمەک نادەمەک بینی پێوە دەنا. چەکدارە جحێڵ و هەرزەکارەکان ڕدێنیان بەردابۆوە و زوو زوو سمێڵەکانیان شانە دەکردن و دڵی دەزگیران و ئەویندارەکانیان دەگەڵ پارچە ئاوێنەکانیان دەبەر باخەڵی نابوو یا لەو بنار و ڕەوەز و دۆڵ و گوندانەی پێیدا تێدەپەڕین دڵی کیژۆڵەکانیان وەکی گوڵاڵە سووران هەڵدەپساند و دەمشتیاندا توند دەگوشی و دەیانبرد.

هەر شـــەڕێک چەندەها پیـــاو بەڕێوەی دەبەن و تێـــدا بەشـــدارن پیاوەکانیش چەند شـەڕێک پێیان دەگەیەنن دونیا شـەڕێکی بەرینە و دێرینە دەزۆربەی شـەڕەکاندا دەکوژرێین و دەمرین ئەمما نە خـوێنمان لەبەر دەڕوا نە ڕۆحێ دەدەین هـەر بە مـــردوویی دەدونیـــایەدا دێین و دەچین زۆر شـــەڕ هەن ئێمـە تاریفـیـان نازانین و بەشـەڕیان ناوزەد ناکەین.

زۆری دەدیمان هـەر لە منداڵییـــەوە دەکـوژرێین و ڕوحـمـــان بەدوی خـۆدا بەناو ژیاندا ڕادەکێـشین نیـوەی جـحێڵ و لاوەکانمان لـە تافی لاویەتیدا شەهید بوون بەبێ گۆڕ و بەبێ کێل و بەبێ کفن لە باوەشی ژیاندا ئاڵای زیندوویەتیـان لـەسـەرخـۆ چەقـاندووە و چۆڵ و هۆڵن لە زیندەگی.

ژنان و کیژان هەر لێگەڕێ ژیان بەیەکەم گوللەی گەرمی دەیانپێکێ و هەتا هەن لەشی مردوویان بەسـەر ڕۆحی خـۆدا شـۆڕدەکەنەوە تا لە لووتکەکانی شەرەف وەسەرکەون.

باپیـرم هەردەم باسی دڵبـارانێی دەکرد چاوی دەفـرمێسکاندا قم دەبوون و گـەرووی دەگـیـرا و بەنەرمی دەیگوت لـە بری هەر دڵۆپەک باران دڵێک بوو دەبارییە سـەر ئەرزی لێکرا هەموو مەقەرەکان، هەموو ئۆردووگایەکان، دڵیان لێ کەڵەکە ببوون. وەختێک خەڵک کۆمەڵ کۆمەڵ لە بن ڕادیۆیەکان مـەسـبەتـەیان بەست و کـە گوێیان لەو هـەواڵە بوو دەستیان کرد بە دڵبارینێ.

بەقـەراغی جـادە و ڕێیـەکـاندا بەناو جـۆگـەلە و ڕێچکەکـاندا بەبن خیوەت و قـوژبنان لەسەر کەپر و لاڕێیـەکاندا دڵی پێشمـەرگانت دەدین چۆن بەردەبوونەوە. دڵی گەنج و ژن و منداڵان بە کۆمەڵ لە بن خیـوەت

و تاوڵەکـانی کـرۆشــمـە ببـوون لە ئۆردووگـایـەکـانی ڕەبـەت و قـەسـری شیرینێ و سەرپولی زەهاو و زێوەیی.

دڵبـاران هەندەک دڵی پووچەڵ و کوێرکردنەوە هەندەک دڵی دیکەشـی وەها شکاندن لە خرمە و شراخەیان کۆڵان کۆڵان خەڵک دەرِەوییەوە.

پێشمـەرگەکان کە دڵیان دەشکا دادەهـاتنەوە و بە هـەردووک دەستان دڵی خــۆیان خــڕ دەکــردەوە و ژنـەکــان فــرمــێــسـک لە چاوانیــان ڕانەدەوەسـتـا و لـەبەر باخـەڵیـان دەهـاویشت؛ پیـرەمـێـردەکـان لەبەر پشـتێندەکانیان دەخستـەوە. هەندێکیان دەیانگوت عـەجەم بوون دڵیان فـرۆشـتـین؛ هـەندێکیـان دەیانگوت عـەرەب بوون دڵیـان هـەنجـن هـەنجن کـردین. دڵەکـان ژانـێکیـان تێ گـەڕابوو بە هـیـچ چا نـەدەبوون و نـەنکم دڵی خۆ و هـەموو کیژەکانی دەکۆشـی خۆی کردبۆوە چاپۆکی بەسەری خۆدادان و قوتابییەکـانی زانکۆ لە نێو قەدی کتێبەکانیان هـاویشتبۆوە سەریان لە ناو ئەژنۆیان گرتبوو. هەر هەموو شتێک تێکڕا دڵیان لەبەر ڕۆیبوو؛ باڵندەکان، درەختەکان، چیاکـان دەشت و تاوێر و ڕووبارەکان دڵیـان بەگـۆڕێ وەرببـوو. گەلێک جاران دڵمان لەدەسـتدابوو چ جـاران وەکی ئەوجارەی دڵیان بەگۆڕێ وەرنەکردین ئەو جارەی دڵی میللەتێک وێکڕا بەگــۆڕێ وەربـوو. کــەم کــەس لەو پـەلە پەلـەی دڵی خــۆیـان بۆ خڕدەبۆوە هەڵدەگێڕایەوە.

حەوت ڕۆژی تـەواو هـەر لە تاوکەوتنێ ڕا تا ئاوابوونی دڵبـارین و دڵ شکان لە پاشـان بەخاکەناز و بە شـۆڤڵان دڵەکانیـان کۆدەکردنەوە، لە ناو گەلابە و لۆری و پشـتـە مـەکینانیـان دەکردن و ئاودیوی سنووریان دەکردنەوە و ئاسـمـان ڕەنگی دڵانـی گرتبوو درەخـتـەکان لاخـەکـانیـان پێـدا شــۆڕ ببــوونەوە کــاروانی ئـەو باربەر و لـۆری و ولاغـانـەی باری

دڵەکانیان لەسەر بوون هێواش هێواش دەگەڕانەوە و دڵی منیش لە ناو ئەو هەموو دڵە شکاو و ڕووشاو و ڕژاو و دڵە پووچەڵ و کون کونانەدا هەلا هەلابوو.

لە پاش بڕیاری چەک داگرتنی چەندەها پێشمەرگە بەخۆ و بە تفەنگەکانیانەوە خۆیان لە ڕووبارەکان هاویشت چەندی دەدیش خۆیان شوێن بزر کرد و سەری خۆیان هەڵگرت نەیانهێشت دڵیان هەڵدرێتە ناو ئەو باربەرانە و ئاودیو کرێنەوە سنوور.

لەسەر ڕووی وێنەکەی خۆی حەوت وێنەی دی دەبینران کە باپیرم بەحەوت پشتان دەگەڕایەوە سەریان دیارنەبوو هەر حەوت باپیرم کە لە سەفەرێ گەڕابوونەوە ئەو وێنانەیان گرتبوو کە هەموو تاقمە تفەنگ و برنەویان لە خۆ نەکردبوونەوە، یا پێش ئەوەی بچنە شەڕێ یەکیان شەشخانە و یەکیان شەست تیر و یەکیان شەشخان و یەکیان شەشدەرب و یەکیان خەنجەری لەبەر پشتێندێ دابوو. دوو سێ یەکیان لەسەر ئەسپی کەحێل کەحێل چاویان لە تیشکی ڕۆژێوە بڕیبوو دووسێیەکی دییان بە کەوا و پانتۆڵ و مرادخانی و جلکی سەربازییەوە لەسەر بەرزایی و چیا و دوندان ڕاوەستابوون.

***

تازە لە سکی دایکم وەجووڵە کەوتبووم، چاوەکانی داکم دەدین چۆن کەوتبوون و بەژ بەژ دەچوون و لە عەمباری پشتەوە ئەو چەکانەی بە ڕۆنیی خوشکی پێشان دەدان کە هەندەیان لەشی خۆ فرۆشتووە تا بوونەتە ژن و گەرمییان بۆتە گەرمی ژن و لە بری گرمە و زرمە بە ناڵەناڵ و نووزە کەوتوون دەیگوت تەماشاکە چەند بەمە دەچن و چۆن ڕامم بوون، هەر شەڕێکی لەو دونیایەدا پێیان بکرێ و نەکرێ دەچنە

نێـوی و بەرێوەی دەبەن بەبێدەنگی؛ کـەیفـیـان هـەبێ و نەبێ شـەریان پێدەکەن و وەریاندەکەوێن رۆنی دەچۆوە داڵغـەیەکی قووڵ و درێژەوە و لە دەریایەک شـینتـر دادەگەڕا و وردە شـەپۆلەکانی دەبـزووتن و لەبەر لێوەکانییـەوە دەیگوت هـەریەک لە ئێمە خۆ و منداڵەکانی بەخێو دەکا هـەریەک لەو تفەنگانەش پیاوێک بەخێو دەکا.

لەسـەرخۆ دەسـتی داویشـتـە سـەر فـیـشـەکدان و مـەخـزەنـەکانیـان دەیزانـی هێلکەدانێک لە ڕەحـمـیـانـدا هەڵتـۆقـیـوە منداڵدانیـان دوو هێندەی هێمە دەبێ و زاوزێ دەکەن.

قۆریەک چای بۆ داکم دەم دەکرد و دوو هـەناری ترشی لەت دەکردن تا دەنکیـان کـا بـۆ خـۆی پڕ دەبوو لە بۆن هـەنار و بۆنی دەریـا و هـەر دانەیەک دەنکە هـەنار دەکەوتنە ناو قـاپەکـەی و دەسـتـی هـەناراوی لێ دەچۆڕایـەوە و چاوی لـە چاوی داکــمــەوە دەبڕی و داکم دەیگوت ئەو چەکانە لەو ژنە بۆن خـوێن و تام خـوێنانە دەچن کـە عـومـر کـردونیـەتە سـەراوێک لە خـوێـن هـەر دەگـەڵ خـوێن لە دایکیـان بەردەبـنەوە هـەر بە خوێنیشـەوە دەگۆڕ دەنرێن بە خوێن خۆ دەناسن بە خوێن مـێرد دەکەن و بە خـوێن منداڵیـان دەبـێ. هـەمـوو یەکێ سـەر بووردەیەکمـان دەگـەڵ خـوێن هـەیە و بەبۆنی ئـاشنـاین. هـەمــوو سـەرەمـانگێک ڕەنگ و بۆنی چاو و کـەپوومـان پڕ دەکـا. نـازانم هـەمــوو سـەرەمـانگێک جـارێک دەکــوژرێین، یان چ دەنێــو خــۆمــاندا دەکــوژێین! کێ دەڵێ یـەک لە هیـواکانمان سـەرنـابڕین؟ لەگـەڵ هـەر سـمین و نوژینێکیش خـوێنمـان لەبەر دەڕوا. چەندەهـا جـار دەست لە خـوێنی خـۆمـان دەنێین و هـەمـوو ڕەنگەکـانی دەناسین لە یەکـدییـان جـوێ دەکـەینەوە؛ تەنـهـا ئـەوانەمـان نەبێ کـە دونیـا ڕامیـان دەکا و پێ ناخـەنە هیچ شـەرگـەیەکی عـومـر و

بەمـرداری لە گـۆڕیان دەنێن و بۆ مـەرگـیش تنۆکـە خـوێـنێکیـان لەبەر ناڕوا؛ دەنا ئەوەی بچتە یەک لە شەرگەکانی ژنییەتی؛ هەر بە خوێنەوە لە گڵی ڕۆدەکەن و بە خوێنەوە دونیا بەجێ دێڵێ.

داکم کـەوچک کـەوچک هەنارەکـەی لە نـاو دەمی دەکـرد و دوو سێ هەوری ڕەش بەری ڕۆژێیان دەگرت و زەرێـی خوشکە گەورەیان وەژوور دەکـەوت دەچۆ باری سـەرێ دادەنیـشت و پۆلیک پەڕەسـێلکە لەگـەڵی دەهاتنە ژووری و لەسـەر شـیـشـەی پەنجـەرەکـان کـۆشـمـە دەبوون و چاوەکـانی هـیلیـانم دەدین لـە ناو سکیـدا ئەویش سکی بە هیلیـانی هەبوو کـراسێکی مـۆری وەنەوشـەیی لەبەردابوو، بەڵام دڵی گەش گەش لە بن کـەراسـیـیـەوە دیاربوو هەر لـەوێ ڕۆژێوە دڵی ئـەو پوورەم زۆر خـۆش دەویست؛ زۆر بەدڵی من دەچوو دڵێک پڕ بە خـۆی دونیـا و خۆشەویستی تێدابوون دڵێک هێندێک پیاو هێندە خـۆشیان ویستبوو لەسەری خۆیان کردبوو هێندەکی دی هەتا هەبوون لەبەریان کردبوو.

ورده بارانێک دایدەکرد بۆنی گڵی لە وڵاتی دەگەڕا و جغـارەیەکی پێ دەکرد و دەیبێژت. کازیوە هەڵکشـا بۆ سـەرووی کـەفـەڵم کە وەخـۆ هاتمەوە سـبـەینە بوو خـێرا فـیشـەکـێکم لە درزی نێـوانی مـەمکانم هاویشت و گـوڵە بێژانێکم هەڵپچـڕاند و لە یەخـەم دا دووسێ جار لە خـۆمم هەڵڕوانی؛ دەستم لە کەمینەکانم خشاند، مێخـەکبەندەکەم لە ئەستۆ کردو تەواو بۆنی شەڕم تێ گەڕا. شەڕ چەندەها جار درزی تێ خسـتووم سێبـەرەکانم یەکـە یەکە کـۆکردنەوە هەردووک لێـو و گـەڵا وەریوەکانم دەمـشـتـمـدا ڕێک نوشتـاندن و بە پەرتاو ئەو جارەشـیان خۆمم کوشت لاشەکەم فڕێ دایە بەردەمی سەگان و لێی کشامەوە.

ئەوە دەیەمین جارە دەست لە خوێنی خۆ دەنێم و لە پاشان پەنجە لە

لێوم دەخشێنم و پاش ماوەیەک دەگەڕێمەوە سەر لاشەکەم بەشانی خۆم دادەدەم و دەیبەمە نێو قوتووی یادگارییەکانم لە هەر تەرمە و یادگارییەکم وەبیردێتەوە. هەر ژنێک ڕۆژێ دووسێ جار دەکوژرێ و دەمرێ بەڵام گیان نادا.

دەگەڵ تاوکەوتنێ خۆمم ڕادەوەشاند و تا شەونمەکانم لێ بچۆڕێنەوە چاوەکانم لە هەرچی عیشقە خاڵی دەکردن و دڵیشم لە چی پیاو هەیە چۆڵ دەکرد دەستێکم بە خۆمدا دەهێنا و پیاوەکانم لە خۆم دامالین. هەر لە سبەینانەوە تا ئێواران گوللەیان تێدا تەقاندبووم، سەگیان تێدا بەرەڵڵا کردبووم؛ دەتگوت شەرگەیەکی چۆڵ و هۆڵم پڕ پڕ بووم لە قەوانە فیشەکی بەجێماو و لە سەگوەڕێک واوەتر نووزەم لێ نەدەهات.

***

لەسەرخۆ تا هێشووەکانم نەوەرین دەچوومە باوەشی و دەسەسڕێکم دەردەهێنا و شەڕم لەسەر گۆنایەکانی دەکوژاندەوە دەئامێزیدا خۆمم بێ سەر و شوێن دەکرد.

شەڕ بەکەیفی خۆی دەیدامە پیاوێک، لە پیاوێکی دی داگیر دەکردم. دەستی لە کانیاوەکانم وەردەدا و شلوێی دەکردن دەچاوەکانمدا دەهات و دەچوو لێوەکانی وشک دەکردم. یەکەم سپێدەیە وەخەبەری نەهێناوم و خۆی لە بەلەکم نەخشاند و هەناوی وەلەرزین نەخستم گوڵە هەنارەکانم بێ شەڕ پوشکوتون و گوڵە لیمۆشم لی هەڵدەوەرن...

بەیانێکی زەرد زەرد دووبارە هەستم بە بزووتنی دڵم کرد کە لەپڕ عەشقی تێرژاو سەیر وەکوتەکوت کەوتەوە زانیم ترپەکانی لە سروشت دەرچوون و بەو بەیانە دەچی کەناویان لێ نام "زەرێ" لەپڕ هە ڵدەستا

سەرپێیان دەگەڵ ڕەوە پەڕەسێلکەکان دەڕۆیی و لە چاوان ون دەبۆوە.

***

ئەو دەمەی دەبووە شەڕاب و دەگەیی، دەیناردە دوی ناروەنی هەتا لەسەری هەڵداتەوە، دەیزانی ئەورۆ چاوەکانی ئاهۆی تێدا دروست دەبن و دەگەن تایەکی گەرمی لێ بوو چاوی لەسەریەک دانابوون هەستی دەکرد بەرەبەرە سپێنەی چاوی کۆرپەلەکەی دەبنە دەڵەمەو دەم نادەمەکیش لەرزێکی قورس هەڵی دەتەکاند دەیدی چاوەکانی خۆی بەرەبەرە خاڵی دەبن و لە ناو جێیەکەیدا ئەودیو و ئەودیوی دەکرد و لەپی دەستی دەهاویشتە سەر پێڵوی چاوەکانی و هەڵمێکی سپی لێ هەڵدەستا دەترسا یا شەڕ یا کوڵەواریەکی دزە بکەنە ناو چاوەکانی ئاهۆیی و تێیدا ڕەگ داکوتن لەسەرخۆ دەستی بەسەری ئاهۆیدا دەهێنا و بیری لەوە دەکردەوە دەبی ئەورۆ دوو چاوان دروست بکا هیچ شەڕێک و هیچ نەهامەتییەکی دونیایان تێدا نەبێ و بەکەسیش نەبزوێن و هەڵنەکوڵدرێن منداڵدانی گەرم دادەهات و هەستی دەکرد دەفڕێ.

ژنێک ئەو دەمەی چاوی ژنێکی دی لە خۆیدا بناغە بۆ ڕۆدەنی و دەیەوێ هەموو جوانیەکان و هەموو خۆشیەکانی دونیایان وەگۆیستە ناو.

چاوم ڕەنگیان هەنگوینی بوو وەبیرمە ئەو ئێوارەیەی ڕەشێنەی چاوم دەمەیین داکم لە ناو باخی شانە شانە هەنگوینی دەردەهێنا و لە تەنەکەیەکیدا دادەنا و تا گلێنەی چاوەکانم بەو ڕەنگە دەمەیین و هەموو دەمێ بۆنی ئەو هەنگوینەشیان لێ دەهات ئەوەی چاوی پێدەکەوتن دەمی پڕ دەبوو لە ئاو و حەزی دەکرد پەنجەیەکیان تێ

هەڵکێشی و تامیان کا.

دەمزانی هەموو ژنێک جارێک چاوەکانی مردوون و دە ڕووی جوانی خۆیدا زیندە بەڕووی کردوون؛ چونکە "هەموو مردنی عەشقێک، چاوان دەمرێنێ و کەم ژنیش هەن عەشق دەبەنەوە".

پیاوان هەست بە مردنی چاوی ژنان ناکەن هەر خۆشیان دەوێن و گەورەترین سوێندیان پێ دەخۆن. زۆر پیاو هەنە شەیدای ژنێک دەبن کە دەقۆرتی چاوەکانیدا زەلکاوێک داوەستاوە بەدەیان پیاوی خنکاوی لە بندایە.

هەندێکی دییان جۆتە چاوێکیان خۆش دەوێ و دەیپەرستن هەتا دەمرن نازانن لە بن قۆرتەکانیدا چ گۆڕێکی بەکۆمەڵ هەیە.

ژنەکان هەتا ژیان بەڕێ دەکەن مەعشووقەکانیان دەوێدا حەشار دەدەن و زیندەبەچاڵ دەکەن و چاوی چ ژنێک هەیە سێ چوار لاشەی تێدا نەبێ؟

وای ئەگەر ڕۆژێک چاوی تاکە ژنێک بەگۆڕێ وەربێ! گەلێک جاران چاوی ژنانم دیتوون لە نێو مەخزەنی فیشەکاندا لەسەر ڕیزە فیشەکان یا لە بن ڕیزە فیشەکاندا ڕیز کراون لە قاسەو خەزینەی سیاسی و بازرگانەکاندا قایم داپۆشراون، یا بەفەردەی گەورە گەورە لە نێوان سنوورەکاندا قاچەغچییەتیان پێ کراون.

لە بیرمە چەند سەرۆک حیزب و لێپرسراوێک هەبوون سەگیان هەبوون، تەنها چاوی ژنانیان دەرخوارد دەدان و هەندەکی دی لە پەرداخی بریقەداریان دەکردن و شەوان لە بری شەراب نۆشیان دەکردن. لە پاش تێر بوونیش جغارەیان تێدا دەکوژاندەوە پاشماوەیان

تێ فڕێ دەدان و میزیان تێ دەکردن و لە پاشان یا لە بۆیەکی کەسک کەسک یا زەرد زەردا یا شین و سووردا غەرقیان دەکردن.

دوو مانگ پاشتر بۆن قەزوان و گویژێکی خۆشم لە داکم دەکرد و پێش تاوکەوتنێ لەسەر کانییەک خۆی دەشوشت و نەرم نەرم ئەو تۆپەڵە خوێنەی لەلای چەپم کۆببۆوە توند دەبوو دەمەیی و پرتەی وێ دەکەوت لەپێش ئەوەی تەواو وەترپە کەوێ و بمەیێ ئەو خۆی لە کانییەکەی دەهاویشت و دڵی منیش پڕ دەبوو لە کانی و لەسەرەخۆ هەڵدەقوڵی و ئەوەی دەیدی حەزی دەکرد بینی پێوە بنێ و خۆی تێ هاوی تێر تێر تەماشای کا، سینگم بۆنی چ کانییەکی تێدەگەڕا و ئەگەر سەد جار سەریان داپۆشی با و کوێریان کردبایە هەر هەڵدەقولایەوە و داکم خێرا بەسەری پەنجەی ئەو لاو ئەولای بۆ هەڵدەکۆڵی و دڵم پڕ دەبوو لەخوێنێکی ئاڵ و ڕوون.

هەر ئەوێ ڕۆژێ دایکم خۆی پێچایەوە و لەگەڵ بابم ڕوویان کردە چیایی و چوونە ناو شۆڕش هەمیشە کە لەبۆی دەگێڕامەوە دەیگوت لە ئێوارەیەکی ڕەنگ پەڕیودا کە دیار نەبوو لە ترسان یا لە شەرمان ئەو ڕەنگەی گرتبوو لەو ئێوارەیەی کە بۆنی تەیر و توورم لەبەر دەڕۆیی ڕۆ دەچوومە ناو تەنهایی خۆم بەو سێوە کرکانە دەچووم کە بەر لە گەینێ ڕەشەبای دایاندەوریێنێ و لە سەر گیاش بۆنیان دە هەوا دەگەڕێ بەو گوڵاڵە سوورانەی هەتا ئێواران دوو سێ دڵۆپە شەونم دەنێو پەلکەکانیاندا دەهێڵنەوە و ئاوابوونی خۆر زۆر بە ئاوابوونم دەچوو.

تەمەنم هەر هێندەی تەمەنی گوڵێک بوو کە هەڵپسام و چ بەزەمەنی نەبەستمەوە دەمزانی ئێمە ڕەگەزێکین چەند دڕەندە بین چەند درۆزن بین چەند خیانەتکار، گرنگ نییە تەنها دوو سێ دڵۆپە خوێنن پێ بمێنن

که ڕەسمی پاکیزە بوونی خۆمانی پێ بکەین.

هەتا دەمرین بە دروشمی پاکیزەیەوە بەناو دونیادا ڕابوورین و هەتا هەین خۆمان بەگوڵ دەزانین هەموو دەمێ هەر ئەو بۆنەو هەر ئەو ڕەنگەمان لەخۆمان دەوێت باوەڕ بە خۆ کوشتنەکانی خۆ ناهێنین و دان بە مردوویەتی پیربوونمان دانانێین هەتا دووسێ دڵۆپەی گەرممان پێ بمێنن و سارد نەبوینەوە، ئەوەی ترس بێت لە دونیادا تەنها بە وشک بوون و مەینی دڵۆپەکان لێمان دەنیشێ و زەندەقمان دەچێ!

عومرم تێپەڕاند هەر لەو گومانەیە بووم دەبی خودا لەنێو قووڵایەکانی مندا ئەو گەرمیە و ئەو سووریەی پاراستبێ هەرکە گەیشتمە ئەوێندەرێ دەستم کرد بە خۆ ڕامکردنی دەگەڵ چیا و بەرد و بنار و دەشت و چۆم و دۆڵەکان؛ دەگەڵ پەپوولە و تەیر و ئاژەڵ و باڵندەکان؛ دەگەڵ درەخت و کانی و باران و تیشکی ڕۆژ و بەفر و نسێ و ئاگرەکان تا سروشتم لەخۆمدا ڕام کرد و دەستم کرد بە مەشق کردنی لەسەر چەکەکان.

لەپێشدا لێیان دەترسام و دەستەکانم دەلەرزین و لە دەنگیان سەد جار خۆم لەخۆمدا دەشاردەوە؛ چونکە ئێمە وا ڕاهاتووین لەدەنگی گەورە ڕاچڵەکێین و لەدەنگی هەر هەورێک، هەر پیاوێک، هەر چەکێک، ڕاچڵەکێین و خۆمان وێک بنێینەوە تا لێیان سامەرستۆم بووم و دەستم لە ملی چەکەکان و چیاکان کردن و خۆشم ویستن و کەیفم بەهەموو سەختی و قورسی و خەتەرەکانیان هات.

ڕۆژەکان دەپوشکووتن و هەڵدەوەرین. ساڵەکان بەدووی یەکدا غاریان دەدا و منیش جەنگاوەرتر و نهێنی یاوەرتر و عیشق یاوەرتر و ژناوەرتر دەبووم و دروست نەمدەزانی چاوەکانم چ ڕەنگن و ڕۆژی

چەند جار وردە دەمارەکانی پشتە دەستم دەژماردن و بەرە بەرە مەمکم شۆڕ دەبوون و چاویشم دادەتەکین.

چیشتەنگاوێکی ڕێبەندانی بوو کە زانیم دەگەڵ ماینە سەر بێرێشمەکەی بناریێ وێکرا زکمان پڕ بووە و مانگ و ڕۆژی خۆمانە لەبۆیە هەر وێکرا تەبیاتمان گۆڕا و ڕەنگمان گۆڕا و چاومان گۆڕان و کەفەڵمان بەرین و سینگمان شۆڕتر و لێومان ئەستوورتر بوون. تاکە شتێک کە لەو تەنهایی و سروشتەدا بەمن دەچوو ئەو ماینە بوو لەنێو ئەو هەموو پیاو و چیا و بەرد و شەڕانەدا دوو سێ جار ئاوس بووین و وەچەمان خستەوە. هەردەم دەستم بەیاڵەکانیدا دێنا پێی دەوتم ئەوەی من و تۆ لێک جودا دەکاتەوە تەنها شەڕەکان و پیاوەکان و شارەکان و شۆڕشەکانن. "پیاوان تەنها ئەو کاتانە عاشقن کە بەسەر پشتەوەن".

هەمیشە لەبۆم لەو جوانییانە دەدوا کە نە بە شۆڕش و نە بەشار و نە بەشەڕەکان وەدەست دێن" هەتا پیرنەبین لە شۆڕش تێناگەین. نازانین چەند شۆڕشمان بەملەوەن و دژ بە چ دەبێ شۆڕش بکەین هەتا پیردەبین و وەنێو تەمەن دەکەوین شۆڕشی گەورەترمان دێنە سەر ڕێ.

خۆمان لە جۆرەهایان تاقی دەکەینەوە بە دۆڕانەکان و هەرەسەکان دڵگران دەبین بە سەرکەوتنەکانیشیان شاگەشکەو لەشمان هەموو دەمێ لانەی شۆڕشەکان و یاخی بوونەکانە.

شار هەتا بڕەکمان هێز بە بەرەوە بمێنێ هەر سیحرمان لێ دەکاو چاو بەستەمان لێ دەکا. هەموو جوانییەکمان لێ دەفرێنێ هەموو پاکییەکمان تێدا وشک هەڵدەگەرێنێ و هەموو عەشقەکانمان تێدا دەمرێنێ. ڕوحمان دەنێو دیوارە بڵندەکانیدا دەگووشێ و چاومان

لەنێــو ڕەنگە کــەسک و ســوورەکــانیــدا ڕادێنێ. جــووڵە و لەرە و تەوژمەکانی ناو دڵمان لەناو کاتژمێرەکانیدا دەمەیێنێ. لەپاشانیش دەست خــاڵی و ڕوح خــاڵی و بەپارە دوو مــەتره خــاکی خــۆیمان پێ دەفرۆشێ و کپ کپ تێماندا دەمرێنێ.

دەزانی بە چ چڕنووکـێکی تیـژ ڕۆهاتە ڕۆحم و دڵم و ئازادییـەکانی هەموو لێ دزیم هەتا لەنیو خۆیدا نەتخنکێنێ بەرت نادا بەپڕی دەچییە ناوی و بە خاڵی بەڕێت دەکات. «شار مردنێکی ڕەنگاوڕەنگە».

***

باپیـرم دەگـەڵ شنـەیەکی نەرم لەکـوێسـتـانـان ڕا هەڵی دەکـردەوە و دەیبـێـژت هـێزەکـە بۆ نێـو قـووڵایی خـاکـی تورکیـا ڕێچکـەی بەست و حـەوتوویـەک پتـر بە ناو شـاخـی سـەخـتـدا بەبێ ڕاوەسـتــان ڕۆیی تا گەیشتـە ناوچەی ژیرکی کە یەکە لە هۆزەکانی عـەشیرەتی هـەرتوشی و هـەر لە ئاقـار گوندی بازێ و لە دۆڵێکدا بارگـە و بنەیان لێ خـست؛ تا ڕۆژەکی بەرەبەری تاو ئاوابوونی لە ١/٦/ ١٩٧٨ هـەندەک پێـشـمـەرگـە جـموجـۆڵی چەکدارانیـان بە شـاخ و چیـایەکانی دەورەوپشـتـانەوە دی خـێـرا پێـشـمـەرگـە وەخـۆکـەوتن و بەری هـەرتک دۆڵەکـانیـان گـرت و بەشـاخـەکەیدا هـەڵزنان و چوونە نێو سەنگەران و خۆیان تاقـەت کـرد. شــەڕێکی گـەرم دەسـتـی پێ کـرد. هـەردرەخـتـت دەدین سـێـرەیـان لێک بەسـتـبـوو کـێـو و چیـاو و دونـد و بـەنـدەنت دەدین لە یەکـدی چووبوونە سـەنگـەران کـانی و چاوە و بـلـووسک و تاڤـگە و چۆم بوون نـاوچەوانی یەکـدییـان دەپێکا و گـوڵە بـێـژان و وەنـەوشـەو سـەوسـەن و حـاجـیلە و هـەڵاڵە لەپشـتـەوە ڕا زرمـەیان لێک هـەڵدەسـتـاند و بـەرەودەم لە خـوێنی دەگـەوزین و هـەر سنـەوبـەر بوو پۆلێک سنەوبـەری وەپیش خـۆ دابوون و

چاوی بەستبوون و بەدیلی گولله بارانی دەکردن دار بەرووەکان دار گوێزەکانیان بە برینداری بەدووی خۆدا ڕادەکێشان و پاشان بەپەل بەستوویی گریان دەدان. چنارەکان بەهەموو هێلانەکانیانەوە قازیفەیان لەسەر شان بوو. دار بییەکانی ئەو بەریان لەگڕ و تۆزێدا ون دەکردن لەپاش ئەو هەموو کوژراو و بریندارانە هێزەکە لەنێو گەمارۆیدا گیر ببوو لەپڕ بڕیاری کشانەوەیان دا.

لەپاش کشانەوەی هێزەکەی لەپڕ هەموو پەرتەوازەبوون و بەشێک بەرەو سنووری ئێراقێ گەڕانەوە بەشێکی دی بە دانە و بە کۆمەڵ بەدیل گیران و بەشەکی دیش بە هەڵاوێردی لە گوندی کەهی لەنزیک شاری جولەمێرگی ولایەتی هەکاری کەوتنە خۆ ڕێکخستنەوە و کۆکردنەوەی ئازووقە و چەک و تەقەمەنی و پارە و وەرێکەوتنەوە تا ڕۆژی ١٩ / ٦ / ١٩٧٨ . لەو دەمەیدا بە دەربەندێک ڕەت دەبوو شەڕ هەڵایسایەوە و هەورەکان سەریان تێک نابوو. سەروەکان هەموو ئارپێچییان لەسەر شان دانابوون و بە لێوارەکاندا غاریان دەدا و سپیندارەکانیان بەردەدانەوە و دەخستن و شوول و بڕ و قەدیان تێک دەشکان و بەسەریەکدا کەڵەکە دەبوون و دۆڵ و لێڕەوارەکان تژی ببوون لە تەرم و با بە کزی تێیهەڵدەکردن و بۆنی خوێنی دەگەڵ خۆ دەبردن و ئاسمان لە حەپەساوییان هەوریشی لەسەر چاوی وەلا نەدەدان و ڕۆژێک بوو کەس تەرمی کەسی نەدەناسییەوە لەبەر تەرمی ڕیزە چیا و دارستان و کانی و گوڵە جاران هەر هەنگاوێک ڕۆیبای لەدار بەرووییەک هەڵدەنگوی و پێت لەچاوی کانییەک دەکەوت و لەسەری دار گوێزێکت هەڵدەدا خوێنی سپیندارانت پێوە وشک دەبۆوە.

له ژوور وانیشـەوە لە هـەر پێشمـەرگە بوو سـێرەی لە دڵی پێشمـەرگـە دەگرت و دووکـەڵی لێ هەڵدەستـاند. هـەر پێشـمـەرگە بوو بـە دەمامكەوە دڵی پێشـمـەرگەی وەبـەر بیكەیسی دەدا و دای دەبێژت بەگوللان. هـەر برابوو چـاوی دەنووقـاندن و هاوانی لـەسـەری برای خـۆ دەگـرت و برا هـەبوو لوولەی تۆپی وەردەســـووڕانده ناو چاوی براكـــەی و لـە بنـڕا هەرتک چاوی دەردەپەڕاندن. هەر برابوو ئارپێچی لە دڵی برای دەگرت و هەڵیدەتەكاند. پێشـمـەرگەكان دڵیـان ببـوو بە بێژینگ و پێش ئەوەی بێنـە شـەڕگـە هێندیـان گولله لەدڵیـان ئاخنیـبـوون دڵیـان داچۆڕابوو. بەدەیان ژن تا ئێستـا دڵیان لەكوێستانەكانی هەكاری كەوتووە لەبن تاشــە بەردانـە و بەدڕوانـەوە بەجێ مــاوەوە و یا دەگــەڵ تـەرمــەكــان شێوێنراون. هـەر پۆلە پەپولە و پەڕەسێلكە بوون دەستیان نا بۆ خوێنی یەكـتـری و ڕەوە كـۆتر بوون بـاڵیـان بـە خـوێنی پۆلە چۆلەكـەكـان ســووربـبــوون و باڵندەكـان چنگ بـە خـوێن و باڵ بـە خـوێن ببــوون و هێندێک دارگـوێز لە هەورامــانەوە هاتبـوون هەر بـەچەكـەكـانیـانەوە دەگڵیـان ڕۆكردن شـاردیانەوە و سـەرەوەكانی دۆڵی باڵەكایەتیان بە تفـەنگەوە و بە ئاوێ دادان و گـۆڕ بزر بوون كـانیــەكـانی قـەراغ و چۆمـەكانی شـارباژێڕ لە تافی لاویەتێدا بوون كە خۆڵیان وەسـەردان و دایانپۆشین، دەشتـە پان و پۆڕەكانی قەراغ كەندێناوە و مـەخمووری بە برینداری ڕایانكێشان تا گیانیـان دا. گوڵەجـاڕ و بنارەكانی پشدەر و بیتوێنێ پاش چەند سالان تەرمیـان بینرانەوەو گۆڕیان بۆ لێدرایەوە، مـەتین و گـارەو پیرەمـەگروون و هـەندرێن تەرمـیـان بەپشـتی ولاغاندا شۆڕكرایەوە و بردرایەوە.

زۆر جـاران گـوێم لێ بـوو دەیانگووت بـاپیـرم لـە شـەڕی هەكـاریدا

بەگوللەی برایەکەی خۆی پێکراوەو چەند ساڵان لە تەرمەکەی گەڕاون و لێ کەس نەیدیوەتەوە لێ من باپیرم دەدی دەگەڵ بارانی بەهاران دایدەکرد و بۆنی بە ماڵێ وەردەبۆوە دەیگوت شەهیدەکان لەوەتەی شەهید بوون هەموو شتێکیان تالآن دەکرێ و کراوە هەر لە ناو و مانا و وێنە و زمانیان.

شەهیدەکان بەمردن ڕووت ناکرێنەوە و تالآن ناکرێن هەموو سروشت ناتوانێ نە ڕەنگ و نەبۆن و نە زمان و نە شێوەیان بگۆڕێ تەنها مەرگە بەسەریاندا دەسەپێ و مردن نا!

مردن هەموو مرۆڤێک دەگۆڕێ و بە ویستی خۆی گۆڕانکاری تێدا دەکا لێ ناتوانێ لە شەهیدی دابکا مردن ئەوەندە بە دەسەلآت و داگیرکەرە هەموو کەسێک لەناو خۆیدا ون دەکات تەنها شەهید نەبێ پێی ون نابێ، مردن ئەوەندە ترسناکە هەموو شتێک لێی دەکشێتەوە تەنها شەهید نەبی لەپاش مەرگیش بەرامبەری ڕادەوەستی و بە نەمری دەمێنێتەوە و چۆک نادا.....

مردن پەنجەکانی لەچاوی هەموو مردوویەک دەگێرێ چی تێدایە تالآنی دەکا ناوێری دەست لەچاوەکانی شەهید بدات خوێنی هەمووان دەگووشێ و لەنێو کەرسەکە گڵەکانی خۆدا وشکی دەکا و تەنها خوێنی شەهید هەر وەکو خۆی جوان و سوور و گەرم هاتوچۆ دەکا و مردن ناوێری بە ئاقاریدا بگوزەرێ و بڕوا و مەرگ چ تالآنکەرێکی گەورەیە".

دڵی شەهیدەکان هێندە بەخونچەیە، هەتا هەتایە بەشمان دەکا کە هەر سەردەمە و خونچەیەکی بپشکوێ بۆن و ڕەنگی هەموو ڕۆژە ڕەشەکانمان لە بیر دەباتەوە پڕ لە ئۆمێدمان دەکا، بۆ ئێمە دڵیان

هیشۆیەک خونچەیە دەیبەخشنە خاک و ئازادی شەهیدەکان ئەوەندە چاوتێرن لەدونیا دونیا بەجێ دێڵن.

شەهیدەکان وێنە و پۆستەرەکانی خۆیان دەبینن کە لەسەر پشتی دار عامووود و فولکەکانی ناوەڕاستی شار چۆن باران ڕەنگی لەبەر بریون و ڕوخساری کاڵ کردوونەتەوە. پەیکەرەکانیان دەبینن چۆن دوای چەند ساڵان هەڵدەگیرێن و شەقامی نوێ بە جێگایاندا ڕادەکێشرێ و لەنێو مەخزەنی تاریک تاریکدا بەرەو دەم دەکەون و ڕوویان دەڕۆشێ. هەموو دۆست و هەڤاڵان و هاوکارانەیان دەبین لەکاتی لە گۆڕنانیان هەردوو دەستیان بڵند کردوون و فاتیحایان بۆ دەنێرن لە مێشکیاندا پلان بۆ جێگاکانیان دادەڕێژن، هەر ئەوان نا لافیتەکانیان چۆن با لوولی کردوون و باران ناوی ڕەش کردوونەتەوە وەکو پارچە ڕەشەکەی تەختی ڕەشایی دەدەنەوە هەر بە تەنها ئەوانەش نا ئەو خاکە دەبینن کە گیانیان بۆ داوە و ئەو دڵە پڕ جوانی و ژیانەیان پێ بەخشیوە چۆن پێمەڕە بە پێمەڕە بەسەریاندا دەڕژێ و دونیایان لێ ئاوا دەکات، ژنەکانیان دەبینن کە هەرچی کۆترە تێکڕا لەسەریان هەڵدەفڕن و وشک وشک هەڵدێن و هەڵدەوەرێن. دەڕۆن و هەموو دەمێ چاویان لەدووی عەزیزەکانیانە تووڕەن و لەدونیا کە ناهێڵێ عەزیزەکانیان لە ناوگۆڕ لە باوەش بگرن لە دونیا وەدەردەکەوتن لێ هەر چاویان لەدوای خۆشەویستانیانە.

دەمی وا هەبوو شەهیدەکان لە گۆڕەکانیان دەردەهێنرانەوە دەبرانە پێش سندووقەکانی دەنگدان و نوێنەریان هەڵدەبژاردن و بەبێ ئەوەی پێبزانن لە دەزگای گەورەدا کاریان بۆ دەدۆزرایەوە و ناویان لەجۆرەها گرێبەستدا دەنووسرا. سەفەری دووریان پێ دەکردن بۆ جۆرەها

ولاَتیــــان دەبردن بـە چەنـدین تەیارە و قــــەتار بـەرێیــــان دەخــــستن ناسـنامــەیان بە سنگەوە هەڵدەواسین و ســـەردانی ئەو شــوێنانـەیان دەکرد و بـە زیندوویی خەویان پێوە دەبینی لەهەموو بۆنەکان جەماوەر لەبـەریان هەڵدەســـتـان لەڕیزی پێـشــەوەی هەمــوو خــۆپیــشــاندان و مـەجلیس و شـەڕگەیەکدا ئامـادەبوون جـاری وا هـەبوو بە پێنج سـالاَن جـارێک کەس نە لەبیـری دەمـان و نە بەتەنیشـتیـانـدا تێدەپەڕی دەمی واش هـەبـوو هـەر هەفـتـەی جـارێک لـەگـۆڕەکـانیـان دەردەهێنـانەوە و دەیانبــردنە بەرەی شــەڕی یا نێــردراوی دەوڵـەتانیــان دەبـردنە ســەر گۆڕەکانیـان یا بۆ هێرش بردنە سەر شارەکان کلاشنکۆفیان بەسەردا دابەش دەکردن و ئالاَیان دەدانە دەست.

***

پاش ئەوەی پیاوێک دڵی وەکو چڵە نێرگزان دەسک کردم و بردی، لە بیـرمـە جـارێکی دیش لەنێو دوو نـانی گـەرمـدا دابوومـە چەکـدارێکی چاوڕەشـی بەژن بڵند دەگەڵ خۆی لەبەر پشتێنیّ نا و بردی؛ کەڕەتێکی دیکـەش ئەو پیـاوەی بـەقـەدپاڵێک دەچوو لێی دەردام و پاشــان گـڵی وەسـەردا و پێی لێنا و ڕۆیی.

ئەوە ئەورۆکـەش پاش چەند سـالاَن گـەیشـتمـە ئێرە دەبێ وەیبینم یا هـەر سۆراخێکیم وەچنگ کەوێ.

کـە وەژوور کـەوتم ســەرم سـووڕمــا و چاوم لە ڕەشــەوە هـاتن و لەو هـەموو باقـە کۆڵ و باری دلاَنەی لەسـەر یەک هـەڵدرابوونەوە. لەو هـەموو دڵەی لە سندووق و قەفەساندا لەسـەر یەک ڕیزکرابوون، لەو هەموو دڵە گــچکانـە لە فــەردە و گــونیــاندا ســەریان دووراـبوون و لەســەریەک هەڵـچنرابوون هـەر لە بەچنە دڵ و ســەبەتەدڵ و قــەرتـاڵە و تونگەبوون

دڵیان وەسەر گەڕابوون و بەو بەریشیانەوە بە باران دڵی درەخت و دڵی چیا و دڵی چۆم و کانی ڕووباران دڵی باڵندە و گیاندار و باو بارانیش هەڵدرابوونەوە و بەسەر یەکدیدا هەڵڕژابوون و کەڵەکە ببوون.

هەمیشە دەستم دەکوتا لە شەڕەکان لە شادی و زەماوەندەکان دڵی خۆم نەدەدیەوە تا دەویی هاویمەوە گەلێک جاران دڵی شەرم لەبری دڵم دەویٚ دەهاویشت. جاری واش هەبوو دڵی شەیتان، «دەمزانی بەدڵی ژنێک چ بەدەست نایەنی لە دونیایێ» هەتا دڵی ژنێک لە سنگتدا تریپەتریپی بێ عاشقانە دەهەموو شتێک دەڕوانی وەنێو شەڕەکانی دەکەوێ وەنێو پیاوەکان دەکەوی فێرببووم ڕاهاتبووم یا دڵێک وەخوازم یا دڵێک بەکرێ گرم یا دڵێک داگیرکەم ئەگەر چ نەبا دەبوو دڵێک بدزم. ئەو جار بەنێو عەشق و شەڕ و پیاواندا ڕابوورم.

سەرەتای ڕێبەندانی بوو کە چەنگم لە دڵەکان هەڵدا و کەوتمە تێ پشکنینیان دەمەکی نەبرد دڵێک بە تریپە تریپی خۆی بۆ لام خزاند لەنێو هەمووواندا دەستم بۆ درێژکرد و دەرم هێنا پەنجەم لێ خشاند و ناسیمەوە و زانیم دڵی نەنکمە؛ هێشتا تەواو نەمسرِیبۆوە کە سەردوولکەیەکی غەمگینی دەچڕی: «هەی لێ لێ دەلێ لێ» و دەیگوت تەمەن دەسکێک گوڵە بێژانی لەسەر ڕۆنام و تێپەڕی و بۆن بێژانم تێگەڕا و بوومە ژنێک پڕ پڕ لە بێژان و وەکی تاقگەیەک لەخۆم هەڵدەڕژام، کەفم لێ بڵند دەبوو هاژەم ڕۆژەڕێیەک لەبەر دەڕۆیی نەمزانی شەڕ چۆن تێکەڵی خورە و ڕەنگ و بۆن و هاژەم بووە لەبەرئەوەی ڕۆژێک وەعومردا بێ پیاو نەبم هەست بە نەمانی پیاو نەکەم لە جوانیمدا هەموومان دەچووینە بەر باخەڵی چەکەکان و بۆن و تامی پیاوانمان لێ دەکردن نەدەبوو نە تەمەن نە ژیان بەبێ چەک و

بەبێ پیاو نەدەڕۆیی.

پیــاو و چەکــمــان لێک جــودا نەدەکــردنەوە. هــەرتک ڕەنگــی یەک و تەبیاتی یەکدییان گرتبوو. لەوەتەی هەن تێکڕا دەچنە بەرەکانی جەنگ و تێکڕا دەتەقن و دەستاو دەست پێک دەکەن و جوانییەکان دەکوژن.

لەپاش هـۆن هـۆن وەشـاندنی بارانـی چی گـوڵی نێـو بـاخـچـە و نێـو ئـیـنجــانەی مـــاڵان و باخ و ڕەزەکــانی شـــاری هەبوون، چــی شـــەتڵ و شەتڵگەڵە و بڕو لاخ هـەبوون کڵـۆکیان بەگوللە دەرکردبوون خـونچەکان چرۆیەکان فەریکە گوللەیان دەرکردبوون چ داری بەری هـەبوون ڕومـانە و نارنجۆک و قـومبـەلەیان دەگرتن ڕەزەکـان بەریان بە هێشـووە گوللان داهـاتبوون.

هـەتـا گـولله بـەتۆو دەچێنرا بەشـــەتڵ دەڕوێنرا وەکـی گـــەنم و جـــۆ دەدووراپـەوە دووکـــانـدارەکـــان بە جـــۆرەهـا نـرخ دەیانـفـــرۆشـت. قـاچاغـچییـەکـان، قاچاغچییـەتیـان پێ دەکرد و هـەمـوو سـەربازەکـان لەدادگـاکان فـەرمانیـان پێ مۆر دەکرد هـەتا ڕۆژەکان تێپەڕین و گولله هـاتە تۆومـانەوە بەهـەزار منداڵ لەو تۆوانە لەدایک بوون پیـاو و چەک وا تێکەڵاوبوون تازە لێک هـەڵاوێرد ناکرێنەوە.

***

هـەر دەگەڵ سـەرکەوتنیـان چی باڵندە و باڵدار هـەبوون کۆچیان کرد؛ هـەر دەگەڵ فـڕینی باڵندەکان ژنەکانیش ڕوحیـان لەو نیشتمـانە فڕین و هێلانەکانیـان لەگەڵ خـۆ بردن. ژنەکـان بەخـۆ بە تـەواوی چۆلەکانەوە چۆلەکە پەرچەی لاوێنان چۆلەکەی پەرچەی برۆزە و لیڕەواران و کۆترە شینەکان کۆترە نەخشینە و بەڕەسیوو بە بارەکانییەوە کۆترە باریکە و

قومری و کۆکوختیەکان، هەموو کوندەکان کوندە شەخسە و کوندە زبر و کوندەگایە و ئامالّ بۆر و سپییەکان دەگەلّ پەپووسێمانکە و کەسەلّە شینکە و دارەسمەکان و لەگەلّ قەلەڕەشە و قاژو و قەلە بەلّەک و پەڕەسێلکە و ڕیشۆلّە و حاجی لەقلەقەکان بەیەک ڕۆژ فڕین. لەیەک ئێوارەی زەرددا پەڕەسێلکەی خیزەلان و ڕەوەزان و پاشەلّ سوورەکان کۆتری پەپوو خالّخالّ، ڕەشەکان شاوە و شالوور و چۆلەکەی بەفری و چۆلەکەی چۆماوان و چۆلەکەی داران و کێوەکان بەگەردەن و زەردە و پەرچەی زەیتوونان لە شەقەی بالّیان دا و نیشتیمانیان پڕ کرد لە فڕین هەورە پەپوولە تێکڕا ڕۆیشتن و نە بولبولێک ماوەتەوە، نە کەوبارەیەک وەبەرچاوان دەهات و نە کەوێک دەیخوێند و قاسپەی دەهات.

***

شەڕەکان هەتا پیرتر دەبوون، ترسناکتر و پیستر دەبوون. ژنەکانیش بەرە بەرە خووی چەکەکانیان دەگرت، سروشتیان دەبوو بە سروشتی چەک.

چەکەکان دەچوونە نێو دەست و باوەشی جۆرەها پیاو لەبۆ هەموو جۆرە جەنگێک دەچوون. تەنها لە شەڕەکاندا گەرم دادەهاتن ڕنێویان لەسەر بوو ژنەکان وەکی چەکەکان نرخیان لەسەر بوو دەگەلّ نرخی گران بوونیان ئەوانیش گران دەبوون. لە هەرزانییان هەرزان دەبوون. بازرگانییان وێکڕا پێ دەکرا پیاوان یەک جۆرە تامیان لێ دەکردن و بەهەوەسی خۆیان باڕووتیان تێ دەهاویشتن.

زۆربەی چەکەکان پیاوان بەناو خۆ ناوزەدیان کردبوون و ناوی خۆیان لەسەر هەلّکەندبوون؛ کلاشینکۆف ناوی ئەو پیاوەی

دروستکەریەتی، بەکاریۆف هەر ناوی ئەو پیاوەیە دروستکەری چەکێک نییە لەدونیا بەناوی ژن؛ چونکە یەکەم جار پیاو چەکی دروست کردووە، دۆزیویەتیەوە و بڵاوی کردۆتەوە چەندەهایان بوونەتە زانا لێی، بڕوانامەیان لەسەر وەرگرتووە.

ئافرەت نەکڕیاری چەکە و نە فرۆشیاری و نەبازرگانی. نە شەڕێکمان بەناوەوەیە نەزیندانێک نە چەکێک لە دونیادا.

شەڕ پشتی کۆم کردمەوە و پیاو سینگی داهێنام هەمیشە تاسەیەک دەیبردمەوە بۆ ئەو ڕۆژەی شەڕ تێمدا وشک دەبێ و پیاویش هەڵدەکەنرێ.

نە ناوی هیچیانم لەبیرماوە، نە خاوەنەکانیان، نە مێژووەکانیان؛ تەنها ئەوەندەی وەبیرم دێ هەریەک ڕەنگێکیان هەیە زۆر جاران کاڵ دەبنەوە و زۆر جاریش تۆخ. تەنها خەڵک بە ڕەنگی دی دەیان بینێ و شەڕەکان تەنها شەپۆلەکانیان جودان.

تینم تێدا نەمابوو هێندەی بەراوردی بەرەکانی شەڕ و بەرەکانی خۆم بکەم هێندەی ناوی خۆمی وێدەم و ناوی خۆی لەمن نێ. چاوەکانم بەرێ و چاوی لەلام بەجێبهێڵێ و نهێنی و سوزانییەکانی لەلام بەجێ بێڵێ و عەشق و فریشتەکانم بەرێ، گوڵ و موچوڕکەکانم وشک کا و خونچە و تەزووەکانم بمەیەنێ تنۆک تنۆک عارەقە و شیر دەسینگمدا ڕاسینێ لە بۆنی بەرۆک و تەڕی دڵۆپەکانمدا شەلاڵی کەم هەتا خەندەکانم بدزێ و قاقاکانم بفڕێنێ. مشتێ لە گەرمییەکانم هەڵدا و زمانی خۆیم بۆ بەجێ بهێڵێ هەتا نهۆ نازانم چ لە مندا هی شەڕە و چی وی لە مندا بەجێ ماوە.

تا دەهات چاوم پتـر پڕ دەبوون لە دونیـا و سـینگیـشم لە سـێـو. چەندەها پیاو تێمدا هاتن و چوون چەندەها شـەڕم تێدا هەڵایسـاون و بەنێو چەندین شەڕان کەوتووم. بەڵام چاوەکانم دەستیان نەدراوەتێ و کەسیـان نەچۆتە ناو. گەلێک دەمـان تێیـان ڕادەمێنم بەچاوی کۆترە شینکەیەک دەچن و پێڵووەکانم بەسـەختی دەبزێوم یان دەبنە چاوی کەوبارەیەک و بەر پێڵووەکانم سـوور هەڵدەگەڕێن. جـاری وەها هەیە وەشک دەکەوم کە چاوەکانی دونیان بۆ منی بەمیرات بەجێ هێشتوون ڕەشینەکانم وەکو گۆی زەوی هەڵدەسووڕێن.

چونکە دونیا نەمایشـێکە پیاوەکان دەری دەهێنن و ژنەکان نمایشـی دەکەن و شـەڕەکانیش دەست بە پیشتیەوە دەگرن بە پارەی شـەڕەکان بەرێوە دەچێ نەک هەر ئەو پێشینان دەیانگوت دونیا پڕوپاگەندەیەکە بۆ شـــەڕ و گـــەلێک بریقـــەدارە زۆر کـــەس دەیانـەوێ بیکڕن و هـەنە دەیانـەوێ بیــفـرۆشـن. دونیـــا کـــڕەکـــان زۆریان دەبنـە ســـەرکـــردە و دەسـەڵاتدار و هـەمـوو خـاک و نیـشـتیـمـان گـەلەکانیـان بەدوای خۆدا ڕادەکێشن. بەنێو کورەی چەندەها جەنگدا دەیانبەن تا قازانجێک لەبۆ دونیاکڕین وەدەست بێنن بەهەزارەها جحێل و قـارەمـانەکانی گیـانی خۆیان دەکەنە قوربانی چەندەها لافاوی خوێن لەبەر نەتەوەکان دەڕۆن تەنها لەبۆ ئەوەی مسـقاڵێک لەدونیا بکڕن. دونیا فرۆشـەکان هەر جارە و دونیـا دەخـــەنە مـــەزادێکەوە دونیـا بـۆ ئەوان چ ڕەنگ و بۆنـی پێـوە نەمـاوە هێندە ئەو دەست و ئەو دەسـتیـان پێ کـردووە، هێندە لەسـەر سـینگی خـۆیان گـێـڕاوە چ تامـێکیـان بۆ نادا دەزانـن بۆ کـڕینی چ خوێنێکیان ڕشتووە و بۆ قازانجیشی دەبێ چ خوێنێک بڕژێ.

دونیا فرۆشـەکان دونیایان پێ شووشـەیەکی خاڵییە لە شـەڕاب و چ

تام و چ تەزوو چ خـۆشـەویسـتی تیـادا نەمـاوە بـۆیان جـغـارەیەکە کـە کێشـاویانـە و دووکەڵەکەیان بەهەوادا داوە...

ئەوان وەخـتـێک دونیـایان لەســەر سنگ دادەنا بەهـەمـوو جـوانی و عەقڵ و ژنەکانییەوە شانازییان پێوە دەکردن بۆنیان پێوە دەکرد و تێر منداڵی و گـەنجـەتیـان لە باوەشـی گـرت و لە پیـریشـی بێـزاربوون و دونیـایان هاویشتـە مەزادەوە. "عـاشقەکانی دونیا زۆرن بـەڵام هیچیان پێی ناگەن هەتا لەبۆ جارێکیش بێت توند لە باوەشی ناگرن"

عـەشق لە پێک نەگـەیشـتن دروست دەبێ بۆیە دونیـا عـاشـقـەکـانی هێنـدە زۆرن نەکـەس وێڕا دەگـا هەمـووی ببـینێ نە کـەس وێڕا دەگـا هەموو تام کا و ببیستێ کە دەستی لێ بەردەبێ و بەجێی دەهێڵی.

دونیـا فـرۆشـەکان دەزانن شـەڕەکـان لەکوێ دەست پێـدەکەن، چۆن کۆتـاییـیـان دێ و چەند دەخـایـەنن؛ ئەمما دونیـا کـڕەکـان لەوەتی هەن قومار لەسەر کڕین و وەدەستهێنانی دەکەن .

***

تام دەدا دڵی نەنکم و لە بری دڵم لە ســـینگی خـــۆم دەهاویشت و پەنجا ساڵ تەمەنم وەسەر دەکەوت و وەبیرم دەهاتەوە لە بۆمبارانەکەی قـەڵادزێ دڵم لێ دەرپەڕی و بە کـوێری مـامـەوە. پرچە سـپـیـیـەکـانم دەکــردنەوە دووکــەزی و چـارۆکـەیـەکم لەنـێـو چـاوانم دەبەســتــەوە و کراسێکی ڕەشم بەسـەر خۆ هـەڵدەکێشـایەوە. ئەو کراسـە ڕەشانەی ڕۆژێک دام نـەکـەندبوون لەو ڕۆژەی بـابم لە مــەهابـادی شـەهـیـد بوو، برایەکم لـە دۆڵی خـەلەکـانی و باپیـرم لە دەربەندی بازیان. لەخـۆم ورد دەبوومـەوە نەمدەزانی بەنێو عومر کـەوتووم، یا عومر بەنێوم کـەوتووە.

بەگومان بووم لەوەی دەبێ بۆ زگ کردنێ چم بە بەرەوە مابێ؛ چونکە حەزم دەکرد سوپایەک کورم هەبان، هەتا بووبانە جەنگاوەری گەورە گەورە سەرلەشکری جوامێر و سەرکردەیی هەموو جەنگەکانی دونیام پێ کردبان. تەماحم بوو پۆلێک ئیماندار و مەلا و خەتیب و زانام لێ کەوتبانەوە و دونیایان لە دین هەڵکێشابا. هەر من نا هەموو ژنان حەزیان دەکرد یا ژن یا دایک یا خوشکی هەر سەرسوپا و سەر نوێژێکی گەورەبن لەدونیادا هەمیشە هەر خەونمان بەوەوە دەدی بەناوی ئەوانەوە ناوی ئێمەش بچێتە ناو غەزوو و شەڕگەکان، دیوانە ئاینی و مزگەوتەکان. کەیفمان بەوەی دەهات و دە هەموو عومرماندا ئەوەندەمان دەزانی کە هەین کە دەگەڵ شەڕگە و مزگەوت جووت کرابان و ناومان هاتبا.

لەپاش براکوژییەکەی هەکاری هەوەڵ جار بوو دەگەڕامەوە شاری لە تاوان هەر لەدەری شاری لە ماشینەکەی دەهاتمە خوارێ دەستم توند لە قەدی درەختەکان دەخشاند. لاخەکانیانم بەنەرمی ڕادەوەشاندن و سەرم بۆ هەڵدەینان، بەرەو ژوور دەبووم هەرتک لاقم دەچۆمیدا قوم دەکردن. دەستەکانم لە ڕووی چۆمی دەخشاندن پڕ بە لەپەکانم ئاوەکەم ماچ دەکرد.

هەورازتر دەچووم باوەشم لەبۆ تاشەبەرد و گرۆدلکە و سنەوبەرەکان تەواو ئاوەڵا دەکرد. لێوەکانم تەڕ دەکردن دەستم بۆ هەموو پەڕەسێلکەکان ڕادەوەشاندن. پڕ بە سیيەکانم هەناسەم بۆ چۆلەکەکان دەردەهاویشت تێر نەدەبووم هێندەی چاو لە ڕیزەچیایەکان ببڕم و لە هەورەکانی سەری ڕامێنم نەمدەزانی کوو ڕەز و باخەکانی لە سینگمدا هەڵگوشم و بۆنیان کەم.

لەپڕ چاوم لە هەوەڵ ژن هەڵەنگوت و سارد بوومەوە دەمزانی ژنەکانی شارەکەی منیش دڵیان لەبەر ڕۆییوە. ژنە دڵ لەبەر ڕۆییوەکان یەک یەک دەهاتنە سەر ڕێم و خۆیان پێ دەناساندمەوە و بەخێرهاتنەوەیان دەکردم.

دڵم وەکی هێشووە ترێیەکی پاش باڕێزانێ وشک بۆوە و کرسپە کرسپی دەهات. دەمەویست بزانم شار چۆن هەموو ژنەکانی وێکڕا دڵیان لەبەر ڕۆییوە، لە چ زەمان و ڕۆژێکدا و دڵەکانیان چی لێ بەسەر هاتووە و چۆن کۆیان کردوونەتەوە.

کە باوەشم لە هەر یەکێک وەردەینا دەمزانی لەشێکی چەندە خاڵییە و ئەندامەکانی وەک پووش و پەڵاش کەوتوونەتە سەر یەکتری و بە جێ ماون و دەعبا چۆن تیایاندا دێن و دەچن و «با»ش جار جار دەیان بزێوێ.

ژنەکان بۆن باڕووتیان لێ دەهات و ڕەنگیان دووکەڵی بوو هەر منداڵێکی ببوویان شێوە و ئەدگاری چووبۆوە سەر گوللە تۆپ و هاوەن و تەقەمەنییان، کە گەورەتر ببوون تەواو شێوەیان بە کلاشینکۆف و بیکەیسی و ئارپێچی و دەتگوت ژنەکان تەنها لەگەڵ ئەو چەکانە خەوتوون و منداڵیان لێ بە زگی کەوتوون.

گریانەکانیان بە ویزەی گوللە و هاڕەی تفەنگان دەچوو. پێکەنینەکانیان بە شراخەی میل ڕاکێشان و زامنی ئەوان چەکان دەچوو هەرلەو سالانەدا بە هەزاران کچۆڵەی لەمین چوو کوڕیژگەی لە قەناسە و کلاشنکۆف چوو بەشاری وەرببوون و ببوونە نەوە لە شاریدا دەهاتن و دەچوون و دەگەڵ یەکتری زەماوەندیان کردبوو.

تاوێک بوو گەیشتبوومەوە شاری کە پوورە حەبێ پێی گوتم تاکە دراو لێرە بڕوا و بەکاربێ تەنها گوللەیە. بەگوللە ئازووقە دەکڕین بەگوللان ترومبێلی بەکرێ دەگرین، دەخیلەکانی شار پڕن لە گوللە سەرمایەدارەکانی گوللە دونیایان خڕ کردۆتەوە. بانکەکان گوللە دەگۆڕنەوە، مووچە هەر بەگوللە دەدرێ.

عارەبانچی و دەسگێڕەکان بەبەردەممدا ڕەت دەبوون هاوایان دەکرد پاکەت بە ئەوەندە گوللان، ترێ بە ئەوەندە گوللان، بۆیاغ بەوەندە گوللان، قەسابەکان گۆشتیان هەراج کردبوو بەکەمترین گوللە، ڕاوچییەکان کەو و پۆڕی بەساچمان تەنراویان ڕادەوشاندن بە ئەوەندە گوللان، لوولە گوڵەبەڕۆژە، سەوزە و تەڕە توور و کوزەلە و قەزوان سەرم گێژ دەبوو لەو ژاوە ژاوەی ناو بازاڕێ و بەرەو سەر ڕێم دەکرد تا سەرێک لە پوورە مێرێ و لە ژوورێ نێم و تاوێک لەلای پوورە خەجێ دانیشم و جغارەیەک لەکن خوشکە بەسێ بکێشم و هەندەک خەمی بێوەژن بوونێیان لۆ هەڵڕێژم.

لەلای بێوەژنەکان مێرد بەمانای دونیا دەهات. لەپاش مێرد مردنێ ڕوویان لەدونیا وەردەگێڕا سەرتاپای جلکیان ڕەش دەپۆشین و نە خەنەیان لە سەر و پرچێ دەگرت و نە چاویان دەڕشتن، نە پرچیان دەبڕی و نە دەموچاویان هەڵدەگرتن، نە دەچوونە زەماوەند و خۆشییان نە لەگەڵ پیاوی نامەحرەم دەئاخافتن هەموو عەشقی ناو دڵیان یا دەدایە باخچە و گوڵان و یا مریشک و پەلەوەران یا نەوەو دروومانان. نازانم دونیایان لەپیاوێکدا دەدی یا تەنها پیاوەکانیان لەدونیادا دەدی. بەدەگمەن نەبێ مێردی دووهەمیان نەدەکردەوە جوانی و مێرد و کوڕەکانی خۆیان دەدایە خاک و نیشتیمان و عەشیرەت و دونیاش

تۆزی خـۆی لەسـەر دەخـسـتن کـە لە پایزەکـانیـان ڕادەمـایـی دەتزانـی بوونەتە چ تابووتێک تەنها وێنە و ناو و بۆنی پیاوەکانیان تێدا بەجێ ماوە. بێوەژن دەبوو ببێتە تابووت ئەو تابووتە کە هی شەهیدێک بوایە دروشمێک یا دەمانچەیەک و چەند فیشەکێکی تێدا بەجێ مابوو کە هی جووتیار یا سەپانێک با پاچ و پێمەڕە و چەند شەتڵە گوڵێک کە هی مەلا و فەقێیان با چەند مەندیل و جزوو نوشتە و کتێبی دینی ئەگەر هی ئاغا و شێخێک بایە، جووت کەڵاش و شمشێر و خەنجەرێکی تێدا بەجێ دەما.

دەگەڵ گۆڕانی دونیا تابووتەکان دەگۆڕان؛ هەیانبوو شلکە چنارێکی تەڕتەڕ بوو یا دار حەیزەرانێکی پتەو و هەندێکیشیان دەگەچڵان تابووت هەبوو هەر دەستی لێ نەدرابوو، یا دووسێ ئێسقان و کەللە سەرێک و یا تابووتی وابوو چەند پرتۆڵە جلکەکی عەزیزانی ئەنفالی تێدا بەجێ مابوو تابووتی وابوو بزمارڕێژ کرابوو یا بەقفڵی گەورە گەورە قفڵ درابوو. پیریش زۆیلی لێ هەڵدەدان و یا بەسەرو لەچکی سپییەوە تا مردن لەسەر بەرماڵەکانیان دادەنیشتن.

***

بە پەرتاو بەرەو ماڵێ ڕێم دەکوتا دەمویست تا زووە بگەمەوە ماڵێ و بزانم لەپاش من ماڵ چی لێ هاتووە. کارم زۆر بوون "هەموومان کە دەمرین کارمان زۆر ماون و بەنیوەچڵی ژیان بەجێ دێڵین". دەمویست هەر کە گەیشتمەوە، فەردێک ئارد لە ئاوی بکەم و بیشێلم و تەندوورەکەم داخەم و دەستەواریەک نان و کولێرە زەردان دروست بکەم. حەوزەکەی حەوشەی پڕ بکەمەوە و لە ئاو و گڵی ناو ئینجانەکان هەڵدەمەوە و دانێ بۆ مریشکەکان ڕۆبکەم و ئاوی نوێیان بۆ دانێم و

خـێـرا بژارێکی ناو ڕیحـانـه و گوڵەکانم بکەم هلیـانێ تێـر بە سـنگی خـۆمـەوە بـگووشم و بینێـرم لە دوای دایکی و دڵهـەنـار و بەخـۆ و بە ئاهۆی بگەنە جێ و ڕۆنی دڵانی بە بەر باوەشـیوە وەژوورەکەوێ و خزم و کەسی دەبەروپشتـان بۆ نیوەڕۆیە لە کنم نانێ بخۆن و تێکڕا نوێژی بە جـەمـاعەت بـکەین، لای عەسرێ بچمـە دوو سێ تازیان و شـەوان بە شەو نوێژان ڕۆژکەمەوە و هەموو نوێژەکانم بگێڕمەوە.

دەستـە خوشکەکانم هەموو بەمن دەچن بەتەنـها ناوەکانمان لێکمان جودا دەکەنەوە هەموو ئەدگاریان دڵیان بۆنیان ڕابردوویان داهاتوویان بێوەژنەکان هەمـوو یەک سـەرگوزەشـتـەیان هەیە بە یەک ڕێگادا دەڕۆن و لەبن یەک درەخت لادەدەن بۆ حـەسانەوە و یەک خـەون دەبینن و ناوی گوڵەکان لێک ناکەنەوە گوێ لە مـۆسـیقـا ناگرن و هیچ جـۆرە وێنەیەک ناگرن، وێنەیەک ناکێشن کتێبێک نا خـوێننەوە کتێبێک نانووسن و شیـعرێک بە پیـاوێکدا هەڵنادەن و دوورترین ڕێگایان سـەرقـەبرانە لە شیوەن و تازیان نەبێ دەستە خوشکەکانیان نابینن...

خێرا چەند فـەردە چەڵتووکم دەناردنە ئاشی تا لێیـان کـەن و چەند مـەنجەڵە ئاوم وەسـەر دەنان تا سـاوەری بکوڵێنم، فـەرش و قـاڵییەکانم دەتەکـاندن سندووق و باولیـەکـانم دەردەدان و تۆزی سـەری وێنە و ئایەتەلکورسییـەکانم دەتەکـاندن و هـەمـوو نوێنەکانم بـە بەر هـەتاوێدا هـەڵدەخـسـتن بەرگم لێ دەگـۆڕین بـەتۆپ قـومـاش و کـەتانم دەهێنان دەبەرگم ڕۆدەکـردن هەمـوو شـووشـەوات و بلووری و گـوڵدانەکـانم دەسڕین و مـەنجـەڵ و تەشتـەکانم بە تەل سپی سپی دەکردنەوە چەند مەولودم لە ماڵێدا دەخوێندن و دەچوومە سەر هەموو چاک و مەزاران.

هەموو منداڵەکانم دادەمەزراندن دەچوومـە سـەر شایی هەموو نەوە و

نەتیـــجـــەکـــانم بۆ شـین و پرســـەی هەمـــووان دەمـــلاواندەوە و پێم هەڵادەگوتن هەر زەڕەیەک لە ژیان وەڕەس نەدەبووم...

دڵم خـۆشـتـر لێی دەدا لە جـاران بـەگوڕتر، ئێـواران هەمـوو چرا و فـتیلەکانم پێ دەکردن و فـانووسم بە درەخـتی حـەوشـێوە هەڵدەواسین هەمـوو قاز و مـریشـک و کۆترەکانم دادەکردن و بۆنی خۆمم لەمـاڵێ دا دەڕشاند و ماڵ بۆنی منی دەگرتەوە...

***

تازە گـەڕابوومـەوە، بەیانیـیـەک پێش ئەوەی لـە خـەوێ وەخـەبـەربێم وەدرەوشـانەوە دەکەوتم و کـەزییـەکـانم لەخـەنەیدا سـۆر سـۆر دەبوون و دەبوومـە زەرێی کـچم. چەندە بە ڕەزێک دەچووم تازە سـەر تولی دابی. لـەپڕ لـە دەنگی زیل و دەبـابە و تـاق و ترۆقی ڕادەچـەنیـم پاش تـاوێکی بەخـۆ و هـەمـوو منداڵان لـە پشـتی زیلێکدا نەمـاندەزانی بۆ کـوێیـان دەبردین دەگـەڵ سـەدان ژنە بارزانی تر بـەڕیزان دەکەوتین لەو بیـابانە زەردەیدا .

دەگـەڵ بـابی منداڵان لێکیـان هەڵداوێردین چاویـان دەبەسـتین. لە تاوان دەسـتم بۆ منداڵـەکـانم دەکـوتا چاو بۆ عـەزیزان و ئارەقـە و فـرمـێـسکم تێکەڵ دەبوون وەســەر خـوێن دەگـەڕام لـە پشـتـە ملم دەنووسـان و بـەخـۆ بە هیلیـانێ هەڵیـان دەبواردم. هـەر وەمـدەزانی خـەونە دەگـەڵ چەندین ژن و کیـژی تـازە پێڕاگەیشـتـووی دیدا دامـە و شـەترەنجـیـان لـەسـەر پشـتێ دەکـردین. داشـەکـانی دامـەیان لەسـەر کەمـەرێ هەڵداویشتن و ژنەکان وەک کەو و سـوێسکە لـەبن دەسـتیـان دەردەپەڕین دەچوونە بن مێز و خۆیان بە دار و دیوارەکاندا دەدا وەکو ماین هەوساریان نەدەگیرا .

ساواو کۆرپەلەی بەرمەمکان یەک لەدوای یەک دەمردن و لەتێنوان و لە برسان وشک هەڵدەهاتن و هەر ژنە و لە تەنیشتە و خۆی دەیشاردنەوە و لەو لـمەیدا قەبری بۆ دروست دەکردن.

***

لە نەنکم ڕا داکم دیاربوو چەند جوان دانیشبوو؛ باسکی وەبەر چەناگەی دابوو بیری لەمن دەکردەوە لە دایکیشم ڕا خۆمم دەدی تازە سەرم نەرمە مووی لێ دەردەهاتن و چەند ڕۆژێک بوو مێشکم وەکو ناوکە گوێزێک کامڵ ببوو توند توند خڕببۆوە ئەتۆشم دەدی ئەو دەمی لە مێشکمدا چۆن ڕاوەستابووی ئێمە بە گوڵێک دەچووین تا پەلکت لێ هەڵدابایەوە پەلکی نوێتر و تەڕترن لە ناو یەکتردا قۆزاخە پێ کردبوو.

دەمزانی چۆن داکم لە زگی نەنکمدایە و خۆی سەراوبن دەکا منیش لە ناو منداڵدانی دایکمدا چۆن دانیشتووم و چاوەکانم پڕن لەتۆ، لەبۆیە هەر کە نەنکم دڵی پڕ بوو یەکسەر دایکم دەگریا و ئەمنیش گڕوم دەگرت و بەهیچ ژیر نەدەبوومەوە. «ژنان کە دڵێک دەرداوێن خاڵی نابن کەیەکی دی لە جێی ڕوودەنێنەوە» زۆر ژنان دەبینم چەند فرمێسکان دەردەدەن هێندەش دڵ. هەر لە نەنکم ڕا دونیای خۆمم دەدی چۆن دەسپێدەکا و چۆنیش کۆتایی دێت.

هەر لە ناو نەنکمدا هەستم بە گەرمایی دڵی داکم دەکرد، چۆن پڕ بوو لە بابم و خۆش خۆش بۆی لێدەدا و ئەو دەمەی کە بابم لە شەڕی پشتاشانێ کوژرا ئەو براکوژی پشتاشانێ هەموو دەمێ لە چاوی داکم ڕا دیاربوو هەر لە چاویدا ڕەوەز و لووتکەکانی ڕەزگە و هەورێ و سامرەندم دەدین چۆن بەفر سەری گرتبوون؛ چۆن چەکدارەکان لە بناری ڕەزگەی ڕا هێرشیان کرد بۆ سەر پشتاشانی و ئابلوقەیان

دابوو. چەکدارەکان بۆ شەڕی پشتاشانی چاوەکانیشیان پڕ کردبوون لە فیشەک و چاویان داهاتبوون لەبەر فیشەکان و دڵیان پڕ کردبوو لە درەخت و دار و کۆتر و کەوی دەکوردستانێ و سێرەیان لە چەکدارەکانی بەرامبەریان دەگرت تێکڕا درەخت و کۆتر و چیایی نێو دڵیان دەخوێنێ دەگەوزاندن و بەگۆڕێیان وەردەکردن. دڵەکانی دەدیان یەک لەدوای یەک پەتک تێ دەخست و بەدیلی بەو لێڕەوارانەدا ڕایاندەکێشان و لە زیندانەکانی وەرتێدا حەپسیان دەکردن. دەگەڵ داباریني ئەڤ هەموو پێشمەرگانە لەپشت درەخت و لەبن تاشە بەردەکان هێرشە گەرمەکان تەرمی پێشمەرگەکان لەسەر لاڕێ و لە ناو سەنگەرەکاندا بەجێ دەمان و تەمیان لەسەر دەنیشت. هەر بە مەخزەن و تاقمە و تفەنگەکانیانەوە لە چاڵاندا گلیان وەسەر دەکردن، گوندەکانی سلێ و بۆلێ ئاشقولکە و ماخۆبزنان هەموو ببوونە سەنگەر و کەمین هەندەک گوندی دی ئەڤ بنارەش چەند کەڕەت سووتێنران و چۆڵ کران.

چەند کەڕەت بابم دەدی چۆن بەدیلی گرتبوویان و پاشان چۆن گولله بارانیان کرد و تەرمەکەیان بەچۆمی دادا و هاوڕێیەکانیان بەپێش خۆدان بە گوندەکاندا دەڕۆیشتن و لە وەرتێ زیندانیان کردن و ئەوانی دیش بەناو چیاکاندا پەرش بوون و تەوەلا بوون و تەرمی پێشمەرگەکان بەسەر ڕوودا و لەسەر گازەرای پشتی و وەکی گەڵای داران داباری بوون و چاوەکانیان هەر بە هەڵێندراوی ڕاگرتبوون و بۆ دوا نیگای خۆشەویستانیان و مێش و مەگەز لەکونە کەپوو و لێوەکانیان ئاڵابوون تژییان کردبوون لەگیزە گیز.

پیشمەرگەکان دەستەکانیان ئاوەڵا کردبوون و پڕی پەنجەکانیان

ژیان بوون. کوردستان کەسک کەسک بە ڕوومەتەکانیانەوە دیاربوو و هەر یەکەو بە کوردستانی خۆوە وشک هەڵاتبوو حەپەسابوو لەو مەرگە کتوپڕەی وەکی تەرزە بەسەریاندا دابارییوو. هەندێکیان لەسەر کڵاشنیکۆفەکانیان نەخشەی کوردستانیان کێشابوو، هەندەکی دییان لەسەر کڵاوەکانی سەریان ناوی کوردستانیان نووسیبوو. لەپاش هێرشەکەش ئەوەندەیان فیشەک پێبوون بەکێشکە و کۆتر تەوارەکانی ئەو بەندەنانەشیانەوە دەنان هەر خاڵی نەدەبوونەوە لە فیشەک.

ئاسمان ئەو ئێوارەیەی وەکی ژنێکی پشتاشانی تەڕبوو. تەرمەکان کلوکلو بەفری شەویان لەسەر دەباری و دیلەکانیش بەنێو بەفرێدا پێیەکانیان لە بەفرێ دەچەقاندن و خەڵکی گوندەکان لەسەربانان تێیان ڕامابوون و هەندەک پێیان پێ دەکەنین هەندەک لۆیان دەگریان تا لەچاوان بزر دەبوون.

زۆر لەوانەی دەبنە دیل وەسەر پردی ژیان دەکەونەوە وا دەزانن دووبارە لێی دەپەڕنەوە پارچە پەڕۆیەکی سپی هەڵدەدەن و خۆیان لە شەڕدا دادەشۆڕێنن و پەشیمانی خۆیان لەشەڕ کردن دەردەبڕن. شەڕکەرەکان لە بێ دەسەڵاتی تێکشکانیان بڕیاری ژیانەوە دەدەن و هەندەکی دییان ڕاست بڕیاری مردن دەدەن و چۆک بۆ ژیان دانادەن و ژیانیان بە لاوازی ناوێت و چۆک دانادەن بۆ ژیان. دیل بوون هەموو شتێکت لێ دادەبڕێ هەموو جوانییەکت لێ دادەشۆڕێنێ و ترسنۆکانە ژیان قبوڵ دەکەی.

دیلەکانی شەڕ چەندە بە پەشیمانییەوە هەرتک دە دەستیان بڵند دەکەن و بە پەنجەکانیان بانگی ژیان دەکەن و لە دەریای شەڕدا داوای قوتار بوون دەکەن؛ دەیانەوێ تێیدا نەخنکێن. مەرگیش شەپۆلی خۆی

بەسەریاندا نادا و لێیان دەکشێتەوە و هەڵیان دەداتە تەنکاوەکانی.

هەندێکیان لەبێ چەکیان هەندەکیان لەبرین شڕی و قورسیان یا لە سەنگەردا و یا لە گەمارۆیەکی چڕدا یا لەڕێ بزریان لە نەخافڵیان دەبنە دیل و تا دەشمرن دەستیان بڵند ناکەن و چاو لەبەر خۆ نانێن هەندەکی دییان لە بۆ خۆیان چەکەکانیان فڕێ دەدەن و دەستیان بڵند ڕادەگرن.

دیلەکان چاویان دەبەستران و دونیایان لێ دە شاردرایەوە، هەندەکیان بۆ خۆیان چاویان دادەخستن و بڵند نەدەکردن و هەرتک دەستیان لە پشتەوە ڕا توند دەبەستن تاکە چاوەڕوانییان لەژیان کردنەوەی دەست و چاویان بوون دیلەکان مابەینی ئازادی و دیلیەتییان هەست پێ دەکرد زۆریان دەیانزانی لەپێش دیلیەتییان هەر دیل بوون لەژیاندا بەڵام بەبێ ئەو ناوە و دوور لەو شوێنە.

زۆر کەسی تریش سنوورێک نییە لە ژیاندا نێوانی دیلەتی و ئازادی پێ بکەن و هەردووکیان تیکەڵ کردوون بێ ئەوەی پێی بزانن بە دیلەتی دەمرن و لەژیان دەست بەردەدەن.

دیل تەنها وەکو دیلی شەڕ دەناسرێ و ڕووەکانی تری و ناوەکانی تری ڕووپۆش کراوە. دیلەکانی شەڕ هەموو یەک ڕەنگ و ڕوخسار دەگرن و یەک هەڵسوکەوت دەکەن و بەیەک زمان قسە دەکەن؛ لێک جودا کردنەوەیان زۆر سەختە. تەنها دیلەکانی شەڕی براکوژی نەبێ کە زوو وەڵامیان دەدەنەوە و بەگوللەیەکی گەرم پێشوازییان لێ دەکەن.

نە چاو و نەدەستەکانیان ئازاد دەکەن ناهێڵن نە مردن ببینن نە

دەسـتـیـان هەڵـیـن و دوامـاڵئـاوایی لە ژیان بکەن. لەبیـرمـە لـە بناری قەندیلێ و لەپشـتی شیلادزێ بە پۆل ئەڤ کەڤیە کیژانەی پێیان دەوتن گەریلا چۆن بەدیلی لەپشـتـە ترومـبێـلانیـان دەخـسـتن و چاوەکـانـیـان هەڵدەکۆڵین و سەگیان تێ بەردەدان.

چەند جـار هـاوارکـەن، بەئەوەندەی گـولـلـەی تر وەڵامـیـان دەدەنەوە. لەگەڵ گولله لێیان وەژوور دەکەوێ ئەوەندە بەتوندی ڕادەچەنن هەمـوو جـەسـتـەیـان دەحـەپـەسێ و سـڕ دەبێ نەپێـڕا دەگـەن گـوللەکـە ببین و بناسن کە ئەو بە گەرمی خۆی جەسـتـەیان سـارد دەکاتەوە. خـوێنیـان سارد سـارد دەمەیەنێ دیلەکان هەرگیز لە چاوەڕێی ئەو گوللەیە دانین و ئامـادەنین بۆ پێـشـوازی لێ کـردنی کـە گـولله کت و پڕ خـۆی دەکـا بەگیـانیـاندا و پێش هەر شـتێک چاوەکانیـان لە بینایی زمـانیـان لەگۆ دەخا.

دیلەکـان ئامـێزیان ئـاوەڵا کردووە و کـە هـەر ئـێسـتـا نـا تاوێکی دی، خـۆشـەویسـتێکیـان دێ و ئامێزیان تێ وەردێنێ نەوەک بۆ ئەو گوللەیە. بۆیە لەگەڵ یەکەم بەرکەوتنی وادەزانن عـەزیزێکە و گـەرمی داهێنان و خـوێنی بەو تەوژمـە بەگـوڕ خـسـتن و دڵی بەو خـێـراییـە بە کـوتـە کـوت خـسـتن، هـێندەی دی بـاوەش ئـاوەڵا دەکـەن و سـینـگـیـان بەرینـتـر وا دەزانن جـووتە لـێوی خـۆشـەویسـتـەکـەیانە بەو گـەرمـیـیـەوە هەمـوو جـەسـتـەیان گـەرم دادێنی و لێکرا ئەو هـەمـوو شـەپۆڵ و تـەزووانە بۆ دڵیان دێنێ و بۆیە ئارام ئارام بەبێ جووڵە خۆیانی بۆ وەردەخەن.

ئاوەڵا ئاوەڵا دەمـارەکانی بۆ خـاو خـاو دەکەنەوە و چرپە لەخـۆ دەبڕن و ئـەمما کـــاتێک ئـاوڕ لـەخـــۆ دەدەنەوە دەبـیـن کـــە چـاوە هـەرتکی دەرپەڕاندوون و دڵە لە ڕەگ و ڕیشـەڕا هـەڵی قـەندووە و، سـیـپـەلاکن پڕ

پڕ له هەناسه و ئاخ و خۆزگه وشکی داگەڕاندوون خوێنه له سووری خستووه؛ بۆته لەتک لەتک و دەمار خاڵی خاڵی دەڵێی قەت هیچیان پێدا نەڕۆیشتووه. بۆیه دەیەوێ تفێک لەو گوللەیه بکا؛ کەچی که دەیبینێ پێش هەموو تشتەک زمانی پارچه پارچه کردووه.

***

دڵم هەندەی هەنارێک یا سێوێک دەبێ نازانم دونیا بەو گەورەیەی خۆی چۆن لەناویدا جێی بۆتەوه و ئەو هەموو شەڕانه چۆن هەپڕوون به هەپڕوونیان نەکردووه.

هەر دڵێک کێشی لەوانەیه چارەکه کیلۆیەک بێ قەبارەی هەنکی هەنارێکه هەر دڵەی کلیلێکی هەیه و به سیحرێک دەکرێتەوه به گەورەترین هێز لەدونیا دڵ داگیر ناکرێ و دەرکەکانی ناشکێنرێن. هیچ کەسێک ناتوانێ به زۆر دڵێک ماچ بکا و دڵی خۆی له ناو خا. مرۆڤ هەنه چەند ڕووبەری بەرین له دونیادا داگیردەکەن و وەبەر خۆ هەڵدەبڕن، بەڵام توانای چوونه ناو دڵێکیان نییه. هەموو شتەکان دەبنه میرات و بۆ یەکدی بەجێ دەهێڵرێن بەتەنها دڵ نەبێ.

هەموو دڵێک یەک جوغرافیای هەیه و له سەر یەک شێوه و نەخشه دروست بووه لەدەرەوەی ڕووی هەر یەک ڕووه بەهەموو دڵێک هێندەی یەک دەمار و بۆڕی و بۆڕیچکه و زمانه و مەلولەی دەزوولەیی تێدان هەموو دڵێک تەنها یەک خوێنبەر و یەک خوێنهێنەری له ناو دایه یەک شێوه ترومپای تێدا کاردەکا و دەجوولێ و له یەک چرکەدا حەفتا جار خۆی هەڵداوێ و کوته کوت دەکا و تەنها یەک کەڕەتیش ڕادەوەستێ. هەموو کەسێک یەک دڵی هەیه. گەورەترین سەرمایەدار و داگیرکەر ناتوانێ دڵێکی تر بۆخۆی وەدەست بێنێ. چی هەبێ لەو دونیایەدا هەر

هێندەی دڵی دەبێ دڵی لە قەبارەی خۆی پتر نابا .

هەموو دڵێک لەلای چەپی سینگدایە و شێوەی هەرمی دەدا لە ڕووی دەری هیچ جیاوازییەک نییە لەنێوان هیچ دڵێک لەدنیادا ئەمما ناوی هیچ دڵێک لە ناوی دڵەکەی تر ناچێت لە دونیادا . لە دەری هیچیان دەمارێکیان لەیەکدی زیاتر و کەمتر نییە لەناویشیاندا بەهەزاران جیاوازییان لەمابەینە .

لە ناویاندا نە گۆشەیەک نە سووچێکی دیاریکراو هەیە بۆ خۆشەویستی و ڕق و کینە و شەڕانگێزی و عەشق، نە تێکەڵی یەکتر دەبن لەناویدا . هەر دڵێک هێندەی خۆی پەل داوێ و هاتوچۆ دەکا .

دڵ یەکەم جار لەگەڵ خولقاندا دروست دەبێت وردە وردە گەورە دەبێت لەپاش لەدایکبوون و تەمەن قەبارەی دەگۆڕێ و زیاد دەکا .

هەموو مرۆڤێک کە لەدایک دەبێ، دڵی خاڵی خاڵیە لەزەمان دڵێکی خاو و چۆڵ. نە هیچ خۆشەویستی چۆتە ناو نە عیشق و نە ترس و نە گومان بۆنی لە بۆنی خونچەیەک دەچێ لەبەر پشکووتن.

دڵ بەمنداڵی هەموو دەرگا و پەنجەرەکانی ئاوەڵەن؛ هیچ لەمپەرێکی تێدا نییە. ڕێ لە هیچ شتێک ناگرێ نە بۆ چوونە ناو نە بۆ هاتنە دەرەوەی. دڵ بەمنداڵی پڕ پڕە لە کۆتر و لە پەپوولە و لە منداڵ و لە ئاو و لە گوڵ لە بەفر و تیشکی خۆر و گەرم پڕشنگ دەداتەوە. خوێنی ناوی ڕوون و گەرم و دێ و دەڕوا ڕۆژێ بەهەزاران گوڵ و ماچ و خەندە و هیوا لەگەڵ خوێن دێن و دەچن دەڵێی هێلانەیەکە لێوان لێوە لە هێلکە و لە قووڵایی خۆیدا باوەشیان لێ دەدا، چەند بە لیمۆیەک دەچێ کە هێشتا نەگەییوە و هەر بە کەسکی بۆنی مەستت دەکا لە دووری

دوورڕا پەلکێشی لای خۆیت دەکا. بە دەریایەک دەچێ شەپۆلەکانی نوێ نوێن و هیچ شتێکیان وێ نەکەوتووە بەڕەنگ و بۆنی تازەیان دێن و دەچن.

دڵ بە منداڵی یەکەم وێنەی دەڕژێتە ناوی وێنەی دایکە دەگەڵ تەوژمێک خوێن دێ و دەڕژێ و پێیدا وەردەبێ بە دیوارەکانییەوە دەنووسێ و بۆ هەتا هەتایە دەمێنێتەوە، تەوژمی پاشتر وێنەی باوک و سروشت و خۆشەویستانە وێکڕا دێن و دەپڕژێن پێیدا، هەوەڵ دەنگێ لێی وەژوور دەکەوێ دەنگی دایکە کە گەردەکانی لە ناو دڵۆپە خوێنەکانی ڕا پێیدا بڵاودەبنەوە و ئاوەدانی دەکەن ماسوولکەکانی دەکەنەوە...

دڵ و شار چەندە وێک دەچن هەریەکیان وەختێک قەرەباڵغ دەبن هەموو سیما و جوانی و ڕووبەرەکانیان دەشێوێ و هەتا گەورەتر دەبن پڕ ژاوەژاو میوان و ڕێبوار و پڕ کون و کەلەبەرتر دەبن و ڕێگا و نەخشەی نوێیان دێنەوە سەر و نەخشەکانیان جەنجاڵتر دەبن.

کانی و دڵ چەند وێک دەچن لەپێش ئەوەی کەس بەتەنیشتیاندا تێپەڕی و دەستیان تێ بخا چەند ڕوون و هێور و سافن هەموو وێنەیەکیان تێرا دیارە و هەر دڵۆپەیەکیان پڕە لە نیگای سەدان درەخت و منداڵ و کۆتر و ئاسمان. بۆنی نوێیەتییان لە دوورڕا دێ و ڕێچکە دەبەستێ هەتا بەسەدان تاڤگە و لقیان لێ دەبنەوە و دەچنەوە پاڵ سەدان ڕووبار و دەریا و ئۆقیانووس.

دڵ بەمنداڵی بەدڵی کۆترە شینکان دەچێ دونیا وەکو کۆتران خۆی داوێتە ناو و هەر کۆترانەش هێلێنی تێدا چێ دەکا هەموو شتێک تێیدا گچکەیە و هەموو خۆشییەک گەورە، دونیا لەوێدا منداڵ و

بەکەیفی خۆی ڕەنگی دەکا. هەر دەڵێی ڕەنگدانێکە هیچ لە ڕەنگەکانی دەکار نەخستوون لە هیچ جێگایەک و کەسێکی هەڵنەسوون و نە شەڕیان گەیشتۆتێ و نە زەمان بیانڕێژێ و تێکەڵیان بکا.

دڵ پەڕەندەیەکە بەنێو هەموو ناخۆشی و خۆشی و شکست و سەرکەوتنەکانی تەمەندا دەفڕێ و کەس نازانێ لەکوێ و چۆن و کەی و لە چ سووچ و دەڤەرێک دەنیشتەوە و ڕادەوەستێ.

دڵ وەختێک وە شەپۆل دەکەوێ شەپۆلەکانی پڕن لە ژیان و ژیان دێنن و دەبەن. شەپۆلە خوێنیەکانی گەورەترین خۆشەویستی لەسەر ڕووی دونیا دروست دەکەن و دەشتوانن گەورەترین شەڕ و ماڵوێرانی دروست کەن و بنێنەوە. دڵ بە شەمەندەفەرێک دەچێ پڕ لە سەرنشین و موسافیر بەبێ ئەوەی هیچیان بگەیەنێتە جێی خۆی و هیوای خۆی لە یەک لە ڕێگایەکان ڕادەوەستێ و سەرنشین و موسافیرەکانی ناویشی بە وێڵی بەجێ دەهێڵێ.

دڵ زمانێکی هەیە هەر دڵ لێی حاڵی دەبێ و گوێی لێ دەبێ. گەورەترین دەسەڵات بەخۆیەتی بەکەیفی خۆی دڵێک بانگ دەکا و بەبێ هیچ پرسێک دەچێتە ناوی دەیهێنێتە ناوخۆی هیچ سنوورێک نیە لە دونیادا بکەوێتە سەر ڕێی دڵ. هەر ئەوەندە تاکەکەی خۆی دیتەوە خوو پێکەوە دەگرن لەهەر جێگایەکی دونیا بن وەکو یەکەی بۆ یەک لێ دەدەن و بە پەلەپەل دەکەون. لەدووری بەرینترین مەودا یەک خۆشی و یەک ناخۆشی دەڕژێتە ناویان و تێکڕا ڕادەچەنن و بۆیەکتری توند دەبن و وێک دێنەوە.

دڵ دونیای بەو گەورەیی تێدا جێ دەبێتەوە و بەخۆ دەگری، ئەمما هەر یەک دڵی دی دەتوانی بیدوێنێ و وەبەر خۆی هەڵبرێ. هەر دڵێک

پڕ پڕە لە دڵ تەنها یەکێکیان دەبێتە تاک و جووتی ئەو دڵە و تێکەڵی دەبێ. دوو دڵ کە تێکەڵی یەکدی دەبن و لە ناو یەکتریدا دەتوێنەوە دەبنە یەک بە هیچ هێزیک لە یەکتری جوێ ناکرێنەوە و لێک دەرناهێنرێنەوە. تێکڕا قەتماغەی دەگرن و جەستەکانیش بەرەو یەکتری تاو دەدەن و لێک نزیک دەکەنەوە.

گەلێک جاران دڵ لەمرۆڤدا بەتەواوی بەسەر ژنێک یا پیاوێک دەگەڕێ لە خۆیدا ون دەکا. لەبەر هەندێیە زۆر عاشق هەنە وە نازانن دڵیان لە سینگیدا ماوە تەنها ئەو مرۆڤە هەست پێ دەکەن کە نەرم و گەرم لە لای چەپی سینگیاندا ترپە ترپ دەکا و بەبێی ناتوانن ڕۆژێک بژین. دڵیش هەنە هەتا ڕادەوەستن و لە کار دەکەون کەسێکیان ناچێتە ناو دڵ و خۆشەویستێک وەخۆ ناگرن کەلۆر دەبن و دەبنە قەپاغێک.

دڵە کەلۆرەکان پێیان گرنگ نییە دڵ دەدەنە چی و کێ چۆن کاری پێ دەکەن و جەستەشیان چۆن لە کار دەبەن چییان بوێ بەدڵ و لەشی دەکەن هەتا دەمرن. جارێک هەست ناکەن نەدڵیان هەبێ نەلەش دڵ بە هێلانەیەک دەچێ پڕ لە بێچووە و پڕ لە فەرخە وەختێک فەرخەکان لێی دەفڕن چۆڵ دەمێنێتەوە.

دەسنگی درەختەکاندا تێک با هەڵدەدرێ و بەرگەی بایەکی توند ناگرێ و لە هەوارا بەردەبێتەوە لێک هەڵدەوەشێ ئیدی ئەو درەختە سەد هێلانەی دی تێدا دروست بکرێنەوە وەکی هێلانەی هەوەڵی نابێ و بە وشکی دەمێنێتەوە.

زۆر ژن هەن دڵیان بە کۆترێک دەچێ وەکو کۆترێک لەسینگیاندا دێ و دەچێ و دەگمێنێ و نەخافڵ لێیان هەڵدەفڕێ و دەڕوا. ژنە دڵ

فـڕیوەکــان زۆرن هـەر چاویان لـە دووی ئاسـمـانـەوە سـینگیـان ئاوەڵا کـردووە بۆ گـەڕانـەوەی کۆترەکـەیان کـە لە ئاخـیـری تەمـەنـیش بێ بۆ جارێک لە سینگیاندا گمەی بێتەوە.

ژنە دڵ کـۆترەکان پێش ئەوەی دڵیـان بفـڕێ دڵیـان لە سـینگیـان ڕا دیارە. لە پشت کراسەکانیانەوە هێندە بەجوانی دەلەرێتەوە دڵۆپ دڵۆپ دەکا و دەگمێنێ هیچ شتێک پێی داناپۆشرێ و ناشاردرێتەوە.

ئەوەی بیـانگاتـێ لەپێش هـەر شـتـێک لە دڵی جـوانیـان ڕادەمـێنێ و دەفکری.

دڵەکان بەرە بەرە گەورە دەبن ئەوانەی لەناویشـیان دان گـەورە دەبن و گـەشـە دەکـەن دڵەکان بەرە بەرە پیـر دەبن و ئەوانەی ناویشـیان پیـر دەبن و بەسـەردەچن تەنـها عەشـقی ناویان نەبێ. بەرامبـەر عەشق هیچ وەختێک دڵ پیری پێوە دیار نییە.

مـرۆڤ تەمــەنێک دڵ دەخـۆیدا هـەڵدەگـرێ و بەبێ ئـەوەی دڵی خـۆی ببــینێ و بزانێ چ ڕەنگە و چ بۆنێکی هەیە کـە یەکـێکی خـۆش دەوێ هـەمـوو دونیـای خـۆی دەداتێ و بەبێ ئەوەی جـارێک دڵی ببینی و بۆنی بەدڵیەوە بکا. کـەس نازانێ تا چ ڕۆژێک دڵ دەسینگی خـۆدا هـەڵدەگرێ و دڵ تا کوێ لەگەڵی دێ و بـەتەنـها بەجێی ناهێڵێ و چ وەختێک لەگەڵ دڵی دەست لێک بەردەدەن و ماڵئاوایی لێک دەکەن.

***

وەختـێک لە عیـشق کـەوتم خـۆم دایـە ژمـاردنی دڵۆپەکـانی بارانێ و تەڕییـانم بە تەڕی خـۆ و ڕوونیـانم بەڕوونـی و پاکیـزەیی خـۆم دەپێـوا. دەمـزانـی ئەوانیش چەند بە ژنان دەچـن کە لە هـەورێکی چڕ دێنە دەرێ

و عومر و جوانیان هەر هێندەی هی کیژێکە و کە دەکەونە سەر دەست و نێــو باوەشـی زەوی ئان و ســات لە ناو خــۆیدا قــومــیــان دەکــا یا بەقوڕاویان دادەگەڕێنێ و تێکەڵی چۆم و دەریایەکانیان دەکا نازانم بۆ زەوی هێندە بە پیــاوان دەچێ ڕەقــیــەکــەی گــۆڕان و ســووڕانەکــەی هەڵمــژین و گـۆڕەکـانی دەمـزانی پـایزە باران زەردە و شــەست باران چەند بەگوڕە و لەعیشق کەوتن چ دەردێکی کوشندەیە هەموو جارێ تایەکی دەگــەڵە ســاڵێک پتــر بـەرت نادات تا لە جــوانی دەکـــەوی دەشـمزانی بەتاو بـارین چەند دڵۆپی پێن و چۆن دەتوانێ هونەرەکانی جەنگ تێک بدا و پاشەکشە بە جەنگاوەرەکانی بکا و چۆن دڵۆپەکانی تێکەڵی جۆگەلە خوێن و برینەکان دەکا.

پاش دابڕانێ ئەو ســێــبــووریەی بە بـارانی دێ و ئەو بیـــرەوەریە خۆشـانەی باران دەیانهێنێتەوە بەر کەپووت و بەر چاوانت وەکو چی دی نییە. لە پیاوەکانی ناو خۆم دەڕوانی و لێیان ورد دەبوومەوە کە لە منداڵدانمدا چاوەڕێی بوون چاویان بپشکوون و چ پیاو هەیە و هەبووە لەو دونیـــادا لە نـاو هـەناوی تـاریکی ژنـدا نووری دەچاوان زاوە و چاوەکانی دروست بوون و دڵی گەیوە و خوێن لە خوێنبەرەکانی ژن ڕا تەوژمی دڵی وە تریەی خســتووە. هەرلەوێدا زمـانیـان دروست بووە و گەردەکانی هـەناسـەیان لە سییـەکانی ژن ڕا هەڵمژیوە و خـانەکانی مێشکیان لە مێشکی ژن ڕا دەچێنرێ.

هەناوی ژن چەند بەگەردوون دەچێ تەماشاکە بەملیۆنەها ئەستێرە و هەسارەی تێدا دێ و دەچی هەموو قەبارە و گەرمیەکـانیـان وەخۆ دەگرێ ترووسکەکانیان دەپارێزێ و هەموو پیـاوێک لە ناو ئەو هەناوە گــەرمـەی ژناندا ڕووحـی وەبەردێت و لێ پاشـان یەکـەم شـەرگـەی پێی

تێدەنێ لەشی ژنە.

چەندە کەیفم بە دونیا دەهات کە بەلەشی ئاهۆی تێیدا دەهاتم و دەچووم. دەمەویست خێرا هەموو شتێکم وەبیر بێتەوە هەموو کەسێک بناسمەوە و بزانم ئێستا دابی چ شەڕێکە و شەڕەکانم بژمێرمەوە ئەو شەڕانەی دەگەڵ خۆمم هێنابوونە سەر دونیا یا ئەو شەڕانەی دەگەڵ کەوتنە خوارەوەم لە داوێنی داکم هەڵایسابوون نەمدەزانی شەڕەکان لە خوێنمدا بوون یا لە خەڵکم گرتبوونەوە، نەمدەزانی کێهەیان جوانە کێهەیان ناشیرین و کێهەم لێ دەوەشێتەوە عومریانم دەگەڵ عومری خۆم کۆ دەکردەوە لێکم دەردەکرد بەسەریەکتریدا دابەشم دەکردن لێ هێندێکیان هەتا چۆڕە بڕی ژنێیەتیان نەکردم نەکوژانەوە.

هێندەکی دییان هەر ڕۆژە و سەدان ڕەنگ و تەزووی گەرمیان تێ داویشتم وە جوانیان دەخستم و ئاوسیان دەکردم و وەچەیەکم لێ دەنانەوە و خۆیان لە پزووی دەرپێیەکانمدا و سۆمای چاومدا دەشاردەوە و ڕۆژێک بەڕەنگی پیاو و ڕۆژێک بەڕەنگی عیشق ڕۆژێک بەڕەنگی نیشتیمان خۆیان تێ وەردێنام و تیغارەی پشتیان لەگەڵ عەردی جووت دەکردم یا پڕ پڕ لە دووکەڵ وەکو شەرگەیەکی تەڕ و تێکشکاو بەجێیان دەهێشتم.

بیرم دێ زەمانێک پیاوەکانیان چەک کردن و ژنەکانیشیان گوڵ کردن لە مەخزەنی گەورە گەورەدا لەسەریەکیان هەڵپەساردن. پۆل پۆل جودایان کردنەوە خەتەرەکان بەجودا گەورەکان بەجودا خنکێنەرەکان بەجودا کوشندە و کۆمەڵ کوژەکان بەجوێ.

چەکەکان بەرە بەرە سارد بوونەوە زەمەن تۆزی خۆی لەسەر خستن و هەندێکیان ژەنگ دایگرتن و مۆرانەیان تێ کەوت لە بێکاری و لە

برسان بۆ ئەوەی هەتا هەن بەگەرمی بمێننەوە سەر و کراسی خەویان کرِی و دەستیان کرد بە لەشفرۆشی بەجلی نووستن و بەنێو مێژوو و دونیا کەوتنەوە.

چەکەکان لەوەتەی دروست کرابوون لەشی خۆیان دەفرۆشت گەورەترین لەش فرۆش بوون لێ بە ڕووی هەمەجۆر بەناوی هەمە جۆرەوە بە ڕووی دیموکراسی و بەناوی پاراستنی مافی مرۆڤ هەر بەناوی ئاشتی و ئاسایش دەچوونە سەر پشت و لاملی هەزارەها تیرۆرست و پیاوکوژ.

خۆیان بە سینگی هەزارەها سەربازی داگیرکەرەوە دەنووساند هەموو جۆرە جەنگاوەرێک دەستی لە سینگی دەگێڕان لەسەر پشتی هەموو شەڕێک وەردەکەوتن و دەگەوزان خۆیان لە قەدی هەموو شۆڕشگێڕێک دەئالاند. دەچوونە بن باخەڵی هەر سەرکردەیەکی سیاسییەوە، دەچوونە ناو دەستی هەموو ژەنەڕاڵ و سەرسوپایەک خۆیان دەخزاندە بن قۆڵ و بازووی هەموو نیشتیمان فرۆش و سیخوڕێک. بە هەزاران سەربازی داگیرکەر و بەکرێ گیراویان سواری پشتی خۆ دەکرد و لەسەر خۆ دەگواستەوە و دەپەڕاندەوە لەشیان دەفرۆشتە شینایی ئاسمانێ تێیدا دەفرین. خۆیان داویشتە سەر دەریا و ئۆقیانووس و بەندەر و کەنداوەکان.

چەکەکان هێندە لەشفرۆشن لێ دونیا نە هەرگیز بەندیان دەکا نە سزایان دەدا نە دادگاییان دەکا. ئەگەر یەک دانەیان دادگایی بکرێ دەبێ کوشتنی چەندەها کەسی لە دونیا بەملیەوە بێ دەبێ کلاشینکۆف چەندەها هەزار کەسی لە دونیادا کوشتبن و پەک خستبن؟ دەبێ جیاوازی چ بێ لە مابەینی چەک فرۆشی و لەش

فرۆشی؟ چەکەکان لەشی خۆیان دەفرۆشن ژنەکان لەشی خۆیان دەفرۆشن. بەڵام دونیا هەموو نهێنی چەکەکان دەپارێزێ و حەشاردەدا. ژنەکانیش وێڵ و پەرتەوازە دەکا.

دەمێک بوو دەمزانی شەڕگەیەکی تر هەیە بەناوی شەڕگەی لەشفرۆشی، بەڵام کەس ناوێری ناوی بینی و هەموو خۆی لێ نەشارەزا دەکەن.

قوربانییەکانی ئەو شەڕگەیە برینەکانیان لەنێو تاریکترین گۆشەی دڵیاندا داپۆشیوە و دەگەڵ خۆ دەیانبەنە نێو خاک. دەشزانم قوربانیە بێ سەرژمێرەکانی گەلێک پتر و زۆرترن لە قوربانی هەر جەنگ و شەڕگەیەک لە دونیا و مێژوودا؛ چونکە ئەوەی گەورەترین و کۆنترین شەڕگەی ژنانە لێ لەژێر ناونیشان و دروشمی تردا.

لە شەڕگەکانی ژیاندا لەش و گیان تێکڕا دەکوژرێن و سارد دەبنەوە ئەی لەو شەڕگەیە بە تەنها لەش و جەستەکان دەکوژرێن گیان و ڕوحیش بەزیندوویی و بەزەلیلی دەمێننەوە ژنەکان هەر شەڕی خۆکوژی و دڵکوژی و براکوژی نییە پێیاندا ڕادەبێ و شەڕی لەش کوژیش دێتە سەر ڕێیان لەوەتەی هەن.

زۆربەی شەڕەکانی دونیا لەش فرۆشین بە پیاوانی نێو حیزب و ئایین و سیاسەت و بکەرەکانیان هەمان برە پارە وەردەگرن و پێی دەژین و خانەنشین دەبن.

دڵی پڕ حەسرەتی ئەو ژنانەی قوربانین وەختێک خۆڵی وەسەر دەدەن ئەو دەمی ناوی یەکەیەکەی پیاوە لەش کوژەکان دەداتە خاک و دەبنە خۆڵ.

لەش کـوژەکـان لە خـاکـیش دەترسن ناویان بزانێ بیـان ناسی بەنـهـێنیـیـان بزانێ لەو شـەڕگـەیەدا بەڕێکەوت بە ئەزمـوونەکـان بەسـەلامـەتی دەردەچن و هـەمـیـشـە لەڕیزی بـارزگـان و سـیـاسی و ئیـمـاندارەکـان دەژمـێـردرێن و شـەڕ دەبەنـەوە ئەمما بێ ئـەزمـوون و مـەشق نەکردەکانیان بە مردنیش قوربانی دەدەن و کەس بە تەنیشت گۆڕەکانیاندا تێناپەڕێ.

***

هەر شـەڕە و کۆمـەڵێک شـتگەلی خـۆی لەگـەڵ خۆ دەهێنایەوە هەر شـەڕە و کـۆمـەڵێک پرۆفـیـسـۆر و رۆشنبـیـر و نوژدار و ئەندازیار و ئیـمـاندار و سـۆزانی و دادەوەری خـۆی لە شـاردا بڵاو دەکـردنەوە. لەسـەررا کتـێب بەناوی ئەو دەسـتـەیەوە لە چاپ دەدرانەوە. مێـژووی هەموو جەنگەکانیان لە قوتابخانەکان دەخوێندران سروودەکانیان هەر لە باخـچـەی سـاوایانەوە تا زانکۆکـان لەبەر دەکـران. ناوی کۆمـپـانیـاکـانیـان دەگـۆڕی و سنوورەکـانیـان هەڵدەبڕینـەوە و وڵاتیـان لەسـەر ڕا ئاوەدان دەکـردەوە نـاوی خـۆیان لەسـەر هەمـوو دیوارێک دەنووسی و ڕەنگەکانی ئاڵایان دەگۆڕین و وێنەی خۆو ئەژدادەکانیان لە بەرگی کتێب و دەفتەر و هەموو ڕۆژنامە و گۆڤارەکان دەدا.

***

من و شـەڕاب چەند وێک دەچین وێکرا خـۆش دەبین و وێکرا سـوور دەبین وێکرا دەگەین و وێکرا حەرام دەکرێین. دەزانی پێکەوە سەرمان دادەپۆشن و دەگەڵ یەکتری دەمان خۆنەوە زۆر جار دڵۆپەکانی شەڕاب و دڵۆپەکانی خۆ لێک ناکەمەوە.

کە خەست دەبین هەر هێندەی یەک ئاومان تێدەکەن. هەرتکمان بە سەرچاوەی هەموو شەڕەکان دەزانن لە دونیادا دەڵێن شەڕەکان لەوانرا هەڵدەقولێن و دەگەنە سەر دونیا. بۆنمان وەکو یەک کەیفی سازدەکا و تاممان دونیای مەست دەکا.

من چ نهێنی هەیە لە ڕوحی پیاوانی دەئاخنم و دەپەستێوم شەڕابیش چ نهێنی دە ڕوحیاندا هەیە پێیان هەڵدەڕێژێ و پێیان دەدرکێنێ.

وەی خوایە چ جوانی خۆشبەختی هەیە دە دونیایەدا دەیدەیە پیاوێک ئەو دەمەی شەڕابی دەنێو پەنجەکانی دەستێکیدا ڕادەگرێ و ژنێکیشی دە دەستەکەی تریدا هەڵدەگوشێ چ جوانی هەیە دەهاتە ناو چاوەکانی ئەو پیاوەی هەر قومێکی لە شەڕاب دەدا و مژێکیش لە ژن!

هەرکە کووپەکان شەڕابیان قڵب دەکردنەوە بۆتڵەکانیان دەڕژتن و دەشکاند و منیشیان قڵپ دەکردەوە و پێکەوە بە گۆڕێیان وەردەکردین.

تا ئێستا نەمزانی بۆ پیاوەکانمان گەرم دەکرد و شەڕەکانمان گەرم دەکرد و دونیاشمان ئاوردەدا، هەر بە گومان بووم لەوەی پیاوانمان خۆش دەوێن یا هەر ڕەنگ و تامی خۆیان تێدا هەڵدەڕێژین و خاڵی دەکەینەوە و تەزوانیان پێ هەڵادەڕوێنین هەر بەگومان بووم لەوەی پیاوانیش ئێمەیان خۆش دەوێت یا هەر دەگەڵ ئەوە ڕام بوون کە چەند سەعاتێک لە عومری خۆیانمان پێ سڕ کەن و پێ دادەمرکێنن.

زەمەنم تاودەدا هەتا پێی بگەمەوە و لە باوەشیدا هەدرین بم و هەتا چاوم هەتەرە دەکەن تێی هەڵڕوانم و وەک زەردەپەڕێ زەردیم بپەڕی و تیایدا ئاوابم "تازە زانیبووم" دونیا قومارخانەیەکی گەورەیە شەڕ

کۆنترین قومارە و پیاوانیش قۆمارچییەکانن، «دەبێ کەی دەرکەکانی ئەو قومارخانەیە دابخرێن و قومار قەدەغە بکرێت و کێ هەموو دونیا بدۆڕینی یا کێ هەموو دونیا بەرێتەوە».

دەبوو ئەو جارەش شەڕ لەخۆمدا هەڵتاوین بکەم پیاو و لافاو زۆر وێک دەچن؛ هەرتک کە بەنێوتدا دەڕۆن و وەردەبن چت تێدا بەجێ ناهێڵن. شەپۆلەکانیان ناهێڵن چت بە ڕاوەستاوی بمێنی و لەپاش خۆیان تەنها وێرانی و ڕمانت لەچاواندا بەجێ دەهێڵن.

***

دەشتی وەزنێم بەجێ هێشت کە مەتین و قەندیل و کۆدۆ و زاگرۆس و شیرینم لێ وەدەرکەوتن. دیم بەسەر دەمدا کەوتوون و تەواو دڵیان لەبەر ڕۆییوە و چنگیان لە عەردی گیر کردوون و تێم دەڕوانن.

هەڵکشامە ژوورتری گوێم لە دەنگە تەڕەکەی گوڵستانێ بوو کە بە "کوردستانی کوردستان باخچێ دڵان دەردی دڵانەکەی" دونیای وە نمە نم خستبوو وەکو تەم نیشتبووە سەر ژیان و ژنەکان.

ڕەشەبایەکی سارد و تووش بە باسریشکە دڵی قامشلۆ و دڵی مەهابادێ و دڵی ئامەدێ و دڵی هەولێرێ لوول کردبوو نوشتانبۆوە و ڕای دەدان خێرا وەرسووڕام لێ. لە هاژە هاژی چۆمی واوەتر چیدی نەدەبیسترا گوڵە حاجیلە و گوڵاڵە سوورەکان ڕوویان بە پریچکە خوێنان سواخ درابوون و هەتاو خەریکی ئاوابوونێ بوو بە زەردییەکی سووربۆو خۆی بەسەر درەخت و چیا و دۆڵەکاندا و چۆمەکاندا دەپژان و تەرمەکانی هێندەی دی سوور هەڵدەگەڕاند تەرمەکان هێشتا هەر دەسووتان بۆنی جوانی و بۆنی دڵ و سووتوویان تێکەڵی یەک

دەهەوایدا بزر دەبوو هەمــوو جـێـیـەکی لەشــیــان ببــۆ کـۆڵو تەنهــا چاوەکانیان نەبی کە فڕێدرابوونە سـەر گیا و کەڵەکە بەردەکان چاوی هەر یـەک لەوان پـێــشـــمـــەرگـــان یا کـــوردســـتـــان یا ژن و منداڵ و خــۆشــەویست و چیــایی تێــدا هەڵدەســووڕان و ســەراوبن دەبوون و هەندەکیشیـان با کۆمـەڵە گڵی وەسـەردەدان و دایاندەپۆشین، دەبوونە گۆڕ.

***

## بەشی دووەم

پاش وەشـانی بارانـی هەشت سـالان تازە زانیـبـووی هیچ نەژیاوە و ژیانی بەبایدا ڕۆییوە. دەیەویست خێرا بگەڕێتەوە بیست سـاڵ بەر لە دایکبـوونێ و ئەو سـەردەمـە ببینـێ و لەسـەرڕا بەتەمـەنی خـۆیدا گوزەر بکاتـەوە. دە هێندەی ئـەو تەمـەنەش بژی لـەپاش مـردنی زانی تـەمـەنی چەند کـورت بووە و چ ژیانێک ژیاوە لەو گـەڕانەوەیدا دەیەویست پڕ بەدڵی خۆی دونیا بگوزەرێنی چونکە دونیای بەدڵی خۆ نەدیبوو هەموو سـاڵەکـانی وەکـو گـەڵای داران لێ بـەربـوونەوە و لێ هـەڵوەریبـوون ساڵەکانی منداڵیەتی دایکی بۆ خۆی بردبوون و هی پاش خـۆناسینێی باب و برایەکانی بۆیان وێنە کردبوو لەپاش پێگەیشتنی خۆشـەویست و عاشق و مێرد لەنێوان خۆیاندا لێیان دابەش کردبوو.

دەیەویست بـەکـەیفی خـۆی بژی تەمـەنی وەکی مـزراحێک لە خـۆیدا دەسـووڕاندەوە و سـەراو بن دەکرد و هـەر سـاتە و لە تەمـەنێکدا دەژیا. دڵی وەکــو فــڕفــڕۆکــە دەخــولاندەوە و ئـەودیو ئەودیوی پێ دەکــرد. دەیەویست ئەوانەی دڵی دابوونێ بیـانگەڕێنێتـەوە ناو ژیان. پاش مەرگ گەڕانەوە ناو ژیان گەلێک سـەختە؛ چونکە تازە کە گەڕایتـەوە هـەمـوو شتێک بۆ تۆ بەسـەرچووە و کەس ناتناسێتەوە و لەگەڵ هیچ ڕانایەوە..." هـەر لەو دوودڵییـەی دابووم وەختێک دڵم ڕای دام و دەگـەڵ خۆی بردمی

بۆ وێ هەرکە وەژوور کەوتم تا کەمەرم ڕۆچوو لەنێو دڵەکاندا. هەر لە دڵەکانی زریانی هەڵەبجەی هەڵی وەراندبوون دڵەکانی سێڵاو ڕای دابوون و دڵەکانی براکوژی پشدەری هەڵیپەساندبوون و دڵەکانی ئەنفال دەگۆڕی بەکۆمەڵی پەستابوون. حەپەسام لەوێندەرێش هێندەم دڵ نەدیبوون چوومە ژوورتری بە فەردە و گوێنی دڵ لەسەر یەک هەڵداربووونەوە لە عەردی لە تەشتی گەورە گەورە کرابوون و لە ئاوی هاوێژرابوون لەسەر ڕەفە و تاقەکان لە شووشە و دەبە و تونگەی قەبە قەبەدا لە ئالکۆلو خوێواوکێیان کردبوون بەدرێژایی هەر هەموو دیوارەکان وشکەدڵ هەڵواسرابوون و دڵە پووچەکان وەسەر ئاوی تەشتەکان کەوتبوون و دەکەوتنە ناو ئاوەڕۆیەکان.

بۆن و ڕەنگی دڵەکان تێکەڵ ببوون. هەندەک دڵ هەر هەڵمیان لێ هەڵدەستا هەندەک مێز دیاربوون کە چەند کیلۆ و هۆقەیان لەسەر ڕیزکرابوون کیلۆیەکان وێنەی مەلیکە عارەبەکان و نیو کیلۆکان هی پاشا و میرە عەجەمەکانیان لەسەر هەڵقەندرابوون. هۆقەکانیش هی سوڵتانی عوسمانییەکانی لەسەر کێشرابوون و تەرازووەکانیش چەند تەبغەیان بەڕێنووسی ئینگلیزی لەسەر درابوون. وەسەرکەوتم بۆ بنەبانێ دیم هەڵڕژانی دڵەکان لەکوڵ و باران دەرچووە لیرە بە تەن هەڵدراونەتەوە و بە تەن بەسەر یەکتریدا ببوونە کەرسەکە و وشک هەڵگەڕابوون و، دڵی پەرەندە و ئاژەڵ و درەختانیش لەبەرەوەی فڕێدرابوون و پەزمەندە کرابوون...

چاوم تاریکییان بەسەرداهات، پەشیمان بووم لە دڵ وەبەرهاتنەوەم و پێم هەڵینا و لە ناو دڵەکاندا قوم بوون کە وەخۆ هاتمەوە دڵی دڵانی بەگەروومدا ڕۆچوو بۆ خوارێ و ببوومە دڵان و وەبیرم هاتەوە کە

ناوەڕاستی ئاداری بوو لێ خەزانێک هەڵی کرد بۆن سێوێکی توندی لەبەر دەڕۆیی هەر بەو بۆن سێوەش خۆی خزاندە ناو دڵەکانمان و دایوەشاندن دەگەڵ نمە نمی بارانی چەند دڵۆپەی بەردەدانەوە خەزانیش ئەوەندەی دڵ بەردەدانەوە و درەختی ڕووت دەکردنەوە خەزان خۆی تێکەڵی باسریشکە و بارانی دەکرد و لەگەڵ وان دەستی خۆی دەوەشاند...

خەزانی دڵەکان دەگەڵ خەزانی گەڵاو گوڵ و خەزانی پەرەندە و خەزانی داری بەری و درەختەکان بوو هێندە بەزەردی و بە زەبری هەڵی کرد لە چەند ساتێکدا ژیانی بەتەواوی هەڵوەراند.

دڵە هەڵوەریوەکان لەسەر شەقام و ناو کووچە و لەسەر کورسی قوتابخانەکان کەوتبوون زەرد زەرد دەچوونەوە بەنێو جۆگەلەی کۆڵانەکاندا لەدوی یەکتری ڕێچکەیان بەستبوو قوڕاو دەگەڵ خۆی دەبردن لە ناو شیپانەی دەرگا و لە تاریکی ژێر زەمینەکاندا لەسەر پشتی تۆیۆتا و لە ناو ترومبێل و لەسەر پشتی عارەبانەکان بە کۆمەڵ بەسەریەکدا هەڵوەریبوون دڵی ژن و دڵی کۆتر و دڵی درەختەکان تێکەڵی یەکتر ببوون و با ڕەقی هەڵگەڕاندبوون و سەراوبنی دەکردن دڵی منداڵ و دڵی مریشک و دڵی پەپوولە و چۆلەکەکانی شاری وێکڕا لوول دەکرد و بە تۆپەڵ گڕمۆڵەی دەکردن.

لەسەر پانتایی دەشتی لەسەر ڕێ و ڕێچکەی قاچاغەکان دڵ هەڵوەریبوون و بەرەو دەم کەوتبوون هەر لەسەر ڕووی کانی و کانیلە و چۆم و بەفراوی بەر چیاکان کەوتبوون...

دارەکان تازە کڵۆی سێو کۆخ و هەرمێ یانیان دەرکربوون کرک

کـرک هەڵدەوەرین گـوڵەکـان بە پەڕی نوێ و خـونچـە و کـڵـۆکـانەوە دەوەرین دڵەکان دەگەڵ کرکەی سێوە ترشە و هەڵۆژە کەسکە و گێلاس گرکەکان خلۆر دەبوونەوە و بە عەردیەوە بەن نەدەبوون نەدەتزانی کێهە دڵە و کێهە هەڵۆژە کەسکە و سێوە ترشەیە.

دڵی ژنەکان هەر پێکەنینیـان لەبەر دەڕۆیی کە بـاوەشیـان بە خاکدا کـردبـوو دڵی منداڵەکـان بەتاسـەی سـێـوێکەوە لەسـەر پشـتی بەرەو ئاسمـان خـۆیـان لێک ئاوەڵا کردبوو. دڵی پیـاوەکـان ئەوەندە گەرم بوو تاوێکـی چاک پاش هەڵوەرینێـشیـان لەسـەر عـاردی هەڵدەبـەزینەوە و لێیان دەدا و تامی ژیانیان لەبەر دەڕۆیی.

دڵەکـــان وەکـی گـــەڵایەکـــان پـاش چـەند جـــار خـــول خـــواردن و هەڵگەڕانـەوەی لەســـەر پشت و ڕووبـەڕووی نەمـــان ڕادەکـــشـــان بەو زەردییـــەوە لە مــردن و مـــەرگ نـەدەترســـان. ئەوەی دڵی وەری، وەری. ئـەوانی دی خـــەزان دڵـی کـــردنـە ڕەژوو و لـە چەند ڕەژوویەک واوەتـر هیچیان لە سینگیدا نەما و پەرتەوازە بوون و

لە نەخـۆشـخـانەکاندا تەمـەنیـان بەسـەر برد ئـەمما پشکۆی دڵیـان وا کوژابۆوە تا دونیـا هـەیە هیچ نـەدایسـایەوە و ڕەنگی گـەش نەدەبۆوە بۆ ڕەژوویەکی سارد و ڕەش و هەر لەبەری زاڵەیان بوو.

دڵە ڕەژووەکـان بە سـەدانی وەکی عـومـەری خاوەر و پەروین بوون کـە ژیان هـەمـوو سـپـێـدان جـارێک دڵ و برینـەکـانی دەکولاندنەوە و خـۆر دەگەڵ هەڵاتنی و ئاوابوونی و هەڵوەرینی دووبارە وەبیر دەهێنانەوە.

ڕۆژێ چەند جـار دەمـردن و سـووتماکـێک بەنێـو دەمـارەکـانیـاندا هـاتـوچۆی دەکـرد. لـەنێـو دڵـی خـــەڵووزیاندا ســـووتەیەک نوێ دەبۆوە

دووباره بەگـیـاندا وەردەبۆوە. ئەوەندەی خـۆیان بەخـاڵێکی ڕەش و بچـووک دەبینی و دەهـاتە پێش چاو وەکـی کـۆترەکی باڵ شکاو کـە پاشـان چاوەکانیشی بە ساچمە پێکرابن و ژیان لە ناو ڕەنگەکانی خۆی وەدەری نابوون و لە پێکەنین و قاقایەکانی وەدەری کردبوون. نە جـارێک بیری دەکـردن نە کـە ڕادەبوو بەتەنیشـتـیـاندا ئاوڕێکی لێ دەدانەوە.

لەپێش چاومە کە دەمی چێشتەنگاوی بوو هێشتا دڵەکان بەتەواوی گەرم دانەهاتبوون و وەتیشک نەکەوتبوون کە کتوپڕ لە نێوەڕاستی دەرکەکانی ژوور و هەیوانان لەبن پێپیلکانە و ژێر زەمینەکان لەسەر عارەبانە و مێزی سەوزە فرۆشەکانی بازاڕێ لەسەر کۆسپی قەساب و ئاسنگەر و پینەچییەکان و لەنێو دەرکەی ترۆمبیلەکان ڕا هەڵدەڕژان و سارد دەبوونەوە.

لە چاوترووکانێکدا نە کەس ما بە دوای دڵیدا بگەڕێ، نە دڵێکیش ما چاوی لە دوای خاوەنی بێ و کوتە کوتی بۆ بکا.

هەر دڵەی سـەد کـونی تێ بوو کـونی ورد وردی ژەنگی کـە تەواوی ڕەنگی دڵەکـانی کـردبوو ژەنگی هەر بەو دەمـەی هـەر دڵ ببـوو پڵـی هەڵدەدان و پڵی لێ بە بادە بوون هەر پڵێکیان چەندین خۆشەویستی پێوە دیاربوون و نیگارکرابوون کە با لەگەڵ خۆی لوولی دەدان و لە چاوانی دەکردن هەر بە شـەپۆلە زبرەکانی قەراخەکانی هەڵدەگەڕانەوە و لە هـەر چوار لایان ڕا ڕەقی هـەڵدەگـەڕانـە و لۆچی تێ دەخـستن و دەیگەچڵاندن.

کۆترەکان لەسەر هێلکان کەوتبوون کە دڵیان لێ هەڵوەری و کەوتە

سەر هێلکەکانیان ژنەکان بە کۆرپەلەکانی ناو زگیانەوە دوو دڵیان لێ هەڵوەرین ئەوانەی کەوتنە سەر ژانان لەبری سەری کۆرپەلە و لەپێش سەراویاندا دڵیان هاتە دەرێ، پەپوولەکان هەر بەسەر گوڵان نیشتبوون و دەمیان لە دەمی گوڵەکاندا بوو کە دڵیان هەڵوەرییە سەر دڵی گوڵەکان و دڵی گوڵەکان هەڵوەرییە سەر دڵی گیا و هی ئەویش بۆ سەر دڵی خاک هی خاکیش کەس نازانێ و کەس نەیزانی چی لێهات.

کەنارییەکان دڵیان کەوتە ناو قەفەسەکان و گوڵەکان بۆ ناو ئینجانە و گوڵدانەکان. ژانێک هەموویانی داگرت هەموو شتێک تێکرا دەزا و چەنگی لە خاک گیر دەکرد و دڵی دەردەهاویشت. ژانی دڵ دەرهاویشتن چەنگی پێ لە هەموو شتێک گیر دەکردن. نە دەنگیان دەردەهات بۆ تاقە هاوارێک نە گوێچکەیەکیان تاکە هاوارێکی دەبیست نە دڵی دەرهات و هەڵوەریویی خۆیان دەدیت.

دڵی ژنەکان هێندە گەورە بوون لە دەمی هەڵوەرینێشدا هەر پڕ بوون لە پیاو و لە منداڵ نە زوێڵێک نەپڵکێکیان لێ ببۆوە لەنێو هەر دەمارێکیاندا کۆمەڵێک پیاو و منداڵ چاوەکانیان بە حەپەساوی هەڵێنابوون و تێیان هەڵدەڕوانی.

دڵی ژنەکان وەکی پەڕەندە باڵیان بەسەر دڵی منداڵەکانیدا هەڵکێشابوون لەبن خۆدا شاردبوویانەوە لەو دەمەشدا دڵیان هەر لە نەخشەیەک دەچوو کە نە عیشق نە پیاو نە شەڕ نە هەڵوەرین خەتێکی پێ ناسڕدرێتەوە و ناکوژێتەوە هەندەک ژن لەدەمیان ڕا دڵیان دەهاتە دەرێ و دڵیان دەهێنایەوە هەندەکی دی بە دامێنیان دڵیان لێ بەردەبۆوە هەندەک ژن لەگەڵ شیر لە مەمکانیانڕا هەڵدەچۆڕا و دەهاتە خوارێ.

کۆمەڵێک پیاو لە تاوان لە کونە کەپۆ و کونە گوێچکەیان ڕا دڵیان دەردا و لێیان هاتە دەرێ. «دەڵێن دڵدان زۆر سەختترە لە گیاندان چونکە ئەوانەی گیانیان دەدەن دڵیان هەر جوان پێ ماوە و بەدڵەوە لە دونیا دەچنە دەرێ».

هیچ یەک لەو دڵانە لە جێ و لانەی خۆیدا ڕانەوەستا و لە لێدان نەکەوت هەر یەکەی لەجێگایەک بەربۆوە و پاشان ڕاوەستا. هێشتا هەر بەسەر یەکتردا کەڵەکە ببوون و کەوتبوون کە دڵی شاریش لە هەمووان هەڵوەریوتر کە چەتەکان کۆمەڵ کۆمەڵ بەشاری وەربوون کەوتنە تالانکردنی دڵەکان. دڵ بە دڵ دەیانپشکنی و دەستیان تێ دەگیرا و ئاوەژوویان دەکردەوە و چاویان بە هەموو کونەکانیانەوە دەنان. ئەو دڵانەی بەکاریان هاتبا دەیانهاویشتنە ناو توورەکەکانیان؛ دەنا خێرا خێرا ناوی دڵەکانی دیکەیان هەڵدەڕشتنە ناو گیرفانەکانیان.

چەتەکانی دڵ وێرانەدەگەیشتن دەو هەموو دڵانە بگەڕێن و ئەو هەموو بازنە و ملوانکە و گوارەی دەست و گەردەن و گوێی ژنەکان بپچڕێن لە توورەکەکانی هاوێن لەبۆیە گەلێک دەستیان بە بازنەکانییەوە بڕینەوە و چەندین پەنجە بۆ هەنگوستیلەکانی و سەر بۆ خەناوکەکانیان و دەتوورەکەکانیان دەخستن دەست و دڵ و پەنجەکان جارێکی دی تێکەڵی یەکتری دەبوونەوە لەنێو گیرفان و توورەکەی چەتەکانی دڵدا و تێک با هەڵدەدران و هەر بە ئاوەژوویی لە گۆڕێ دەکەوتن، تا خۆشەویستەکانی ناویان بای دەبردن و باران ڕەنگی لەبەر دەبڕین. چەتەکانی دڵ دەمامکەکانیان لە ڕووی خۆ هەڵدەگرت و لە شارێ وەدەردەکەوتن و لە تۆزێدا ون دەبوون، پاش ئەوان سەگ و

پشیلە بە ڕەوە دەهاتنە ناو شاری و بەردەبوونە خواردنی دڵەکان. دڵی وەها هەبوو بە دوو سێ سەگان خەریکی لێک هەڵپچڕینێی بوون و تێی دەنووسان و دەخۆڵێشیان وەردەدا پاشان دەیانخوارد. هەندەک دڵی دی هەبوون واببوونە ڕەژوو و هەر نەدەگەیشتنە ناو دەمی سەگ و پشیلەکان کە دەتوانەوە و تەواو دەبوونە خۆڵەمێش و سەگەکانیش تفیان دەکردنەوە. دڵی هێندەک ژنان هێندە جیڕ و پتەو بوون کە پاش ئەوە تەواو لمووزیان تێ وەردەدان لیکیان پێدا هەڵدەڕژتن و بەسەریان دەکەوتن و پێیان لێ دەنان کەپۆیان لە عەردی دەکوتا و بۆنیان لێ هەڵدەمژی، چاویان بەدووی دڵی منداڵەکاندا دەگێران بۆ بۆنی دڵە گچکەکان پێپڕکەیان لە ناو دڵەکانی تردا دەکرد. هەر دڵەکی بچووکیان بۆن کردبا لەبن دەیان دڵ دەریاندەکێشا و قووتیان دەدا چەند شەڕی گەورەیان لەسەر خواردنی دڵی منداڵەکان دەکرد و پێک دەوەڕین و یەکتریان بە خوێندا دەهێنا.

دڵی کچۆڵەکان پڕ بوون لە ناوی وەکو نوشتوو دوعا پێچراوەکانی دڵداری و کوڕیژگەی کاکۆڵ زەرد و ڕەش و جحێڵی بەژن هەڵچوو مووروی ڕەنگاوڕەنگ و کە لەژێر ددانی سەگەکاندا ونجڕ ونجڕ بوون. دڵی کوڕەکان تژی بوو لە کیژۆڵەی چاوڕەش و ناسکۆڵە و کەمەر باریک و دەلالی ڕوومەت سێوە لاسوورە و ماینی کەحێل کەحێل و گوڵی سوور سوور و چیایی بڵند و دەنێو کەڵبەی پشیلەکاندا لەت لەت بوون.

دڵی ژنەکان لێواو لێو بوون لە منداڵی خڕ و خەپان و تازە ساوا و گاگۆڵکەکەر و پەرەوازەکانی گوندەکانی کوردستانێ لەبن بەرد و دار و پێی سەگەکاندا پڵیقانەوە و دەخۆڵی وەردران. دڵی پیاوەکانیشی پڕ

بوون لە ژنی کـەڵەگـەت و ڕووبارە ژنـی ڕوون و کـانییـە ژنـی بناران و خــەنجــەر و تفــەنگی دەگڵ ڕووکـراو و شــۆڕشی نەپشکووتـوو ئاڵای نیشـتیمـان، هەپڕوون بە هەپڕوون بوون لە دەمی ئەو سەگی بۆ دەمی ئەو سەگی بزر و بێ سەر و شوێن بوون.

دڵی پیرەکانیـشی لە جـحێڵیـەوە لەجێ چوو بـوون و پێش ئەوەی بە بەرهیچ شـتێک کەون، دەگـەڵ هەڵوەرینێـشیـان تۆقین ڕەقـەڵ بوون تا ســەگــەکــانیش لمووزیان لێ وەنزیک نەخــستن و ورد ورد بـوون و با بردنی.

هەر لـەکـانـی عـاشــقـانڕا دڵ هـەڵوەریبــوون تا دەگــاتە عــەنەب و عەبابەیلێ و چواردەوری هەڵەبجـە و ئەحمــەد ئاوا بەسـەر دارو بەردی ئەو ڕێگایانەدا بـەردەوام و لەسـەر گازەرای پشـتی وەرکەوتبوون وە یا بەعـەرزییـەوە پلیـقـابوونـەوە و پەرش ببوون. با ورتکە دڵەکانی لـەگەڵ خـۆی هەڵگرتبـوون کە هـەڵی دەکرد لەگەڵ خـۆی دەیهـێنان و دەبردن لە ناو شــەپۆلـەکـانیـدا وەکـو وردە خـۆڵ بە ڕوویی دونیـایدا هـەڵدەڕشتن. باران بە هەموو تینی خۆیەوە وەبەر دڵۆپەکانی دەدان و دەیکوتان.

ڕەنگ و تـام و بۆنـی عــەزیزانـی لێ دەشــوشــتنەوە و تێــدا کــاڵ دەکردنەوە. دڵەکان هێندە بە تـەنهایی بەزەردی ڕەق هـەڵاتن و خـوران تاڵان کـران و بـوونە ڕەژوو و وشک هەڵاتن دونیـایان هەمـوو لـێ بەتاڵ بۆوە و کـوندە پـەپۆ بەســەریاندا خـوێندن و لەســەریان هـەڵنیـشتن و کوێریان کردنەوە. نە کـەس پێی زانـی نە کـەس چاوی لێ بوو نە کەس گوێی لێ بوو ئەو خـەزانە چۆن هەڵی کرد و هـەر بـە تاوێک دای کرد و ئاوڕی لـە هیچ نـەدایەوە بە هـەزاران کـەسـی دڵ ڕەژووی لە پـاشــەخـۆ بەجێ هێشت و ژنەکانی هەر کردنە خۆڵەمێش و هەتا ئێستاش ڕەش

و شین دەنوێنن لە گێژەیەک واوەتر چی دییان نەماوە بەهیچ نانیشنەوە و خڕنابنەوە سەر یەکتری. تا نووکەش نازانم دڵی مێردەکەم لە ناو ئەڤ دلانەیە یان نە؟

دڵی منیش لەوێ ڕۆژێوە لە نێو ئەو کەڵەکە و بارە دلانەدا کەوتووە و بە ڕەبەنی پیر بووە نازانم لەشم بەو هەموو برینانەوە لەکوێی دونیا کەوتووە و چی لێهاتووە. باوەڕ ناکەم بتوانم تێر لەگوڵێک بنۆڕم و گۆرانییەک بچڕم و خەندەیەک بگەڕێنمەوە سەر لێوەکانم و لێ هەر تەمام بەدونیایێ ماوە و «دەمەوێ بۆ ڕۆژێک بێت بەسە، بۆ ڕۆژێک دونیا بەدڵی من بێت».

دەمزانی هەر ئێمە نا پیاوان هەر کاتێک کەیفیان لێ بێت شارەکانیش دەفرۆشن یا هەر بەجێیان دەهێڵن و وێڵیان دەکەن. دەو شەڕانە هیچ شتێک نەدەمایەوە نووزەی لەبەر بێ و هەموو شتەک و هەموو دڵەک بەتالان دەبرا. ژنان هەموو نهێنییەکانی خۆیان دەگڵی دەنان.

پیاوەکان هەتا پیر نەبن ئاوڕ بۆ عومر نادەنەوە و بۆ گەنجەتییان دانامێنن کە یا خووی پێ بە ژنەوە دەگرن یا خووی پێ بە شەڕەوە دەگرن یا خووی بە پارەوە دەگرن. ئەگەر پیاوانیش نەبوونایە نە شەڕەکان بەڕێوە دەچوون و نە شەڕابەکان دەخورانەوە و نە ژنەکان دادەکەوتن.

بنۆڕە دونیا چ لەشفرۆشێکی جوان و گەورەیە هەر لە جاحێڵییەوە تا پیری عاشقی دەبین و ئاگامان لە تەمەنی خۆ نامێنی بەلام بێ پارە یەک لە تامەکانی خۆیمان پێ نادات و ناهێڵێ دە ئاقاری خۆی و

گەرمییەکانی کەوین و کەیفمان لەگەڵ کا، لەوەتەی دونیا هەیە لەشی فرۆشتۆتە شەڕەکان کردوونییەتە شەڕگەی گەورە و بەرین و ژمارەی شەڕەکانی پترە لە هی جێژن و ڤیستیڤاڵەکانی.

هەر دونیایە پیر نابێ و هەموو پیاوەکانیش پیر دەکا و تەزووەکانیان لەخۆدا بزر دەکا و بەهەلاندیان دەدا. کەیفی بە پیاوی بەهێز و بازوو و دەسەڵاتدار دێ و هەموو جێ خۆش و لەبارەکانی بۆ وان ئاوەڵا دەکات وە باوەشیان تێ وەردێنێ و بەهەزارەهایان لەسەر خۆی بەکوشت دەدا، ژنان لەشفرۆشی لە دونیا ڕا دەگرنەوە خۆو دەدەنە پیاوان.

پیاوان لەسەر جێگا هەرە وێرانەکانی دەیکەنە شەڕ و بۆ تاکە تەزوویەکی چ کوشتارێک دەنێنەوە. دونیا کە لێیان تێر بوو یەکە یەکە لەبیریان دەکا و دەستیان لێ بەردەدا و کەس ناتوانێ دڵی لێ داگیر کا.

***

نەمدەزانی بۆ هێندە مێژووەکانی من و ئەو شارەی لێی لە دایک ببووم وێک دەچن لە بۆنی غوبارەکانم ڕا لێیان دەپرسیم ئەتۆ چی ئەو شارەی؟

تەنها ئەوەندەم هەست پێ دەکرد لە عیشقدا زۆر وێک دەچین؛ چونکە هەموو عەشقێک بەش بەشت دەکا و لێکت دادەبڕی و ڕەنگەکانت زەوت دەکا هەتا هەی دەتکێشێ و کە بە نێو پیاوان کەوتی دەبێ بەلەکت هەڵماڵی و کە بەناو شاریش کەوتی چاوەکانت. چونکە شار و پیاو سیحرەکان بەتاڵ دەکەنەوە و پشکۆکانی عەشق خامۆش

خامۆش دەکەنەوە.

شار ڕایەڵەکانی پڕن لە پیاو منیش دەزووڵەکانم ئەو بەرد بە بەردی عەشق لە سەر یەک ڕۆنراوە و منیش خانە خانەی لەشم.

هیچ شتێک ناتوانی هێندەی پیاو و شەڕ ڕەنگی ژن بگۆڕی و سینگی وەک باخی هەناران داهێنێ و داوەشێنێ و گەڵایەکانی هەڵوەرێنێ.

ئێستا دێتەوە بیرم کە حاجی ژنە سەتارەی ئامۆژنم براکوژییەکەی پشدەری دەگێڕایەوە و دەیگوت گەنم و جۆ وردە وردە زەرد دەبوون و کە دووبارە براکوژی دەستی پێکردەوە و نازانم براکوژی تەمەنی هەر هێندەی تەمەنی منە یا پیرتر دەمی وا هەبوو دەمدیت منداڵتر و هەزرەتر جاڕز دەبووم هێندەی تەمەنی براکوژی خۆم پێک بگرم داخۆ کێهەمان پیرترین.

براکوژییەکانی زەمانی باپیرم و براکوژیەکانی زەمانی بابم باش دێنەوە بیرم کە چەند جار گوندەکانی سووتان و ژنەکان دیل کران. لێ جار جار هەستم دەکرد تەمەنی براکوژییەکانی شار لە هی من پیرترن.

لەوان شەوان دابوو دیسان براکوژی ڕایچڵەکاندینەوە و لێمان وەژوور کەوتەوە. لێ ئەو جارەی براکوژی هەموو شتێکی لێک هەڵبوارد. ڕەنگەکان، شارەکان، دڵەکان، جوانییەکان.

هەروەکی پووش گڕی بگرێ لە پشدەری ڕا گەیشتە سلێمانی و هەولێرێ و هەموو پێدەشت و چیاکانی گڕدان. چەند ساڵان ئەو کڵپە گڕی کوردستانی داتەنی و ئاوردا.

ئەو شەوەی پشدەر وەکو پشکۆیەک هەڵایسا ناڵە ناڵی تفەنگەکان لە دوورا دەهات و چەکدارەکان هەر بەو شەوەی ئابڵۆقەیان دا و هەر بە شەو و ڕۆژێک هێرش و ئابڵۆقەیان ڕاگەیاند و ئاڵای خۆیان لەسەر بارەگا و ماڵەکان هەڵدا و هەموو شتێکیان تاڵان کرد بە هەموو کووچە و کۆڵانەکاندا فڕان فڕانی تاڵانی بوو چ نەما تاڵان نەکرێ و تەرمەکانیان گڕ تێ بەردا.

براکوژی گەیشتە شارەزوور و تاڵان گەیشتە قەرەداغ و دیل گوللە باران کردن گەیشتە هەیبەت سوڵتانی و شەڕی ماڵ بەماڵی لە شیراتۆنی هەولێرێ کرا. هەموو خەڵک ناوچاوانیان بە پەڕۆی زەرد و کەسک پێچا.

شارەکانیان هەڵبڕین ماڵ و منداڵ لە خانووەکان وەدەرنەران پەرتەوازە بوون لەسەر کەپکی حەمەد ئاغایی و لە دۆڵی زیارەتی بە دەیان پێشمەرگە لە خوێنی گەوزان و تەرمەکانیان بەجێ مان. چەندان گۆڕی بە کۆمەڵی لە دۆڵی هیران و کلاو قاسم و قەسرێدا لێدران.

چ دیل پێکدەفرۆشرانەوە دەگۆڕدرانەوە و گوللە باران دەکران ڕۆژی چ تۆپ پێکەوە دەنەران چ ئارپیچی دەهاوێژران و هێرش لە پشتی شەقڵاوەی ڕا دەکرا لە دۆڵی ئالانەی ڕا دەشکا.

بارەگایەکانیان تاڵان دەکردن و دەرگا و پەنجەرەکانیان دەردەهێنان و پڕ لە مانگا و بزن و مەڕیان دەکردن؛ یا بەهەڵتەکێنراوی و دابێژراوی بەجێیان دەهێشتن.

هەر شەوە و بەرەیەک هێرشی دەکردە سەر شارەکان و بەرەیەک

پاشەکشەی دەکرد و کەس نەیدەزانی بەیانییان کێهە مەلایە بانگی دەدا. فەقێیەکان لەکێهە قورئان دەخوێنن و کامە سەقاوە لەسەر بیرەکانی ئاوێیەوە و کارتەکانی وێستگەی کارەبا بەدەستی کێن و چ نانەوایەک دووکانی هەڵگرتووە.

جاری وا هەبوو دوو سێ شەو دەگوزەران کەس نەیدەزانی ئاوزەنگی شارەکان بەدەستی کام بەرەیەوە دەبێ کێهە ڕەنگ بپۆشن و کێهە ڕەنگ لە بەر و لە پێ کەن.

کە دەیانزانی کام بەرەیە لە شارێدا دەسەڵاتدارە قوتووە بۆیاغیان دەکڕین و خێرا خێرا بە دار و دیوارەکانیاندا هەڵدەپژاندنەوە. وێنەی سەرکردەیەکیان دادەگرت و وێنەی سەرکردەکەی دیکەیان هەڵدەواسییەوە و سندووق و جل و بەرگی ژنەکانیان و وێنەی سەرکردەیان ژێر گڵ دەکردنەوە.

عومر بەسەردەبەین چاڵەکانمان بۆ ڕۆژێک بەتاڵ نابێ لەو تاڵانانەدا جل و بەرگ و دڵەکان ڕەمز و هێمای سەرکەوتی بوون. بەتاڵان بردنی دەرپێی ژن و دایکی بەرپرسەکان دەبووە هێمای داگیرکردن و سەرکەوتنەکان.

لێ شەڕەکان هەموو شتێکیان سووتاند تەنها دەرپێی حەرەمەکانی ئەو سەرکردە و بەرپرسانە نەبێ شەڕەکان گەیشتە بچووکترین کەلەبەری ڕوحی هەر منداڵێک تەنها ئەوانە نەبێ شەڕەکان ڕەنگیان بەهیچەوە نەهێشت بە ڕووی وانەوە نەبێ.

ئامۆژنە سەتارە دەیگوت هەر لەگەڵ هەڵبڕینی شار و گوند و ناوچەکان خێزان هەڵدەبران بازگە لە نووڕا لە دەرەوەی شار و لە

ناوەڕاستی شاری لە ناو هەموو کووچە و کۆڵانێکدا بازگەیەک دادەنرا و ڕێگایەکـان دەبەسـتـران هەر پارێزگـایەک دوو پارێزگـا و هەر ناوچەیەک دوو جـێنشـین و دوو بەڕێوەبەری هەبوون و لەهەر بەرەی یاسـایەک کـاری پێ دەکـرا، کـاتێک بەرەیەک دەگـەڕایەوە کـوڕە گەورەکەشم دەگەڕایەوە و سوێندی دەدام لەبەر دڵی وی چارەگەیەکی لەو ڕەنگە لەسەری ببەسـتم و نەعلەیەکی لەو ڕەنگەکەی دی لە پێ کەم و دەیان سەتڵە بۆیاغی دەکـڕین هەرچی دەرگا و شیپانە و ڕێسـمـە هەبوون، ڕەنگی دەکـردن هەمـوو دیواری ژووران و ئاودەسـتـخـانە و چێـشـتـخـانە و هەیوان و بەربێـڵایە هەبوون لە ڕەنگەکەیدا ون دەکردن پاشان چی کاسە و کەوڵەی هەمانبوو قاپ و قاچاغ و کەوچک و چنگاڵ و چەقۆ و پەرداخ و گوڵدان و چرا و فانۆس و فـەخـفـووری و مـەزهەری نێـو دۆڵابەکـان بوو لەو ڕەنگەیدا نوقـوم دەکردن.

چ ترووسکەیەکی دابا فڵچەیەکی لێ دەخشاند و هەتا مەسینە و گڵینە و قاپوچکەی پێش مریشکان و سەگان و نەعلە و چەرچەف و خاولییەکانی هەموو لەو ڕەنگەی دەکرین و هەموو نەمام و گوڵەکانی ناو باخـچـەی هەڵدەپرووکـاندن و شـەتڵی نوێی لێ دەدان پەڕ و باڵی مـریشک و باڵندەکـان بەر مل و کلکی سـەگ و پشـیـلانی پێ دەنەخشـاندن. گڵۆپەکان، پەردەکـان، سـتـارەی سـەربانەکـان، ماڵیی هەمـوو دەرەنگاندن و فڵـچـەیەکی لە منیش وەکـار دەخـست و یەکـە یەکەی نینۆکەکانم بیلبیلەی چاوەکانم کەزییەکانم کەل کەلە موو و ددانەکانم و هەموو جەستەی لەو ڕەنگە هەڵدەسووم.

هێـشـتـا هەر ڕەنگم لێ دەچۆڕایەوە و بەر لەوەی ویشک ببـمـەوە بە

زەمەنی ڕەنگگراوی خۆیەوە زاڵکی کوڵەکە پشتەکەی و گەراجەکانی ئاوەڵا دەکرد و هەر لە بەستەکە پارە و ئۆتۆمبیل و قوتووە زێڕ و خشڵ و قاڵی ئێرانی و تاوس و هێلکە و مریشک و فەرخە کۆتر و شووشە شیر و ژنی پڕ سەرومار و بۆکەڵەی گچکە و ئالیک و قشپلی ئاژەڵان و گا و گوڵک و جۆرەها زبڵدان بەماڵی وەردەبوون بۆنی تالان لە دیوار و درەختەکانی ماڵ دەچۆڕایەوە.

ئەو بە بێ زمان دەکەوتە دابەشکردنی دەستکەوتەکانی بەسەر دۆست و دەزگیرانەکانی ژن و گراوییەکانی دڵدار و سۆزانییەکانی کچۆڵە گچکەکانی گەڕەکێ و پارچەلەکانی خۆشکەزا و برازای.

بەبێ لەخۆ کردنەوەی دەمانچە و فیشەکدانەکانی دەستی دەکرد بە گۆڕینی ناوی منداڵەکان ئەو منداڵانەی هەتا ئێستاش هەر ساڵە و ناوێکیان لێ دەنرێ و بەسەردا دەسەپێ.

باب و باپیر و مام و خاڵەکانیان بەپێی گۆڕینی ڕۆژگار لێیان دەگۆڕن و هەرچی کوڕەکانن بەناوی سەرکردە و جەنگاوەر و شەهید و گیانبازەکانیان دەکردنەوە و، کیژەکانیشیان بەناوی دەزگیران و ئەو تەپک و دۆڵ و ناوچانەی لێی جەنگابوون یان لێی سەرکەوتبوون دەکردنەوە.

دەمێک بوو دەمزانی کە شەڕ ناو و نازناو و ڕەنگەکان دەگۆڕی و دەشێوێنێ و لەهەندێک کەسیان دەستێنتەوە و دەیانبەخشێتە هەندێک کەسی تر.

ئێستا هەر شێم مابوو کە جەنگ هەڵداسیایەوە و ئەوان پاشەکشێیان دەکرد و دەشکان بەرەکەی تر شاریان هەڵدەبڕیەوە و

کوڕەکەی دیم دەگەڕایەوە و لەپێش ئاو خواردنەوەی دەستی دەکرد بە سڕینەوەی ئەو ڕەنگە و دووبارە ڕەنگ کردنەوەیان یەکە یەکەی پایەکان پەڕ پەڕی قورئان و قەباڵەکان بەرماڵ چوار چێوەی ڕەسم و دەرگاکان ناوی لە هەموو منداڵەکان دەگۆڕییەوە. کێلی قەبرەکان ڕەنگی تاتە شۆر و تابووتەکان پێچکە و ئاڵقە ڕێز و کلیلی هەموو ماڵی ڕەنگ دەکردنەوە و فلچەی بەسەر دەرزی ئاوێنە و بزمارەکانی ماڵێشدا دەخشاند. چەند ساڵان ماڵ ڕەنگی خۆی لە دەست دا من ڕەنگی خۆم، منداڵەکان ڕەنگ و ناوی خۆیان گیاندار و ئاژەڵەکان کیژە دەزگیراندارەکان عاشقە سەرشێتەکان و سۆزانییەکان ڕەنگی مایۆ و مەمکدانەکانیان، ئیماندارەکان ڕەنگی بەرماڵ و سەرپۆشەکانیان، تا ژیان لە ناو ئەو دوو ڕەنگەیدا تەواو خنکا.

***

بەرە بەرە شەڕ تێمدا گەرمتر دەبوو ڕەنگەکان تۆختر. شەڕ هەر درێژەی کێشا تا بەرەیەک دەبابەی بەعسی وەپێش خۆ دان و شارەکانی وەبەر خۆ هەڵبڕینەوە بە دەیان کوڕە کورد دەستیان دەخوێنی یەک نا و بەرەکەی تریش پاسدارەکانی ئێرانی وەپێش خۆ دان و لەوسەری ڕا جلەوی شارەکانی ئەستاندەوە و بە دەیان دیل و کوژراو لەسەر شەقاماکان بەجێمان وەکی گێژەڵۆکەیەک لاچاوان ون بوون.

هەموو ڕەنگێکم تێکەڵی زەینی خۆم دەکرد. داخو کێهەیانم لێ جوانە کامیان مێینەتیم بە ترووسکە دێنێ ژنەکان وردە وردە بەو ڕەنگەی عوزریان دەشوشت و ڕۆژ لەدووی ڕۆژ ڕەنگ ڕەنگی دەهاویشت دوو سێ ساڵ لەوەو پێش هەموو پێکەوە چووینە دەنگدانێ لێ خەڵک لە

بری دەنگی دڵی خـۆی لـە سندووقــەکـان دەهاویشت. دڵەکـانیـان لە ڕەنگی هـەڵدەکێـشـان لەسـەر دەسـتیـان دەیانبـرد و دەیانـهاویشـتـە سندووقـەکان هی وا هەبوو هەر دڵی خـۆی بە تەنها نا دڵی خوشک و داکی و کـەس و کـارەکـانیـشـی دەگـەڵ خـۆ هێنابوو لەبیـرمـە ڕۆژی دەنگدان بـۆ ئێـوارێ سندووقـەکـانیـان هـاویشـتـە پشـتی لۆری گـەورە گـەورە و لە بری خـوێن ڕەنگیـان لێ دەچۆڕایـەوە، هـەرلەسـەر بەشکردن و بردنەوەی دڵەکان بوو شەڕ هەڵگیرسایەوە.

وام لێــهـات ڕەنگم بـەخـۆوە ڕانەدەگـرت هەسـتـام داوەڵێکم هـێنا و ڕەنگی خۆمم تێ هەڵسوو بەرگی خۆمم لەبەرکردن و بۆ ناو ژیانم بەڕێ کردەوە و هەتا وام لێ هات خۆم و داوەڵم لێ دەگۆڕا.

شـەڕی ڕەنگەکان واپێمان وەربوو نە کەژەکان نە ڕۆژەکان نـە زەمان لەو دوو ڕەنگەیان پتر نەدەدایێ و نە هەورەکان نە چیاکان لەو دووانە پتــریـان پێ نـەمــابوو تەواوی ســروشت لە نێــوان ئەو دوو ڕەنگەیدا دەخـولایەوە و دەسـووڕایەوە هـەر لە باران، شـەست بـارانەکان بەفـر و کــرێوە و تەرزەکـــان لە بـا و شــەمـــاڵ و چۆمـــەکـــان ڕەوەز و دۆڵ و دەشـتەکان نە بەردی هیچ تاوێرێک خونچەی هیچ گوڵێک نە سـەربالّی هیچ تەیرێک بە ڕەنگی خۆی مـابوو دونیا بەش ببوو نێوانیـان ساڵەکان ببـوونـە نیـوە بۆیان، شــەرگـەکـان ڕەنگێنرابوون و بەش کـرابوون، تا قـوڵکەی کـەمین و بەردی سـەنگەر و بۆسـەکان قـەپاغی مـین و لوولەی تفەنگەکان بەش کرابوون.

من لە تـەمـەن و برسـیـەتی و عـیـشـق نە دەترسـام نە لە هێـرشی گـۆڕینـی ناو و نازناوی ژن و منداڵەکـان نـە لە هێـزی گـۆڕینـی ناوی

شــەقـام و شــارەکـان. تەنهـا لە شــەڕی ڕەنگەکـان نـەبێ چونکە لەو شەڕەدا کەس نەمابوو ڕەنگ نەکرابێ.

***

دونیـا یەک پەردەی دابوو بەمن کـە هـەمـوو پـاکـیـزەیـی دەبن دابوو بە لادان و نـەمـــانـی. پاکــیـــزەییم بـە دونیــا وەردەبوو و بـەهـیـچ بۆم کــۆ نەدەبۆوە. پیاوان مـەملەکـەتێکن لە پەردە و سـەرتاپای تەمـەنیـان پەردە بەنـد دەکـەن ئەگـەر یەک لە پـەردەکـانیـان لابدرێ چ وەدەر دەکـەوێ؟ ئەوەی پەردەکانی شەڕ چەندن؟ پەردەکانی پیاوی شەڕ لە عومری من درێژتر و ئەســتـوورترن و «دڵنیـام پیـاوان لە هـەمـوو شـتـەک ســەر دەردەبەن لە عیشق نەبێ»

داوەڵێکی ڕیوەڵە بووم، شەڕ نەمـابوو نیشانەیەکم پێوە نەخا نەمکاتە هەنارەی خۆی و بەرگی خۆیم لەبەر نەکا. ئەگەر داوەڵانە لە ناو پیاو و جەنگ و شار ڕانەوەستێ دەرەقەت نایەی و تەواو هەرکین دەبی.

ئەوەنـدەی دڵم وەبەر هاتبـۆوە خـێـرا فــەرهـەنگی شــەڕم دەرهێنا و لەســەر کۆشم کەوتمە تێڕوانینی و پەڕە پەڕەی شـەڕەکـانم هەڵدایە و هەر لە شەڕی داگیرکردن و سەربەخۆیی و براکوژی و لەشکوژی ڕەت دەبووم و لەســەر شـەڕی ئازادبوون" دەســتم ڕاگـرت و پەڕەکـانم لێک ئاوەڵا کردن. لە سـەرەوەی لاپەڕەکەی بـە گەورەیی نووسـرابوو «شـەڕی ئازادی».

هـەمـــوو مـــانـایەکـــانی ئازادی لە ڕیزی یەک و بە دووی یـەکـــدا نووسرابوون و تا مـانای ئازادی بە بەراوەژوویی ڕاڤە کرابوو بەسەراو بنی لێکداربۆوە ئازاری زاراوەی هێندە لێ ببوونەوە بە دە سـالانیش لە

خوێندنەوە تێگەیشتن یان نەدەبوویەوە. تێگەیشتن لە ئازادی باجی زۆر گەورەی پێ دەوێ ئەی دەبێ گەیشتن بە ئازادی چی گەرەک بێ؟ خەڵک تێکڕا دەچنە ئەو شەڕگەیە لێ ئازادی ئاڵای خۆی لەسەر کەم کەس دەچەقێنی. لە دونیادا هەندەک کەسی تر دەگەنە لووتکەیەک لە ڕەهایی هەڵسوکەوتیان چونکە لە ئازادی تێناگەن وەکی پووشی بەر بایان لێ دێ و بزر دەبن.

ئازادی یەک تاکە وشە بوو لێ هەزارەها مانای لێرەدا نووسرابوو بەهەزار ڕەنگیش دەچووە ناو مرۆڤ. مرۆڤ هەنە خوو بە ئازادییەوە دەگرن. هەنە نەخۆشی بەئازادی دەگرن. ئازادی بە هەزارەها ناوی هەبوون. بە هەزارەها فەرمانیش لێرەدا هاتبوو، بێ لە هەموو نەخشە و خاڵبەندی لەو فەرهەنگەدا لەسەر ئازادی کێشرابوون.

«لە شەڕگەی ئازادیدا تاکە ژنێک لەو دونیایەدا بەساغ و سەلامەتی و سەرکەوتوویی لێی دەرناچێ و لێی دەرباز نابێ.»

نیشتیمان پڕە لەو ژنە کەمئەندامانەی لە شەڕگەی ئازادیدا پەککەوتە بوون و تەمەنیان بە پەککەوتەیی گوزەراندووە و جوانییەکانی خۆیان کردۆتە قوربانی ئەو شەڕە.

هەندێک جار شەڕگەی ئازادی ژنەکانی دەکردنە لوغم و مین و لە ناو پیاواندا یا لە ناو ژیاندا دەیچاندن.

چەندین کیژم پێ شک دێن لەو کیژە بەلوغم بووانەی ئازادی کە دەتەقینەوە؛ خۆ و چەندین مرۆڤی دەوروبەری خۆیان دەکوشت. «ئازادی کە نەی کوشتبای دەبوو بیکوژی لەناو خۆتدا».

کاڵێ ئەو کچە کاڵەی لەماڵە ئاغایەکدا داینابوو و نقار لە ماڵە

مـەلایەک و مـەندێ لـە مـاڵە شـێـخـێک و ڕەوین لـە مـاڵێ سـەرۆک عـەشـیـرەتێک هەر ڕۆژەی یەک لەو دەسـتـە خـوشکانە دەتەقـینەوە و زرمـەیـان لێ هەڵدەسـتـا، ئەو ژنانەی ئازادی کـردبووینە مین بە پیـاوی کارا نەبا هەڵنەدەگیرانەوە ئەو مینانە لە ڕووحی پیاوێکدا دادەنرانەوە یا لـە زەمنیـی دایکێکدا یا لە کـێـڵگەکـانـی باب و مـێـردا دەتەقین و ئەرزیان قووڵ دەکرد.

پەڕەیەک لەودیوی شـەرگـەی ئازادیم هەڵدەدایەوە، چاوم دەکـەوتە سەر "شەرگەی مێردکردن". شەرگەی مێرد کردن وەک تیروپشک بۆت دەردەچێ و هـێندەی تەمـەن دوور و درێژە و دەبێ هەمـوو جـوانی و لاویەتی و تامـەکـانی خـۆی تێـدا سـەرف کـەی و دڵ و چاوان لە خاکەکەیدا ژێر گڵ بکەی و مێشک و پاکیزەییت لە ناو سەنگەرەکانی دا تەسلیم بکەی و ڕوحت لە کەمینەکانیدا بەجێ بهێڵی و بەهەموو جوانی خۆ دەچییە ناوی بە پەککەوتەیی و شکاویش دەگەڕێیەوە و لێی دەنۆڕی.

شـەرگـەی مـێـردکـردن بە دوو سـوڕەتی دەمی مـەلایەک و واژۆی دادوەرێک دەبێتە شەرعی و یاسایی و کۆمەڵ بە پیرۆزت تێ دەڕوانی و پێی بەژیاندا دەپەڕییەوە و، کیژەکان هەزارەها خەویان پێوە دەبینی. جـۆرەها وێنەیان بۆ دەکێـشا لەپاش ئەوەی لە شـەرگـەی کـچـێنی دەکـەونە ناو شـەرگـەی گـەورەبوون و لەوێش ڕا بۆ ئەو شـەرگـەیە کـە دەبێ بەخوێنەوە پێی تێ بخـەی و هەر بە خوێنیشەوە تێیدا بمێنییەوە، بەڕووتی شـەڕی تێدا بکەی و بەبێ مـەیل خـۆی لەگەڵ جـووت کەی بە پەنجـە و زمـان چەکـەکـانی هەڵگری و هەمـوو نهـێنی و پیـسی خـەتەرەکانی لەخۆتدا ون کەی؟ ئەوانەی ناچنە ئەو شـەرگـەیە بە کەم

ئەندام و ڕەبەن دەژمـێـردرێن لە شــەڕەکـانـی عـومـردا بـە جـوانـی و گەنجییەتی دەیانەوێ بەرگری لە خۆ بکەن و بەرامبەری پیری بجەنگن. هەر کیژە و بەڕەنگی خۆی ئەو شەڕگەی دەڕەنگاند و باوەشی بۆ حازر دەکرد. جەنگاوەرەکانی هەموو دەبوونە دیل.

***

ئەو چرکـەی دڵـم دروست بوو، داکم دوو سێ چرکـە پاشـتـر هـەمـوو دڵەکانی ناو دڵی هەڵڕشتنە ناو دڵی من و یەکسـەر ناوی لێ نام دڵان. پاشان شێوەم چووە سەر شێوەی کۆترە شینکەیەک و گەردەنم پڕ بوو لەخاڵ و سینگم خڕ بوو بۆنێکی خۆشی تێ گەڕا و لەپڕ زانیم هەموو شتێک دەبێ کۆتاییـیەکی هەبێت. کۆتاییـیەکان مردن، ڕزین و وشک بوون. سـوتـان، ڕووخـان. بەڵام نەمـدەزانی چەکەکان چییـان لێ دێت؟ دەبی چەکەکانیش بمرن یا بڕزن و یا بسووتێن و وشک بن و بڕووخێن چەندەها ساڵە چییان لێ هاتووە دەبێ لە گۆڕ نرێن؟

دونیا بەو بەرینەی خۆی تاکە گۆڕستانێکی تێدا نییە بۆ چەکەکان.

هەموو شتەکان دەچنە ناو گۆڕ،

مرۆڤەکان هەموو دەچنە ناو یەک جۆرە گۆڕ.

جیـاوازی چییە لە مـابەینی ناو گۆڕی شـۆڕشگێڕێک و خـائینێک؟ فــریشـــتــەیـەک و ســـۆزانیـــیـــەک؟ تـاوانبـــارێک و بـێ گـــوناهـێک؟ سیـاسـەتمەدارێک و چەتەیەک؟ ئیـمـاندارێک و فـاسـقێک؟ ئەگەر ناوی ســەر کـێلـەکـانیـان سـڕدرایەوە یـان بەڕێکەوت نـە خـوێندەوارێک یا بیـانیـیـەک تێـیـان هەڵەنگوت، چ شـونـاسـێکی هەیە بۆ هـەریەک لەو گۆڕانە؟

گۆڕەکان لە دیوی دەرێ ڕا ڕووکاریان دەڕازێننەوە بەجۆرەها ڕەنگ و بەرد و لێ لە ناوەوەی هەر گۆڕێک یەک جوغرافیای هەیە!

زۆر مرۆڤ هەنە تا دەمرن ناوێرن ناوی گۆڕێ بێنن و تاریفی گۆڕی خۆیان بکەن و هەندەکەی دی ناویان تەنها بەسەر کێلی گۆڕەکانەوە دەمێنی تەنها هیوایان ئەوەیە ناویان لەسەر کێلەکانیان جوان و بەرچاو بە زێڕکفت هەڵکەندرێ و ژووری ڕازاوە و بە بەها لەسەر گۆڕەکانیان دروست بکرێ! دووبارە بەڕووی گۆڕەکانیانەوە بناسرێنەوە و لێک جودا بکرێنەوە.

بە تەهنێ گۆڕە ژیانمان لێ دادەماڵی، هەر هەموو دەویدا وەکو یەکدی ڕووت و بێ دەنگ خاڵی لە دونیا تێدا ڕادەکشێین..

نە گەردێکی هەناسە و نە بۆنێک و نە زەردەخەندەیەکیش دەگەڵ خۆ دەبەین، کە دەگەینێ نە فلسێک و نەتاقە شتێکمان لەو دونیایەی پێماوە، دونیا چی پێداوین لەپێش چوونە ژووریێ هەڵدەڕێژین!

گۆڕ نازانی میوانەکانی کێن؟

کوژراون، مردوون، ژەهرخواردوو، سووتاون، خنکاون یا تیرۆر کراون؟

کە دەگەینە ناو گۆڕ چاوەکان لە بۆ یەکەم جار هەڵدەڕژێن و بەسەر خاکدا و بەتاڵ بەتاڵ دەبنەوە لە دیمەن و ئازیز، دڵ هەموو ترپەو خۆشەویستەکانی لەبەر دەڕۆن و ڕێچکە دەبەستنە ناو گڵە ساردەکەی...

پەنجەکان بە هەموو جوانی و ئەڵقەو قەڵەمەکانیان هەڵدەوەرن و لێوەکان بەهەموو ماچ و عەشق و بزەو دەزوولە سوورەکانیانەوە وشک

هەڵدێن و دادەوەرن.

خاک پەردەیەکی ئەستوور و بەسەر دونیاماندا دادەدرێتەوە و پڕ دەبین لێی دەبێتە هەموو پێشگر و پاشگرێکمان...

***

لە خۆشی دڵ وەبەر هاتنەوەم چ جێیەک وەخۆی نەدەگرتم و پڕ بە قووڵایی دڵم پێدەکەنیم تێر بە سییەکانم هەوام هەڵدەمژی و چەندین جار تەماشایی پەنجەکانم دەکرد، لە گەرمترین شەڕی دونیایەدا دەچوومەوە سەر کۆشی دادەنیشتم و وە شەپۆڵ دەکەوتم تێیدا...

لە ڕەنگی هەموو ڕۆژێکم دەگەڕای لە پێکەنین و گریانەکانمدا دەدرەوشایەوە هەر کە بەتاو داتدەکرد دەچاوانمدا دادەوەستای و چ شەڕ هەیە لە زەینمدا دەسڕایەوە و نەمدەهێشت بەڕوومەوە دیاربی و هیچ ماندوو نەدەبووم لە بەناو دەمار وەربوونەکانتداو سووڕانی خوێنتدا ڕۆژێ هەزارەها جار بەنێو دڵتدا گەرم گەرم هاتوچۆم دەکرد...

تا باران توندتر دای دەکرد تۆش گەرمتر وەعیشق دەکەوی زۆر دەترسام عیشقت لێ ڕاگێڕمەوە و سەوەیەک لەنێو سینگمدا خۆت پێ دادا. پڕشنگێک لە بیلبیلەکانمدا بتفڕێنێ و خۆت تێکەڵ بکا. دڵم توند توندی لێی دەدا و لەنوێوە و لە سەرا هەموو شتێکی تێ دەگەڕایەوە و هەموو دڵێک شاگەشکە دەبوو کەیفی دەهات و دەکرایەوە. ناهێڵی ساتێک ڕاوەستم؛ خۆی بۆ لام دەکێشێ و دەمبا هەتا وەرەس دەبێ دەچتەوە سەیری ئەو لافاوەی چەند ساڵە هەڵستاوە نەکەس دەزانێ لەکوێ ڕا دێ و چۆن دەڕوا. ئەو لافاوەی ڕاست پاش براکوژی پشدەری هەڵستا بەهەزاران جحێڵ و هەزرە و خێزانی دەگەڵ خۆ لوول

دان و سنوورەکـــانی تەی کـــردن. جـــاری وابوو لـە شـــاری ورمێ ڕا دەچووە شـاری وان و شـەپۆلیـان دەخـسـتـە ئیـجـە و ئیـجـە چەندەها گـێـژەی پێ دەکـردن و پێ دەخـسـتن. لەوێش ڕا پـتـر پەرش دەبوون ئەو لافاوە زۆر جاران بە تەنیشتماندا تێدەپەڕی و بەناو دڵماندا ڕادەبوورد و ئەو جحێڵ و گەنجانەم دەدیتن کە تەنها دڵیان وەسەر ئاوی کەوتبوو لەشیان لەنێو ئەو شەپۆل و قوڕاو و پەلاشانەدا ون ببوو. زۆریان دڵیان لەســەر لەپی دەسـتـیـان بوو وەســەر ئاوی کەوتبـوو لەشـیـشـیـان تاکە گوللەیەکی پێوەبوو.

دەگـەڵ شـڵـێـوە و تۆفـان و ڕەهێـڵان هەر دەگـەڵ شـەپۆلە خـوایی و دەسکردەکـان ئەوەی وەبەر کەنار دەبرا پـەرت دەبوو. کەنار تەنـها ئەو جەسـتانە بوون و ئەو لەشانە بوون کە دڵەکانیان تـۆفان ڕای دابوون و دڵەکانیـان لە ناو لیتـە و لە بنی ئۆقـیـانووس و دەریاکاندا پڕ ببوون لە لیــتــە یا قـــەوزە و قـــرشـــێک قـــووتـی دابوون یا شـــەڕ لێـرە وشـکی هەڵگەڕاندبوون و دەری پەڕاندبوون. ژن نـەمـابـوو ئەو لافـــاوەی بەنێـــو وەرنەبێ و چی دەڕوحـدا مـاوە نەیبـا و لەپاش ئەو ڕوحـە سـووتمـاکەی لافـاویش چـی پێـوە نەهێـشـتن، کێ مـابوو عـەزیزەکانی تێ نـەکەوتبن و نەڕۆیـبن! ژنێک هەمـــوو دونیـــای خـــۆی دەدا پیـــاوێک هەمـــوو عـــومـــری دەسپـاردە جگەرگۆشـەیەکی لافاو لەگەڵ خۆی ڕادەدا، هێشـتـا تەمەن و ژمارەی لافاوەکانی داپیرەم لەبیر ماوە هەتا هەیڤ و ڕۆژەکانیشـی زۆر لافاو هەن تەنها لەناو ژناندا دەخولقێن و هەڵدەستن.

ئەو سـیـلاڤـانە زۆر بـە پیـاوان دەچوون کـە سـەریان هەڵدەدا هێندە بەتەوژم و بەگوڕ بوون و تیژ بوون هەمـوو شـتـێکیـان دەگەڵ خۆ لوول دەکرد و دەبرد. ساتێکیان نەبوو بۆ مانەوە و ڕاوەستان.

هەتا گەرمی و ڕەنگەکانی ژیانیان لە ڕەگ ڕا هەڵقەند و دەبرد.

خۆم لێ دیارە لەو ڕۆژانەدا بەو لیمۆیانە دەچم کە چەقۆ لەسەر دڵیان دەدرێ و تامیان لەبەر دەڕوا یا بەو مزرە هەنارانەی لووتیان دەبڕدرێ و لە نەگەییویان دەنکەکانیان هەڵدەوەرێ یا بەو دار سێوە لاسۆرەی لە سەروبەری بەر داهاتنێیدا نێو قەدی دەبڕدرێ و یا بەو دار هەرمێ گوڵاوییەی دەگەرمەی بەر کردنێدا لاخ و پۆپی دەسووتێنرێ.

هەر لەو ڕۆژانەدا بەو نیشتیمانە بێ دڵە دەچم کە دڵی جحێڵ و هەرزەکارەکانی بەسەر ئاوێوە بەجێ ماوە و دڵی کچۆڵە و کەنیلەکانی دەژێر گڵیدا شێدار بووە. دڵی پیاوەکانیشی فیشەکدانێکی ژەنگ گرتووە و لە شەڕگەیەکی کۆن کەوتووە.

سیلاڤ هەتا پیرتر دەبوو خەڵکی زۆرتری ڕادەدا و درەختی پتەوتری لەڕەگڕا دەردەهێنان و لە پێچەکانیدا ئەو زارۆک و ساوا و پارچەلە منداڵانەم دەدیتن کە شووشە شیری خۆیان توند لە باوەشی گرتبوو پارچە نانێکیان کردبوو بە ئاڵا و بە دارێکیانەوە بەسەر سەری خۆیانەوە هەڵواسیبوو.

نەمامە ژنەکان وشەی ئازادییان لە تەختی ناوچاوانیان هەڵکەندبوو هەردوو دەستیان ڕاست هەڵێنابوون. ئەو درەختە ژنانەی دڵی خۆیان بە ڕەگ و ڕیشەوە دەرکێشابوو لە قەدی خۆیان دروشمی لەشێکی ئازادیان هەڵکەندبوو نووسیبۆوە ئەو سەروە ژنانەی بەخۆ و بە دەیان هێلانەی ناویان دروشمی تێر تێدا ئاویان بەسەر چڵەکانیانەوە هەڵواسیبوو هەتا شەپۆلەکان بڵندتر دەبوون ئەو حەشامەتە پتر تێک

باهەڵدەدران و سەراوبن دەبوون و ژیانیان سوولێن دەکرد. ئەو شەپۆلە پڕ کەفانەی شرینیان گەلێک بە شرینی من دەچوو...

لەسەر شانی شەپۆلەکان ئەڤ هێلانە ژنانەی پاش ئەنفالێ بەبێ هێلکە و فەرخە و بەبێ کۆتر و پەرەندە بە چیلکە و چاڵی تێک شکاوەوە دەیهێنان و دەیبردن.

لافاو هەر بەوانە ڕانەوەستا و نەنیشتەوە لە شەپۆلەکانیدا هەموو ڕەژووە ژنانی پاش هەڵەبجە و قەلادزێ و گەرمیان و بادینانی دەئاوەکانی خۆیدا پەرش و بلاوکردنەوە. وەکی تۆزێکی ڕەش دەسەر ئاوێ کەوتن.

سێلاو هەموو بۆنەکانی لە بۆنی خۆیدا بزر کرد و هەموو ڕەنگەکانی ئاچووغ کردنەوە لە دووڕا بەتەنها بۆنی دڵی منداڵەکانی لەبەر دەڕۆیی بۆنی ئەو دڵە خاو و گچکەلانەی تازە پوشکووتبوون خاڵی بوون لە زەمان لە تاوان گەلێک جاران مشتم تی هەڵدەدان و بە پەقرەج و سەتلان دەرم دەهێنانەوە یەک یەک بە بەنکی درێژ درێژمەوە دەکردن و هەڵم دەواسین. دەمگوت نەبادا ڕۆژێک ژیان بێتەوە بەبێ دڵی هەتا ئەگەر بە وشکیش بێ دڵی منداڵانی لە ناو باوێمەوە.

دەمزانی ئەو دڵانە لە تاو قەترە جوانەکانی شیر دەرپەڕیون یا لە پەتا و ڕشانەوەدا هێناویانەوە سێلاو شەپۆلی بڵند بوون منداڵەکانی دەنووزانەوە و مەدالیای ژیانیان بەلانکە و جوولانەکانیانەوە خستبوو هەڵدەسووڕانەوە هەتا نەهۆ سێلاوی بەو بەرینییەم نەدیبوو. هەتا چاوەکانم بریان دەکرد دەمنۆڕی و قەوزم لەسەر دەکەوت هەر نەدەنیشتەوە.

هێندە بەتین بەڕامالّین کەوتبوو لە دانیشگا و زانکۆکان مامۆستا و قوتابی و بڕوانامەدارەکان لە نەخۆشخانەکان نەخۆش و دکتۆر و نوژدار و پەرستارەکان لە دادگایەکان دادوەر و تاوانبارەکان هەتا بازاڕ و شارەکانی بە تێکڕایی بەشەپۆلێک ڕامالّیبوون.

هەر لە گوژمەکانیدا ئەو پیاوە کامڵ و ژیرانەی دڵیان فرۆشتبۆ قاچاخچییەک و سەریان لەکن چەتەیەک بە بارمتە بەجێ هێشتبوو وە دیار دەکەوتن.

هەر دەگێژە و پێچەکانیدا ژنە ئیماندار و نوێژکەر و پاکیزەکان، سۆزانییە تایبەتەکانی دەوڵەت و، تەیرە ژنەکانی ناو قەفەسانی پێکەوە لوول دەکردن لافاو پێشبڕکێی دەگەڵ ئیجە دەکرد لەسەر خوێنی و ئەو گەنجانەی دەیبردن هەر ئیجە خوێنی دەخواردنەوە و لافاو خوێنی لە ناو خۆیدا بزر دەکردن. هەر یەکیان دەیەویست لاوی پتر بۆ خۆی ڕاکێشی و دەگەڵ خۆی بەری.

چەندین ساڵم تێپەڕاندن بەخڕکردنەوەی دڵان و بەرگرتن لە دڵان تا بڕم تێدا بوو دڵم خڕ کردنەوە و دڵم هەڵواسین و ئەو ڕۆژەی دیم لافاو بەسەر سەری شەپۆلەکانییەوە چیا و شاخ و ڕەوەزەکانی بردن و لەسەر شانەکانی سەنگەر و کەمین و دروشم و نەخشە و تفەنگ و دۆشکە و تۆپەکانم دەدین دەیبردن و قمی دەکردن.

ڕێ بەدیم دەکرد شار لەدووی شار گوند بەگوند بەسەر سەر و شانی شەپۆلانییەوە کۆکاتەوە بەری هەر لە دۆڵی باڵەکان و جافان و زەروونێ و ئاکۆیان و لە بنارەکانی سەفین و قەندیل و هەندرێن و شیرین و لە پێدەشتەکانی هەولێر و بیتوێن و گەرمیان و شارەزووری

بەسەر سەری شەپۆلەکانییەوە ڕامالّی و بەرێ...

بە بۆنی دەمناسییەوە دەمزانی شەڕە بەو بۆن و ڕەنگە هاتۆتەوە لافاو ئەوانەی دەگەڵ خۆی بردبوون ڕۆحی تێک شکاندبوون و پڕ لە پووش و پەڵاش لەیەک لە کەنارەکانیدا بەجێی هێشتبوون...

دەریایەکان زەریایەکان ئۆقیانووسەکان ڕەوتین ڕەوتینی کوردانیان بەسەروە بوون و لەسەر ڕووی کەوتبوون و ڕۆژی چەندجار شەپۆلەکانیان پێکیان دادەدان و دەیانهێنان و دەیانبردن...

ئێوارەیەک پێش ئاوابوونی خۆر دڵم ڕایکێشامەوە بۆ لای هلیانێ و غەریبم هەڵستا هلیان پڕ ببوو لەپۆش و هەژاڵ بەڵام چاوەکانی هەر بە دوورگەیەکەی خۆ مابوون و کەسک دەچوونەوە تا پتر دەچوومە پێشی بۆنی لافاوی لە پێکەنین و زەردەکانی دەهات و خورە خوڕی دەهات دیار بوو چی هەبوو ئاو لێی ڕامالّیبوو هەرلە ئاڵا و شۆڕش و پیاو و شەڕ و تام و گەرمی و تامانەکانی....

دەتگوت سێوە سوورەیە کە دوو قاش بووە لە نێوان دوو دونیادا و بە هەورێک دەچوو چ بارانی تێدا نەمابێ کە دەئاخافت مژێکی خەست لە قسەکانی بڵند دەبوو ڕایدەکێشایە ناو دوورگەی چاوەکانی، دەیگوت لێوەکانم هەر لە سەرەتای ڕێگایەدا خوسان و بەخۆم و چۆڵەوانییەکانم گەیشتیمە ئێرە چەند ساڵان شتم لەخۆدا چاند و تۆوی جۆراوجۆرم بەخۆدا کردن چی نوێم دەدی شەتڵێکم لەخۆمدا دەڕواند و موتوربە دەکرد. چەندەها ڕەنگم دەخۆ هەڵدەسوون و چەندەها وێنە و پۆستەرم بەخۆمدا هەڵدەواسین و هەر لە سبحەینانەوە دەچوومە بەر نەینۆکی تا ئێوارن داخوا ڕەنگی ئازادیم

گرتووه و بۆنی خۆمم دەکرد دەمگوت دەبێ ئەو جار بۆنی ئازادی بدەم "ئازادی ئەو دونیا گچکەلۆکەی هەر ژنێک پڕ بە مێشکی خۆ بڕی دەکا و پڕ بە دڵی خۆی پاڵەوان و ڕەنگەکانی تێ دەخا"، ئازادی لە دونیای پیاواندا وێنەیەک و ڕەنگێکی هەیە و لە دونیای ژنانیشدا ڕەسم و ڕەنگێکی دی پیاوان بەمانا و هێمایەکی پێناسە دەکەن ژنانیش بە چەمک و نیشانە و زاراوەیەکی تر.

ژنەکان ئازادی بەهەموو ناو و کردارێکەوە دەلکێنن لە ناو هەموو دروشمێکدا دەینووسنەوە" ئازادی لە سنوورەکانی پیاواندا تەنها دەسەڵاتێکی ڕەهایە و لە سنوورەکانی ژنانیشدا جەستەیەکی ڕەهایە."

«ژنان دەیانەوێ هێندە ڕووتیان کاتەوە هەتا ئێسقان و دەمارەکانیشیان وەدەرکەون. پیاوانیش دەیانەوێ هێندەیان شت بۆ کۆبکاتەوە و بۆ بفڕێنی و پێوەخا هەتا کونی چاوەکانیشیان وەدیار نەمێنێ».

زۆر ژن هەتا هەن ئازادی ناناسن و تێناگەن لێ گەورەترین و درێژترین شەڕی لەسەر دەکەن زۆر مرۆڤ شەڕ لەسەر شتگەلێک دەکەن کە زۆر پێی نامۆن و نە دەیناسن، نەدەیانناسی نازانن ئازادی تەنها جوانی و ژیان نییە بەڵکو سووتان و هەڵوەرانیشە.

زۆر ژن هەر لە دوور ڕا باوەش لەبۆ ئازادی دەکەنەوە و پێشوازی لێ دەکەن نازانن زۆر جاران ئازادی مینێکە بەژناندا دەتەقێتەوە کە نەشیان کوژێ کەم ئەندامیان دەکا!.

ژنەکان لافاو گەیاندنیە تاراوگە و پەرشی کردن. هەندێکیان بە بێ زمان کەوتنە ناو ئازادی هەندێکیان بەبێ چاو هەندێکیان بەبێ

گـوێچکە و هـەندێکیـان بەبێ پـێ و هـەندێکیـان بەبـێ دەست خـۆیان لە ئازادی هەڵکێشا.

هیلیـان چـاوەکانـی دەگـەڵ خـۆ نەدەبـردنە ئیـشێ و نەیدەویـست ئەو وێنانـەیان تێـدا هـلانێن بـن و دەیگوت پەنجـەکـانم پـاش ئەوەی پیـاوان هەڵیان گوشیون و شـەڕەکانیش هەڵیان پڕووکاندبوون، نەمدەبردنە ناو دونیـا و قـەرەباڵغی، چاوەکـانیـشم لە شـووشـەیەکدا لە مـاڵێ بەجێ دەهێـڵم. شـەڕ تەواو نـەبوو هـەتا ڕۆحی نەکـردین و نەڕنین، تاراوگـەش تەواو نابێ هـەتا لەت لەتمان نەکا و کەم ئەندامـمان نەکا.

هلیـان فێـربـبوو پیـاو و جـغـارە وەکو یەک بەکـارهێنێ و بکێـشێ و کەیفیـان لێ بکا بیانکێشێ و بیـکاتە دووکەڵ و بەهـەوای دادا یا بیکاتە سووتوو بە پەنجەکانی پتی لێ دا بەدەوربەریدا و لە پاش هەنگاوەکانی پەرش و بڵاوبکا، یا بیکاتـە قونچکە جـغـارەیەکی سووتاو و بەسـەرچوو بۆ نێو تەپڵەک و سەتڵەکانی زبڵی فڕێ دا.

فێر ببوو پیاو و شـەڕاب تێکەڵ کـا هـەر هـەتا مەست دەبێ دەچاویان هەڵڕوانێ و لە ڕەنگیـان خۆشـی بێ و لە تامیـان وەتەزوو کەوێ و گـەرم بـێ و دونیــا لـەخــۆیدا گــەرم بکا لـە پاشــانیش هـەڵیــان چێنـێ و هـەڵیانڕژێنێ و بەقوڵپە قوڵپ بیانهێنێتەوە.

بەرە بەرە ڕاهـاتبـوو دەگـەڵ مـایـۆکـانی لەبەریـان بکا و ڕەنگیـان لە ڕەنگی مـایۆکـانی بوەشـێنێتـەوە، مـۆدێلیـان لەگـەڵ مـۆدێلـی مـایۆکـانی بگۆڕێ هـەتا مـارکە و قـردێلـە و قیـراج و ئـۆیەکانیـان هـەریەکـەیان دوو هـەفتە یا مانگێک لەبەرکا و پاشان فڕێی دا.

هـەسـتی بـە وەڕوورکردنێ و دەرکـەوتنی پیـاوێک نەدەکـرد لێـی تەنـها

ئەو کاتانە نەبێ کە لێوەکانی نمەیان لەسەر دەنیشت و چاوی وەسەر ئاوی دەگەڕان و دەیزانی پیاوێکی ڕێڕەوی پێدا تێپەڕیوە.

لە ژوورەکەیدا پەردەی لەسەر هەموو ئازادییەکانی هەڵدایەوە و وێنەی ئەو پیاوانەی خۆشی ویستبوون یا دڵی لێ سەندبوون یەکە یەکە بە دیوارەکانی ژوورەکەیەوە هەڵواسین و یەکی مۆمێکی خستە بنیان. پەیکەری لەبۆ هەموو ئەو کوڕ و کوڕیژگە و جحێلانەی دڵیان هەرەک کردبوو، داتاشی و لەسەر هەر ڕەفە و مێزێک تەپڵەکێک یەکە یەکەیانی بەڕاوەستاوی دەنان، پۆستەری لەبۆ هەموو ئەو برادەر و هاوڕێیانەی لێیان بە نامەحرەم دەزانی دروست کرد و بە گەردەنی خۆیدا کردن.

هەتا نەختە نەختە خەریک بوو لە ئازادی ژوورەکەیدا قوم دەبوو، ئەوەندە خۆی ڕووت کردەوە ڕووتی لێ هەڵدەفڕی خووی بە ڕووتبوونەوە گرت و ڕووحی ڕووت کردەوە و مێشکی ڕووت کردەوە. ژنییەتی ڕووت کردەوە و جوانییەکانی ڕووت کردەوە، بەشەو و ڕۆژان بە شینایی و بە ڕەش داگەڕانی ئاسمانی بەڕووتی خۆ پیشان دا، بۆ ئاسمانی بە هەورەوە بە ساماڵەوە بە ئەستێرانەوە خۆی لێک کردەوە.

بەڕووتی خۆی لە هەموو ئاو و چۆم و دەریایەکان هاویشت و لەسەر پشتی هەموو خاک و بیابان و دەشتەکان ڕاکشاو هەر بەڕووتی خۆ لە هەموو تیشکەکانی ڕۆژێ وەردا و لەسەر تەنیشت لە زەردەپەڕەکاندا ڕاکشا.

سینگی لەبۆ هەموو برووسکە و گەواڵەکان دادڕی و بەڕووتی و لەسەر گازەرای پشتێ بۆ بارانەکان وەرکەوت و بۆ ڕێژنە و نمە

ڕەهێڵەکان ئاوەڵا بوو. لەبۆ هەموو چیا و ڕەوەز و دوند و لووتکەکان و لەبۆ با و باسریشکە و شەماڵ و شنەکان خۆی بە گۆڕێ وەردەکرد. لەبۆ بەفر و زریان مژ و تەمەکان خۆی تەواو داماڵی هەتا وای لێهات لەبۆ یەک یەکی کەژەکان ساڵەکان بۆ دار و بەرد و تەیر و ئاژەڵەکان خۆی ڕووت کردەوە.

***

چاوم لێ بوو چۆن شەڕ تێمدا وە هنارە کەوتبۆوە ئاگرێکی سووری لێ بڵند دەبوو دەیەویست یا خۆی وەرگێڕێتە سەر من، یا من وەرگێڕێتە سەر خۆی و بەهەلاندنم بدا. یەک لە وشەکانم وەبەر خۆ هەڵبڕێ، شەڕ لەوەتەی هەیە وشەی شینی لە دەستپێکی خۆیدا چەسپاندووە و شینی لە ناوەڕاستی عیشق خستووە دەمابەینی کوشتنیدا چەقاندووە و لە چەقی خۆشەویستیدا سەری پێ دەرهێناوە و هەڵی ڕشتۆتە ناو دڵی شەڕابەوە و لە شەوێدا تاریک داهێناوە و. شین هەر لە شەرم و شێوەی ژندا ڕانەوەستاوە و ڕۆچۆتە ناو لەشیانەوە و کردوونیەتە گەورەترین شەڕگە.

***

لە وەڕەسییان باوەشم لە درەختێک دەدا و بۆنی گەڵایەکانیم هەڵدەمژی دەمدی داری بی و دار بەڕوو دار بەلالۆک و دار قەزوانەکان بۆنی سیحرێکیان بڵاو دەکردەوە کە تا ئێستا کەس ئەو بۆنەی لێ نەکردبوون. بۆنی درەخت بە بۆنی بوون دەچێ لێ شتاقمان چاوی درەختێک ناناسین و لە چاوی درەختەکان ڕانامێنین و جارێک دەستی درەختێک ناگرین و لەسەر چاوی خۆمانی ڕۆنێین؛ چ درەخت هەن

هەموو دەمێ وەکو یەک سەریان لەبەرەخۆ دەنا و لە فکران ڕۆدەچوون.

کەسێک نەبوو لێیان بپرسن لە چ ڕاماون و دەتانەوێ چ بێژن و پڕ بەدڵی خۆتان بۆ کوێ بڕۆن. درەختەکان پاش ئەو هەموو بڕینەوە و داسووتانیان هەر هەڵدەدەنەوە و ڕەگ پتر دەهاوێن. درەختەکان چەندە بەژنان دەچن وەکی وان پتەو و خۆڕاگرن پاش ئەو هەموو بەرەی دەیکەن بەرگەی ئەو هەموو بڕینەوە و گڕ تێبەردانەش دەگرن کە درەختەکان دەبڕن بە هەزاران شمەکی جوانیان لێ دروست دەکەن و بەڕەونەقتر دەگەڕێنەوە ناو ژیان و کە دەشیان سووتێنن ئەوەندە ڕووناکی جوان دەدەنەوە ڕووناکتر و گەرمتر دەگەڕێنەوە ناو ژیان.

ژیان نە لە ژن نە لە درەخت داناشۆرێ و شتاقیان نەکەسێک دەیانڕوێنێ نە کەسەک دەیانچێنی. هەر بە خۆڕسکی خۆ زیاد دەکەن و دەمێننەوە. ئێمە هەموو پیر دەبین بەبێ سێبەری درەخت و سێبەری ژن، چونکە لەبۆ ژیان نە درەختێک دەڕوێنین نە ژنەک دەڕوێنین.

خافڵین لە جوانی ڕەنگ و دەنگی هەرتکانیان «شەڕ نەیهێشتووە نە درەختێک نە ژنێک ڕەگی پتەو داکوتی و گەشە بکا.»

چ درەختێک دەبینی لەبەر بەتەمەنیان نازانی چۆن لە قەد و لە باڵای هەڵبڕوانی و دەڵێ یەکەک سیحری لێ کردوون یا بۆ خۆ بوونەتە سیحرێک و بەتاڵ نابنەوە؛ ناتوانن پڕ بە تەمەنی خۆ گەڵایان دەرکەن و گەڵایان هەڵوەرێنن و پڕ بە سنگیان هێلانەی پەڕەندەکان وەخۆ گرن. ببنەماڵی چەندەها سمۆرە و دارکونکەر لەنێو قەدیانا یەکتر لە ئامێز گرن و بێچوویان بن و هەر لەنێو هەناوی درەختدا گەورەیان بکەن.

هەر ئەو سیحرە نەیهێشتووە پڕ بەدڵی خۆ بەربکەن و سێبەریان

ڕاخەن و شەوان تێر چاو لە مانگ ببڕن و بەرەو دەم بۆ خۆر ڕاکشێن.

درەختـەکان هەر بە جـحێڵی چەک هەڵدەگـرن و کوڕەکانیـان تازە خەتی سـمێڵیان دەدەن کە تفەنگێک بەشانیدا دەکەن و دەڕۆن و ئیدی ناگەڕێنەوە. هەندەکی دییـان هەمیـشـە لە ڕیزی پێشـەوەی شـەڕەکانن شەڕ نییە ئاوریان نەدا پێش هەر شتێک.

بێـوەژنەکـانیـان بەهـەر هەڵدێر و چیـایەکەوە بێت درێژە بەعـومـری خۆیان دەدەن و بە چاوەڕێی شەهیدانە و گۆڕە بزرەکان.

دەڵێی درەخـــتـــەکـــان دەزانـن ڕۆژێک دێت گـــۆڕی بەکـــۆمـــەڵی درەخـتـەکـانیش هەڵدەدرێتـەوە و بـە خـۆشـەویست و دڵدارەکـانیـان بگەنەوە، ئەگەر وەکی ڕەژوویەکی ڕەشیشیان لێ هاتبێ.

هێشتـا لە ژیان ڕانەهاتبوومەوە و هلیـان لەسـەر پیلـووەکانم بوو کـە دڵەکانـی ناو لەشم وەکی گێژە خولیان دەدان و تێمدا هـەڵدەسوڕان وە سووڕان دەکەوتن وەکی ورتکە ماسییان.

دەستـم توند بە دونیاوە دەگرت، ئامێزم پتر لە بۆ ژیان ئـاوەڵا دەکرد و لەپڕ دڵی دڵهـەناریَ خـۆی لەجێی دڵم دەپەسـتاوت و بۆنی هەنارم تێ دەگەڕایەوە....

## بەشی سێهەم

دڵم خڕتر دەبوو لەخۆشییان دەپەشۆکام وەزێ دەستم دەکەوتنە ئەو لاو لایان شەوم لێ بەڕۆژ نەدەبوونەوە چ خۆشی و گەرمی هەیە لە زمانم دەئاڵان و پریشکی جوانم دەدانەوە لە عاشقییان لە هەموو کەس و شوێنێکم جوان دەڕوانی، زەردەی لەسەران بوو کانییەکم لەلای پیاوێک بەجێ هێشت و وەڕێ کەوتمەوە لە دڵنیایان شەپۆڵم دەدان نەمدەویست چی دی ئەڤ هەموو کانییانە لەخۆمدا هەڵگرم ژنان چەندین کانییان هەن. لەبۆیە هەرگیز لە وشک هەڵگەڕان ناترسێن.

هەر دەگەڵ چاو پوشکووتنەوەم خەنی ببووم و پەلەم بوو هەموو کەس بناسمەوە هەموو ناسیاوەکانم ببینمەوە. لێ دەمدی هەموو شتەک لە کۆڕەودایە و هیچ لەجێی خۆ نەماوە."ژنەکان بە کۆڕەوێک دەچن کە نە سەری دیارە و نە بن و هەمیشە هەر بە کۆڕەو وەڕێ دەکەون و مل دەنێن لێ نە دەگەنە چ جێگایەک و نە بەرەو پاشەوەش دەگەڕێنەوە و ژەوان دەبنەوە".

بۆن هەناری دڵم دونیای دادەگرت و بژۆڵکەکانم ڕێک ڕادەوەستان و هەرتک مەمکم قیت دەبوونەوە و لێوەکانم دەبوونە دەنکە هەنار دڵم لە خۆشی زیندووبوونەوەی وەکی هەنارێک شەقی دەبرد و ئاوی لەبەر دەڕۆیی.

لەسەررا چەند کوریژکە و جحێڵ خۆیان تێ هەڵداویشتم و مەیلیان دەچۆوە هەنارەکەی دڵم.

دڵم هەڵهێنانەوەم لەبەر خاتری تۆ پێ خۆش بوو، دەمزانی دەرژێتەوە ناو دڵم و گەرمی دادەهێنییەوە بۆیە خێرا خۆم گەیاندەوە ماڵێ و چاوەکانم بە کل ڕشتن و کراسە گوڵ زەردەکەم و کەوێ سپییەکە و سوخمە سۆرەکەم لەبەر کردەوە و گوارە سێ گۆیەکانم لە گوێ کردنەوە کاکۆڵ و سەری پەنجەی دەست و پێیانم لە خەنەیدا سوورکردن و خرخاڵەکانم لە پێ کردنەوە بەنکی شیلانەکانم لەگەردەن کردەوە. چەند جار چوومە بەر نەینۆکی و لە بەژنی خۆم هەڵدەڕوانی. دەمدی هەڤرین بوومەوە.

هەموو ڕەنگەکانی خۆشم ویستبوون دەمهێنانەوە گۆڕێ و دڵم تەڕ تەڕ لە لەشم دەگەڕایەوە و عاشق دەبوومەوە. عەشق خۆشە لێ ناگاتە خۆشی عاشق بوونەوە. لەبەر هەیوانێ دادەنیشتم و ئێواران دەچوومە سەربانی بەرە ژوور دەچووم خۆم لە کانی پشت ماڵان هەڵدەکێشا هەموو ڕۆژێ بەر لەکازیوە خۆم بەسروشتدا دەدا دەگەڵ ڕەوە باڵندەکان خۆم لە درەختەکاندا بزر دەکرد ئامێزم لە چیاکان وەردێنا لە دوای کارمامز و ئاهۆیەکان بەپشتی کەژاندا وەسەر دەکەوتم، تا تینم تێدابوو تامم لە سروشت هەڵدەمژی.

تا بۆنی چیاو کانییەکان دەهاتەوە ناوم، هەرچی جل و بەرگی ڕەشم هەبوون تووڕم هەڵدەدان لەسەر ڕا چەند کراسی گوڵ سۆر و گوڵ مۆر تەخت شینی ئاسمانی و تەخت کەسکی گوڵ بنەوشەیی و سپی و نارنجی و سوخمەی هەناری و سوور و زەیتوونیم بە دروون دەدانەوە و گەردەنم پڕ لە خەناوکە و باسکم پڕ لە بازنگەی ڕەنگاوڕەنگ دەکردن

هەستم دەکرد دیسان بەر موسولّدانم وە بزووتوون دەکەوتەوە و دڵی ئاهۆی تێمدا دەبوو بەگۆشت و لە تۆپەڵە خوێن دەردەچوو لەپڕ دڵم قوڵپ دەبۆوە ناو دڵی چ دڵێک لە دڵمدا هەبوون هەڵدەڕژانە ناوی ڕۆژێ چەند جار گوێم بۆ «هەی دڵ هەی دڵ دڵی من»ی گوڵبەهاری ڕادەدێشتەوە.

چاوم دەکەوتنەوە و پشتە دەستەکانم دەئاوسان و سینگم وەکی باخی هەناران دادەهات و گوێم لە دەنگی یەکەم دڵۆپە خوێن دەبۆوە کە دەڕژایە ناو دڵی و دڵی بەرە بەرە گەرم دەبۆوە وەگوڕ دەکەوت تێکڕا هەموو خوێنبەرەکانی جەستەم دەلەرزین و بەگوڕۆژم دەکەوتنەوە و بەرەو ژێر دەبوون، وەختێک دڵێک لە ڕەحمی گەرمی هەر ژنێکدا وە ترپە کەوی ژنە قەت نامری و بەرە بەرە دەڕوێتەوە و دونیا بەتەواوی لە ناو خۆیدا وەسەر یەک دەنێ گۆنایەکانی پڕ دەبن لە ڕەنگ.

ئەز هەر وەکی باخی هەناران کە تاوی تێ دەچەقی ڕەنگم هەڵێنابۆوە لێ کەس نەیدەدیم و کەس هۆشی لەمن نەبوو. هەموو شتەک هەموو کەس لە کۆڕەوێدا بوون هەر لە عەشق و سروشت و ژن و پیاو و ڕەنگ و جوانی باخچە و پەنجەرە و دەرکەکان. نەخشەی هەموو شتەک لەو کۆڕەوەیدا وەڕێ کەوتبوو چ لەجێی خۆ نەمابوو هەر دەمەویست شتەک کەمێک ڕاگرم و خۆی لەگەڵ ڕابێنمەوە لێ نەمدەتوانی هەموو ملی دەنا نە کەس دەیزانی بۆ کویندەرێ نەکەس دەیزانی لەبۆ!

کۆڕەو هێندە درێژ و هێندە بەرین بوو چاوم هەتەرەی نەدەکرد تەواو تێی هەڵڕوانیم و پێدەچوو گەلێک ساڵە سەری هەڵداوە و وا زووش ڕاناوەستی کۆڕەو ناو و تاریفی جۆراوجۆری لەبۆ بینرابوونەوە...

هەندەک کەس بە تەنیا لەشیان دەگەڵی ڕۆییبوو هەندەکی دەدی ویژدانیان و هەندەکی دەدی زەینیان ڕۆیی بوو، ئەوەی ڕەگەڵیشی نەکەوتبوو بەبێ ویستی خۆ شتەکی هەر لێ ڕاپێچ کردبوو زۆر دۆست و هاوەڵم دەدین ڕەنگیان ڕۆیی بوو زۆر دەستە خوشکم دڵیان وەڕێ کەوتبوو کەس کەسی نەدەناسییەوە هەموو هەر بەپەلەپەل کەوتبوون و کەس لە سەر کەس ڕانەدەوەستا.

***

دڵم هەناراوێکی خۆشی دەدایەوە و هەموو هەنارەکانی لەشم دەلەرینەوە و لێ چاوم هەر جوانییان نەدەهاتەوە ناوی وە گوڵە هەناریان نەگرتەوە؛ چونکە چاوەکانم هێندە گەچڵابوون هەر لەو کۆڕەوێدا چاوی ژنە شەهید و ئەنفالەکانم دەدین چۆن دەیانفرۆشتن و نانی منداڵەکانیان پێ پەیدا دەکردن.

ئەز جوان جوان ئەوانم لێ دیار بوون کە ڕۆژانە چاوی خۆ و چاوی منداڵەکانیان لەسەر سینییان دادەنا و بەناو بازاڕێدا دەهاتنە خوارێ هەموو سینیەکان چاوی سوور هەڵگەڕاو و چاوی فەریکی منداڵە شەهید و ئەنفالانیان لەسەر بوو بە تووڵێکی سپی داپۆشرابوون.

هیچ لە منداڵە ئەنفالەکانی گەرمیان و بارزانییان چاویان دەوێدا نەمابوون و لەو کۆڕەوی خەڵکیشدا سەرە گێژەیان گرتبوو.

هەندەک چاوەکانیان هەر فەریک بوون لە برسان هەڕاجیان دەکردن و هەندەکی دی چاویان تازە گوڵی کردبوون کە لێیان هەڵدەبڕا و یا چاویان لەسەران گوێلکان دەکەوتن یا لە ناو زێرابەکاندا دەگەڵ چۆڕاوی بارانی دەڕۆیشتن و لە ژێر پێی هەزارەها نیشتیمان فرۆش و

سیخوڕدا دەپلیقانەوە و بەعەردییەوە وشک دەبوونەوە.

زۆر جاران مشتەری و کڕیاری چاوەکان منداڵ بوون و بۆ کەلایێن دەیانکڕین و لە ناو خۆڵی کۆڵانەکاندا کەللایێنیان پێ دەکردن. لەپاشان لۆ جوانی لە قوتوویەکیاندا هەڵدەگرتن. یا بازرگان و مەیفرۆشەکان خۆشاو و شەڕابیان لێ دروست دەکردن یا کاربەدەست و لێپرسراوەکان دەیان ناردن بۆیان بکڕن و دامە و شەترەنجیان پێ دەکردن.

خەڵک هەر ڕای دەکرد لێ من چاوی هەندەک ژنە ئەنفالی دەدیم لێ دیاربوون بەتایبەت دەیانبردنە سەر مێزی بلیارد و قوماری گەورەگەورەیان پێ دەکردن هەر دەسەڵاتدارەی هەر بەرپرسەی بەدارێک لەسەر مێزی بلیاردەکەی ڕای دەدا و پەنجەی لەسەر دادەگرتن..

چاوەکان وەکی فەریکە گوێز و ئاڵوباڵوو داتەکێنرابوون و قەڵشتیان دابوو و خەڵک هەر ڕێی دەکرد و پێیان لەو چاوانە دەنا نە کەس ئاوڕی لێ نەدەدانەوە نە کەس دادەهاتەوە هەڵیانگرێتەوە. چاوەکان وەکی بۆڵوە ترێ و هەڵووژە لەبەر پێیاندا دەپیلقانەوە و جوانی و خۆشەویستەکانی ناویان بە گۆڕێ وەردەبوون و کەناسەکان گەسکیان لێ دەدان و دەیانهاویشتنە سەر سەرە بێڵەکان پاشانیش بەرمیلە زبڵەکان.

چاوی ژنە ئەنفالان ئەڤ چاوانەی ڕەشێنەکانیان ببوونە چاوەڕوانی و خۆڵیان لەسەر نیشتبوو. کۆڕەو هەر گەورە دەبوو هەندەک چاویان دەنک دەکردن و هەندەکی دیکەیان دادەبێژتن. هەندەکی دی لەسەر سینییان نەدەفرۆشران دەبرانە نێو جامخانە و قوتووی گەورە گەورە و

ڕەنگاوڕەنگ و بە حەلاقەیان دادەکردن.

لەولایرا لێم دیاربوون ئەڤ چاوە خۆڵاوییانە بە لۆرییان دەیانهێنان و دەیانبردن تەلار و ساختمانی نوێ نوێیان پێ دروست دەکردن هەر بە گەڵابان لەبری خشت و بەردی حەلان و مەڕمەڕ ڕووی خانوو و دەزگا و ساختمان و کۆمپانیاکانیان پێ سواغ دەکردن.

یا بە کەچکە شۆڤڵان دەیانهێنان شەقام و جادەکانیان پێ قیلەتاو دەکردن بەردی بناغەی پڕۆژەی قەبە قەبەیان پێ دادەنان.

پلە ماهی هەموو ڕۆژێ دەچۆ دیار شەقامی گەورەی شاری دەیگوت چاوەکانم بێرەوە نووساون لەدوا قیرتاوکردنەوەیدا ڕۆژێ هەر گوێ هەڵدەخەم تا بزانم کێ و چ بەسەریاندا تێدەپەڕی و دەگوێزرێنەوە. دەیگوت چاوی ژنە ئەنفالان چەند ساڵ دەبێ هەڵکۆڵدراون و خراون هەر حیزبە و ئیمزای خۆی لەسەر کردوون و ئارمی خۆی لێ داون و لەبیرمە ڕۆژگارێک هەر حیزبە و بەشی خۆی جودا کردبوونەوە و بە ئاڵای حیزبەکەی خۆیەوە دروبوون لە شەڕەکانی براکوژیدا ئاڵای خۆی پێ دەشەکاندنەوە.

یا دەیانکردنە مۆر و لە سەیارە و ماڵ و خانووبەرە و کاڵا تاڵانییەکان دەدان و یا هەندەک ژنی دەست ڕۆیشتوو دەم ڕۆیشتووی نێو ڕێکخراوی حیزبەکان وەکی گوڵە سینگ لە یەخەی خۆیان دەدان یا وەکی کەوش لە پێیان دەکردن یا لە پێشەنگای گەورە گەورەدا نمایشیان دەکردن" و بە هەزارەها کتێبیان لەسەر چاپ دەکردن.

زۆر جاران ناوی خۆمان تەواو لەبیر دەچۆوە و نەماندەزانی ناومان چییە هێندەیان ناونووس کردبووین لە دەفتەراندا لە فۆرماندا بەهەموو

زمـانان نـاویان دەنووسـین چی ڕێکخـراو و کـۆمـەڵە، شـانـد هەبوون و دەهـاتن چاوپێکەوتنیـان دەگـەڵ دەکـردین و قـسـەیان لێ دەپرسین. چەندین ڕێکخراو و کۆمەڵەی سەندیکای ناوخۆش فۆرمیان دەداینێ و وێنەیان دەگرتین و کامێرای تیڤیەکانیان تێ دەگرتین و ڕەنگیان کاڵتر دەکـردینـەوە ناومـان پتـر وەکی بـا تێی هەڵکا لەبیـرمـان چۆوە هـێندە لێیـان سـەندین و لەبۆ دروشـمـان دەکـاریـان برد پیـتـەکـانی ناومـان ئەوەندە ئـەو زمـان ئەو زمـانی کـردبوو هـەمـوو سـوابـوون و بەسـەر چ زمـانێکەوە بەن نـەدەبوون و یـەکـتـرییـان نـەدەگـرتەوە و پێکەوە نەدەنووسانەوە.

هەر سەردەمە و بە بیانوویەک چاوەکانیان لێ وەردەگرتین هەر ساڵە و چاومـان دەنێـو فـایلێکدا بوون و هـەر سـاڵەو دەنێـو جـانتـایـەکـدا براونەتە وڵاتانی دەرێ و تێک شـڵـەقاون و لە جۆرەها دەفتەر چەکاندا چوونەتە جۆرەها بانک و مۆریان لەسەر دراون.

لێ بۆیە چەند سـاڵە نە چاومـان، نـە ناومـان مـاوە، نە دڵمـان، بە تەهنـێ لەشـێکی بەتاڵ و خـاڵی بـا دەنهـێنێ و بـا دەمـانبـا و تێکمـان بـاهـەڵدەدا و بەهـێـلانـەیەک دەچین ڕەشـەبـایەک تێکی دابێ و بـەری دابێـتـەوە و هـەمـوو هێلکەکـانـی تێـدا شـکابن و هەڵوەشـابن. هـێندە هـەڵوەشـاوین و پەرش بـووین لەبۆ خـۆشـمـان نـازانین تا کـوێندەرێ پەڕیوین و چۆن خـۆ کـۆکـەینەوە چ ناوێک لە خـۆمـان بنێـینەوە چۆن لەگەڵ دونیا ڕابێینەوە.

کـۆڕەو ژیانی گـەرمی دەناو خـۆدا پێچ دەدا و دەیبـرد، ژنـە هـەڵپرووکـاوەکانی پاش ئەنفـالیش چاویان داچەقیـبوون و لەو ڕەوەدا ملیـان دەنان چاوەکـانیـان و لێـوەکـانیـان هـەمـیـشـە پڕ بوون لە

عەزیزەکانیان و دونیایان لە پیاوەکانیان ڕا دەدی لەپاش ئەو چەند ساڵانەش لە بۆ ساتێک گۆناکانیان چۆڵ نەبوون لێیان، چەند گەڕان چەند جێگایان شارەزا بوون لێ هەموو کۆشک و باڵەخانەیەکدا لە سەوزایی و هەر مەزارێک و لە شینایی و هەر دەریایەکدا لە بڵندایی هەر چیا و پەڵە هەورێکدا هەر ئەوانیان دەدی و لەنێو هەموو پەنجەکانیاندا بوون.

چەند دڵۆپە بارانیان وێ کەوت و چ شنەیەک خۆی پێ دادان ئەوان تەڕی نێو دڵۆپەکان و بۆنی شنەکان بوون چ گومانیان نەمابوو کە تازە ئیدی لێک جودا نابنەوە.

دەیانزانی لەوان واوەتر هیچی دی لە دونیادا ناتوانێ وەکو ئەوان خۆشیان بوێن و ئارامیان کاتەوە و قاقایەکانیان لەگیانیاندا دەنگ دەدەنەوە بە قوربان بوونەکانیان ساتێک چۆڵیان ناکەن. چاوەکانیان هەر ئاوی ئەوانی تیادا بەجێ ماوە هەر چاوەڕێن گرنگ نییە لە کوێندەرێن چۆن بن لەسەر خاک یا لەنێو گۆڕ لە ناو ئەوان هەروەکو خۆ جوانن.

بیلبیلەی چاوەکانیان هەر لە خوماراوی ئەوانڕا دەسووڕێن و هەڵدێن و دەبزوون لێوەکانیان ڕەنگی وانی هەر لەسەرە و پێوە بەجێ ماوە نەبۆ جارێکیش ئەوانیان نەهاتۆتە پێش چاو لە ناو گۆڕدا.

خۆشەویستان هەرگیز لەپێش چاوی یەکتری ناچنە ناو گۆڕەوە. هەموو دەمێ هەر بە زیندوویی لە ناویاندا و لە دونیایاندا هاتوچۆ دەکەن.

چۆڵە ژنەکانی پاش ئەنفالێ بە ئاوەدانی دونیا تازە ئاوەدان نابنەوە

و خەندەیەک خۆ لە لێویان هەڵناسوێ پەنجەکانیان گەرم داناهێنێ.

لەپاش خۆشەویستیان بەشی هیچ و کەسیان لە دونیا پێوە نەماوە و پتر لە سروشت و لەهەر زیندەوەرێک خۆشیان ویستوون هیچیان پێوە نەماوە.

تەراویلکە ژنەکان لە فرمێسکان پتر هیچی دییان لەبەر نەدەرۆیی و هەرچی تەڕاییان هەبوو ویشکیان کردبوو.

توند توند چرنۆکیان لە خاک دەدا تا پێوە بنووسێنەوە خۆیان لە ئاسمان هەڵداویشت تا لەسەریان شین ببێتەوە لەبەر چۆم و ڕووباران دەگەڕان تا بە تەڕی بە تەنیشتیاندا تێپەڕنەوە.

***

دڵم هێندە گەش ببۆوە هەرچی تووشم دەهات تاوێک چاوی دەخستە سەر ڕەنگی دڵم هەر بەپەلە وەکی کێشکەیەک لە بەر باخەڵی خۆم داویشتەوە تا تاوێک ئارام بم و چاوان لەسەر یەک ڕۆنێم.

نەمدەزانی چۆن وەرسووڕێم و چۆن لە فکران ڕاچمەوە. دڵ هاتنەوەبەر تەواو تاساندبوومی نەمدەزانی چۆن بئاخڤم چۆن چاوان ببزیۆم ئاخر دونیای من تەواو ببوو دەبوو کو دەست پێ بکەمەوە؟

هەورە پەپوولە هەموو هێوارە و بەیانییەکانمیان دادەتەنی و لەسەر مەچەک و لاجانگەکانم فرە فڕیان دەکرد و بۆنی گەردەنیان دەکردم.

هێندە لە دونیای خۆ گەڕابووم تا شل ببووم. چاک دەمزانی جەلێکی دی هاتوومەتەوە نێو ژیان لێ لە دونیا گەڕان تەواو نابی. ڕێ بەدیم دەکرد چەند جارێکی دیکەش بژیەمەوە هەر دونیای خۆم لۆ نابینرێتەوە دونیا دیتنەوە لەبۆ ژنەک گەلەک سەختە ئەو دەمەی هەست

بکا کە دونیا لێی تەوەلا بووە، وێڵ بوون زۆرن ئەمما وێڵ بوون لە دوی دونیا پەک و بارت دەخا، چوونە نێو دونیا سانایە لێ دونیا ناو هێنانە ناوخۆ پەل و پۆت دەشکێنی.

بەیانییان کە وەخەبەر دەهاتم دەمدی بەهێشوو هەناوم پێدا شۆڕ بوونەتەوە و هەنارم لی دەلاژێنەوە لێ تازە کەس نابینمەوە پڕ بەدڵی خۆم سەریان وێ کاو لە تێڕوانێ یان چاوی خومار بن.

بە تەویا بووم ئەو کەڕەتەی دڵم بەکەیفی خۆم بدرووم‌ەوە بەکەیفی خۆم بیچنم و بەکەیفی خۆم تاوی دەم و پڕ لە دونیای کەم و تێر تێر لەخۆیدا ڕابهێنم و نەیبەخشمە کەس تا تێر کەیفی لێک کەین.

کە داڵغە بەو پیاوەوە لێ دەدەم کە وەکی دونیا لێی وەژوور کەوتم و بەهەموو مەیل و ڕەنگەکانی شاگەشکە بووم دەشڵەژێمەوە و لەسەر ڕا دڵم تژی دەبتەوە لە خوێنێکی گەرم گەرم و لێوەکانم پرتەیان وێ دەکەوێ دەگەڕێمەوە ناو ئەو ڕۆژانەی کە چۆن وەکی خۆی لە کەشتییەک هاوێ خۆی لە دڵم هاویشت و نەرم نەرم سەوڵی لێ دان و بردی.

هێندە بۆنی هەنارەکانی سینگی کردم تا لەو دونیایەی خافڵ بووم و وەکی تیشکی هەتاوێ خۆی لە ڕوحم هەڵسوو ناوی لە دڵم گۆڕی و بەناوی خۆی کرد.

لە وەڕەسی خۆم بەڕەهایی بەناو ژیان وەردەبوومەوە و کە لەپڕ وێرانە ژنەکانی پاش ئەنفالم لێ وەدەردەکەوتن کە چۆن بەکۆمەڵ وێنەی کەس و کارەکانیان دەجامێک گرتوون و تەمەنیان بەرامبەر بەڕێ دەکەن و....

پلکە سەراب بە تەمی سەر لێوەکانییەوە لە خۆشی و ناخۆشییاندا دەستی دەهاویشتە ئەستۆی وێنەکان و بەخۆیەوە دەگوشین... ڕۆژێ دە جار سەفەری دەکردە نێو ئەو چرکانەی وێنەکانی تێدا مەیبوون و بینی بەگەردەنی هەر یەکیانەوە دەناو بە بالۆرە پێی هەلادەگوتن و بۆنی لە جەمەدانە بەجێماوەکان هەڵدەمژین.

چەندین ساڵە کەس گوێی لە قولپێکی ڕانەگرتووە لە باران واوەتر کەس نابێتە هاوەڵی و بە باڵندەکانیش نەبێ بە چیدی کەیفی نایێ مەینەتییەکانی دونیا وەها هێلانەیان لە روحدا کردووە تازە بەهیچ چۆڵی ناکەن.

تەنها بەخەندەی سەر لێوی وێنەکان بزەی دەهاتێ و بە وەرەزیشیان وەرس دەبوو ڕەنگی دەگۆڕا و ڕۆژێ چەند جار دەگەڵ سروشتی تێکەڵ دەکرد بەچاوی هەموو کەژەکان تێهەڵدەڕوانین.

جۆرەها تۆوە گوڵی بەنیگایدا دەچاندن و لە نسێی درەختەکانیان واوەتر لە هیچ جێیەکی دی لە دونیایەدا ئارام نەدەبوو و ئۆقرەی نەدەگرت.

ئەز لەگەڵ ئەڤ کەلاوەژنانە وەکی بەفر و چیا بووین بێ یەکتری نەدەحەواینەوە و بەبێ یەکتری هەڵمان نەدەکرد. لەبیرمە پلەکە مەهروب کو بە تێک ڕوخاویەیی خۆوە چۆکی لەبۆ کەس دانەدەدا و هەمیشە بۆن ڕیحانە لە کەلاوەکانی دەهات و کە دادەنیشت دەتگوت شاژنێکە هێندە چاو تێر و دڵ تێر و ڕوح تێر بوو باکی بە هیچ لەو داڕووخانانەی نەبوو.

ڕۆژ تا هێوارێ لە ئۆردووگای شۆڕش لە کوورەی خشتاندا قوڕی

دەشێلا و خشتی دەبڕین و جار جارەش بۆن مێخەک و فرمێسکەکانی تێکەڵ دەبوون و فرمێسکەکانی بۆنی مێخەکیان لەبەر دەڕۆیی.

لە چاوەکانی ڕا ئەڤ کوڕ و مێردەت دەدی چۆن بەسەر ئەسپێکی کەحێل غاران دەکەن و تاقمە و فیشەکدانەکانیان کو ڕاست و چەپ لەخۆ بەستووە و ڕەنگیان بەڕەنگی کەڤرەکانی چیا دەچێ و کو بەخۆ و بەسەنگەرەکانیانەوە دەیانپێچنەوە و زیندە بەچاڵیان دەکەن و لە ناو ئەڤ لە زەردەیاندا ژێر لم دەکەن.

کیژەکانیشی دیار بوون کە سینگیان بۆن لیمۆی لێ دەهات و بە ڕەزێکی ترێ دەچوون چاو پڕ لە کل چۆن بەخۆو بەکانییەکانیانەوە لیان وەسەر دان و نەیانهێشت کەس گوێی لە دڵۆپە و لە نمە و لە ناڵەیەکیان بێتەوە.

درەختە ژنەکانی پاش ئەنفالێ دەتگوت هەر بە ڕۆژێک داوەشاون و ڕووتاونەوە شووڵ و لاخیان تێک باهەڵدراون و تێک شکاون هەموو سەربووردەکانیان با دەگەڵ خۆی لوول داون نە دونیایەکیان ماوە پشتی پێوە بدەن و نە ژیانێکیش باوەشی تێ وەرێن. هەر بەڕەوە کۆوشمە بوون و چاویان کەوتوون و هەموو دەمێ بە گەمییەک دەچن کە لەپاشی تۆفانێ بەجێ دەمێنێ.

هەر بە پۆل وێنەی کەس و کاریان لە جامخانەیەکدا لە چوار چێوە گرتوون و لە باری سەریی دیو و ژوورەکانیان هەڵواسیون. وێنەکان بە پۆلە پەڕەسێلکەیەک دەچن کە بە ناوەختی کۆچ دەکەن و لەتاوان، پەڕەکانیان تاق و جووت ڕادەوەستن و چاوەکانیان خوێنیان تێ دەزێ و هەموو دەمی چاویان لە دووی هێلینەکانیانە...

لانکە ژنەکانی گەرمیانی وەها بە کتوپڕی بەجێ ماون هێشتاش هەر دەسـرازە و بـالیف و سـەرلانکەکـانیـان پێـوە مـاوە بە چاوەڕێی ئەڤ دەسـتـەوە دەژین کـە لـە بۆ جـارێکیش بێ بـەنووکـە پەنجـانیـشی بێ ڕایانژێنێ و سەرخەوێک لە دونیادا بشکێنەوە ئەو جار بمرن.

ڕۆژانە بەدرەختەکان هەڵدەڵێن و شەوانەش مـانگ دەلاوێننەوە دەڵێی گەڵای وشک هەڵاتوون خشپەخشپیان ڕۆژە ڕێیەک دەڕواو بەهیچەوە بەن نابن لە ژیاندا.

***

دەنگم دەبۆ دەنگی بـارانێ و سـیـنگم بە هـێـشـوو هەنـاری دەردەکردنەوە و لە دونیا ڕادەمام کە هەموو شتەک تێدا بەسەر دەچێ و باوی نامێنێ و مرۆیەکان گوڵەکان جل و بەرگ و مۆدیل و زانست و ئاژەڵ و ساختمان و سروشت و گۆڕ و زمان و نەتەوە و خێزان و چەک و سـۆزانـی و پەڕەندە و مـێـژوو و جـوغـرافـیـا و کـەژ و سنـوورەکـان و..هتد.

هەموو شتەکان پێدا تێدەپەڕن و باویان نامێنێ تاکە شتەکی تێدا بەجێ نامێنێ باوی بێ و بەسەرنەچێ. دونیا بۆ خۆیەتی!

هەموو شتەک یەک لەدووی یەک کۆتایی پێ دێت و بەسەر دەچێ و لە ناو دەچی هەر دونیـایە کـەس کـۆتایـی نابینێت و نە کـەس سـەرەتای وەبیردێ نە کەسیش دەزانێ کەینێ بەسەردەچێ.

دونیا نە ناو و نەشێوەی ژنە جوانەکانی لەبیر دەمێنی و نە ڕەنج و تیکۆشانی پیاوە ئازایەکانی هەموو شتەک و مرۆیەکی لەبیر دەچێتەوە و کـەس ناناسـێـتـەوە و هەرچی لـە گـەڵت کـردووە بە با دەچێ نە

خۆشەویستی و نە یادگاریی و نە ڕەنگی لەبیر دەمینێ.

کە بەجێی دێڵێ و دەمرێ نە دێڵێ هیچی خۆیت پێوە بمێنی و دەگەڵ خۆ بەری نە بۆ خۆشی هیچی تۆ بەخۆوە دێڵێ و هەڵدەگرێ و دەپارێزێ.

«دەست بەردانی مرۆ و دونیا هێندە ترسناکە.»

مرۆ هەن بەسەر دونیا دەگەڕێن و دونیا تێیاندا نغرۆ دەبێ هەندەکی دەدی دونیایان وەسەر دەگەڕێ و تەواو قوم دەبن تێیدا.

دونیا وەکی کەراسێکە هەر کەسێک ماوەیەک دەبەری دەکا و کەیفی پێ دێ ئەویش هەر لە سەردەمی جحێڵی لێی دەوەشێتەوە.

هەریەکەمان بەچەند پیتێک هەموو تەمەن دەگوزەرێنین هەر بە پێکەوەلکانی ئەوەندە پیتانە دونیامان لێ ئاوادەبێ و لەوەندە پیتانە واوەتر کەس چ پیتی دی نابینێتەوە و کەس چ پیتی زیاتر فێر نابێ نەپیتی نوێ نە زمانی نوێ دروست دەبێ.

چ خۆشەویستی و ڕق و شەڕ و مەرگ و بوون هەیە تەنها بەوەندە پیتانە دەری دەبڕین دەگەڵ ئەو چەند پیتە دەژین پیر دەبین دەمرین.

هەموو زمانەکانی دە دونیادا هەن فێری دەبین تەنها زمانی دونیا نەبێ! نازانین و ئەو پیتانە چین و ئەو زمانە چییە دەگەڵ دونیا پێی بئاخڤی و لێت تێبگا و لێی تێگەی لەبۆیە هەمووومان دەڕۆین و بەجێی دەهێڵین بەر لەوەی لێی تێبگەین.

نازانین نەبانگی بکەین نە گوێمان لە هاوار و ڕەنگی دونیا دەبێ و هەموو مرۆڤەکان ماندی دەبن لە ژیاندا تەنها لەبۆ ئەوەی خەڵک بیانناسێ و هەرچی هیوایان هەیە تەنها لەبۆ ئەوەیە دونیا بیانناسێ و

بەشـۆرەت و ناوبانگیـیـان خـەڵک پەنجـەیان بۆ ڕادێرێ و خـەڵک چاویان تێ ببڕی و لە ناو هەموو خەڵکدا دیاربن.

کەس لە خۆناسـاندن نابێتـەوە کە دونیـا بەجێ دەهێڵـی و هەرکـەس بەتـین و تاقـەتی خـۆی چڕنـووک لە دونیـا دەدا چەنـگی پێـوە دەگـرێ تاهەندەکی دەگەڵ خۆی بەرێ و زوو بەجێی نەهێڵی.

دونیـا دەڵێـی سـینەمـایەکی کـۆنـە فیـلم لە دووی فـیـلم فـیـلمـەکـانی بەسەردەچن. ئەکتەرەکانی پیردەبن هەر ماوە ڕەنێو لەسەر فیلمـەکەی و بلێتەکانی نرخیان گرانە و هۆڵەکانی قەرەباڵغن.

هەر کەس بە چەکێک دەیەوێ دونیا بـەرێتەوە وەبەر خۆی هەڵبڕێ. لە بۆیـە هـەندەک دەبنە شـــەڕکــەر و بەنـاو هـەمـــوو شـــەڕەکـــانی دەکــەون هێندەکی دی دەبنە عـاشق و هەموو شتـەکیان خـۆش دەوێت. هـەندەکی دی بـە ڕووی جـــوانی ڕوخـــســـاریان لێـی دەپـەڕنـەوە و لـە هـیچ لـە خەندەکـەکانی ناکەون، هـەندەکی دی بە ئەقڵ ململانێـی دەگەڵ دەکەن و دەیانـەوێ ئەگـــەر بۆ جـارێکیش بێت بـەپێـشـی بکەونـەوە و لە دونیـــا بەرنەوە.

هـەندەکی دی هیچ لەو چـەکانە هـەڵناگرن و بەدەستـەوە ناگرن. قـەت ڕۆژێک بیـر لەوە ناکـەنەوە بەرامـبـەر دونیـا بوەستن بە ملکـەچی چۆک دەدەن و خۆیان لەبیر دونیا دەبەنەوە.

***

خــەڵک هـەمـــوو بەپەلـە خـۆیان کــۆدەکـردەوە و بـاریان تێک دەنا و شــمـەکی کۆنـەیان فڕێ دەدان و بـەجێ دەهێـشـتن و بە پەلە شــمــەکی نوێیان دەکڕین.

ڕەنگەکـان بۆنەکـان ناوەکانیـان دەپێـچایەوە و هەڵیـان دەگـرتنەوە. سیپـەکان هـەموو پڕ ببوون و باولەکان سـەریان جووت نەدەبوون، بینەو بەردە لەهـەمـوو لایانڕا دەسـتی پێ کردبوو و شـراخـەی شکانی بلووری و چینـی و دڵەکـان زرینگەی هـەڵاویشـتنـی سـەمـاوەر و عـەمـبـار و نوردووەکان لە هـەموو کۆڵانان هەڵدەستا.

دروست نـەمـدەزانی چ کـەژێکە و باوی چ سـاڵێکە کـەس بەکـەس ڕانەدەگـەیی ئەوەی تووشـم دەهات دەیگوت بۆ ڕاوەسـتـاوی خـێرا کـە ناگەیەی و پێ ڕاناگەی.

بۆنـی زەرێ وەکی گـوڵە وەنەوشــە کـەپووی دەزووراندمــەوە و بەرەو ماڵی زەرێ وەڕێ دەکەوتم لە خۆشییان دڵم وەتەپە تەپ دەکەوت، کەیفم لێ بوو دیسان بەکەراسە مۆرە گوڵ زەردەکەیەوە بێ و پەنجەکانی تژی بن لە بغـوور و دڵی وەکی جاران خـۆشـەویسـتی لە سـەرەوە برێژێ و مـەمکەکـانی بۆن مـێـخـەکـیـان لـەبەر بڕوا و خـرینگەی بازنەکـانی لەدوورەوە بێ و گوارەکـانی وەکی هێشـووە بەرسیلە بە لاملیدا شـۆڕ بووبنەوە ڕەنگی چاویان کەسک داهێنابێ.

هـەرکــە پێم وەدیوی ژوورێ دەنا هیـچ دەنگ و ڕەنگەکی کــۆڕەو هەراسانیان نەدەکردم و لەدووڕا زەریم لێ وەدەردەکەوت.

زەرێ کـزکـز دەچۆوە ڕەو و ڕاڤین لەوێ ڕا سـەری هەڵدابـوو لە پاش ئەنفـالی لەبۆ سـاتێکیش لە وێنەی مێـردەکەی جـودا نـەببۆوە بەجـێی نەهێـشـتـبوو هەمـوو ڕۆژێ چەند جـار پەنجـەی بەسـەر برۆیەکـانیـدا دەهێناو برۆیەکانی ڕێک دەخستـەوە دەستی لە لێوەکانی دەخشـاند و لەسـەرەخـۆی مـاچی دەکردن. هێـواش هێـواش دەسـتی لە بژۆڵکەکانی دەخشـاند.

زەریێ نانی نیوەڕۆژ و هێوارە و بەیانانی بەرامبەر دەخوارد و هەموو شەوێ لە باوەشی خۆی دەنواند و هەموو قسە و ڕووداوەکانی ڕۆژی لەبۆ دەگێڕایەوە و هەموو پرسی و خۆشی پێ دەکردن.

زەریێ تا دەهات پیر دەبوو وێنەکەش لە ناو باوەشیدا بەنێو تەمەن دەکەوت و مووی سپی لەسەر وەدەردەکەوت و دەستەکانی چرچیان لێ وەدەرکەوتن. لێم ڕوون بوو هەر ئەو بەتەنها نییە بەڕەوە ژن وێنەی کەس و کارانیان دەجامی گرتوون و تەمەنیان بەرامبەر بەرێ دەکەن و لە خۆشی و ناخۆشییەکاندا دەست داوێنە ئەستۆیان و توند توند بەخۆیانەوە دەگوشن و بە خەندەکانیان کەیفیان دێ و بە وەرەسییان وەڕەس دەبن و دەگەڵ گۆڕانی سروشت و کەژەکانیان تێکەڵ دەکەن.

زەریێ دەگەڵ گۆڕانی سروشتی خۆی دەیدیت وێنەکەش دەگۆڕێ و دەیدی پایزان چ زەرد دادەگەرێ و بۆنی چ گڵێکی تەری لەبەر دەروا و چۆن نم نم دەکا و بەهاران بۆی کەسک دەبێ و کڵۆکان دەردەکا. زستانان چۆن هەوری وێک دێن و کرێوەی بەسەردا دەکات و لەرزی وێ دەخا. هاوینانیش بەهەزاران تەزووی گەرمی پێ هەڵادەبا و شەوان چ ئەستێرە هەیە لە ئاسمانەکانی خۆیدا بۆی وەدەردەخا.

زەریێ بەهیچ ئۆقرەی نەدەگرت و زوو زوو جلەکانی بەری دەگۆڕی و چ لەڕەنگی دەهاتەوە لەبەری دەکرد جار جار جەمەدانی لەسەر دەبەست و پاش عەسران جغارەی بۆ دادەگیرساند و بەرامبەری چۆکی دەدا و لە ڕۆژانی شەڕیدا مەخزەنی بۆ دەبەستنەوە و تفەنگی بەشانیدا دەکرد و دەیەویست ببێتەوە پێشمەرگە لە ڕۆژانی سەرکەوتنی ئالایەکی دەدایە دەست کوردستانی لەسەر وێنە دەکرد.

هەموو ڕۆژێ چەند جار چای دیشلەمەی لەپێش ڕۆ دەناو پاشان

شەوێ ڕدێنی بۆ دەتاشی و بۆن و قۆڵەنیایی بەبەر چەناگەیدا دەکرد و یەک یەک نینۆکەکانی پەنجەی دەکرد. ڕۆژێ چەند جار پەنجەکانی ماچ دەکرد و بۆنی بەناو لەپییەوە دەکرد.

زەرێ کە چاوی بەمن دەکەوت ڕادەبوو بەرەو ڕووم دەهات و لەپڕ کاڵ دەبۆوە چاوەکانی کاڵتر لە هەموو لەشی دەیاننواند وەکی ئەو دەمەی کە هەرتک ئەژنۆی پێکەوە دەنووساندن و سەری دەهاویشتە سەریان. گرمە گرمی هەورەکان و بۆنی ڕەهێڵەکانی دڵیان وە ڕەنگتر دەخست و تەزوویەکی گەرم بەناو ڕەحمیدا ڕێی دەکرد و دەخزایە ناو منداڵدانی و منداڵدانی وەجووڵە دەخست سەری دادەنەواند و گوێچکەی بە سکی دەکرد و هەموو گیانی تێکڕا دەگەشایەوە و دەیگوت خۆشترین ڕووداو لە گیانی ژنێکدا ئەو دەمەیە پارچە گۆشتێک لە قووڵایی گیانیدا ڕوحی وەبەردێ و دەجووڵێ و هەست دەکا لە ناو گەرمی خۆیدا مرۆڤێک دروست دەکا ڕۆژ لە دوای ڕۆژێ قەبارەی گەورەتر دەکا و ئەندامەکانی بۆ دروست دەکا...

سەری بڵند دەکرد و ژانی لێ گەرم دادەهاتن توند چنگی لە عەردی دەدا و گەزی لە لێوەکانی دەگرت و هەستی دەکرد شتەک هەنکی دەنکە قەیسییەک دەبێ خۆی گرمۆڵە کردووە و بەرە بەرە خوێن لە دەمارەکانی دەڕژێ.

توند توند دەستی دەگووشیم و سەراوی دەتەقی و هەڵم لە ناو ڕانەکانی بڵند دەبوو پتر قوەتی لە خۆی دەکرد و دڵی دڵەکی گچکە لۆکەی دەرداویشت و خێرا لەسەر سینگم ڕوودەنا و خەوی لێ دەکەوت و لێم نزیک دەبۆوە کاڵتر لەو ڕۆژە و پەشۆکاوتر لە ئامێزی دەگرتم و لاچاوی ماچ دەکردمەوە.

***

هەموو دابەشکردنەکانم لەبیر چووبوونەوە. هەموو کۆکردنەوەکان هەرچی ژمارە و ژماردنە لە زەینمدا کوژابوونەوە هەتا نەمدەزانی تەمەن چەند بەهاری لێ ڕۆییون و هەفتەی چەندەی مانگێیە و چەندمی چ مانگێکە. ناوی هەموو کەژەکان دەمێشکمدا سڕابوونەوە و نەمدەزانی دڵم بە چەند کەسان داوە و دڵی چەند پیاوانم لەلایە و چەند بەشم لە هەر پیاوێک هەیە و چ بەشێکم داوەتە هەر پیاوێک.

لەرینەوەی سینگم بە شەپۆلەکانی دەریا نەدەپێوا تابزانم کێهەیان نەرمترە پڕ شەپۆلترە و بۆن خۆشترە و ئەتۆش لە خۆناوکەکانمڕا لە خۆت و دەریات نەدەنۆڕی بۆنی شەونمەکانی سەر سنگت هەڵدەمژیم. ڕەنگی هەموو ڕۆژ و شەوەکان ڕەنگی شەڕەکان دەچاوەکانمدا ئاچووغ ببوونەوە نەمدەزانی ڕۆژ چ ڕەنگێک دەداتەوە.

تەنها بە نمەنمی تۆڕا دەمزانی تەڕی دە دونیایەدا ماوە و بە کزەکانیشت ڕا هەستم دەکرد ژیان هێشتا جووڵەیەکی لەبەر ماوە و نیشتاو نیشتاو عەشقم دەست پێ دەکردەوە و لێ بۆن و تامی دڵی کەس بە هی تۆ نەدەچوو هیچ شتەک نەمابوو عاشقی بم.

***

ئەز دڵی هەزارەها ژنم تێدا دەهاتن و دەچوون و سەراو بن دەبوون لێ هەموو لە دڵی من هەتککراوتر و کۆڵەوارتر بوون. ژنەکان هەر دڵیان تا زمانیشیان کۆڵەوار بووە و هەتک کراوە.

ژن و زمان چەند وێک دەچن چۆن بەزمان هەموو تامێک دەکرێ بە ژنیش هەموو تامێک دەکرێ و هەموو چێژێک وەردەگیرێ هەر بەزمان پیتەکان دەکرێنە وشە و وشەکان دەکرێنە ڕستە و دەبنە مانا هەر بە

ژنیش هەموو پیتێک دەبتە وشە و هەموو وشەیەک دەبێتە ڕستە و مانا دەدا.

هەتا مرۆ هەیە زمان ماندوو نابێ لە پێکەوە نووسانی وشە و پیت و ڕستەکان و هەر بەو زمانە گەورەترین خۆشەویستی و ڕەشترین قین دەردەبڕێ.

ژن و زمان وەکی یەکن پڕن نە بە بێ زمان نە بە بێ ژن هیچ شتەک دەردەبڕدرێ و باسی لێوە دەکرێ دەمارەکانی زمان و دەمارەکانی ژن وەک یەک گەرم و بەتاقەتن و لەبۆ جارێکیش پەککەوتەیی خۆ وەدەر ناخەن و هەتا دوا چرکە لە ژیان هەر دەبزوون و ڕاناوەستن و پیاو چی بوێ پێیان دەکا و پێیان دەردەبڕێ.

زمان چەند ڕەنگی هەن ژنیش هێندە ڕەنگی هەن لەبۆیە ڕەنگەکانی زمان و ڕەنگەکانی ژن قەت دوایان نایە و قەت بەسەر ناچن لە هەر تێکچڕژانێکیان ڕەنگێکی نوێ و تەڕ دروست دەکەن و دەدۆزنەوە.

زمان لە ناو دەمی منداڵاندا پاک و جوان و بێگەردە چی بەسەر دادێ دەری دەپەڕێنێ بەبێ هیچ لەمپەرێک هیچ ناگەڕێنێتەوە و نازانی ڕاستی کێ هەیە و هەڵە کێ هەیە بەکەیفی خۆی ناو و نازناو لە دونیا دەنێ و پڕ بەدڵی خۆی بانگی هەر کەسێک و هەر شتەک دەکا.

وەختەک مرۆ گەورە دەبێ زمانیش گەورە دەبێ. مرۆڤ چەند ڕوون بێ، زمانیش هێندە ڕوون دەبێ، لێ لە ناو دەمی ژناندا جوانترین نەخشەی پێ دادەڕێژرێ و پێ لە گۆڕ دەنرێ.

ئەمما وەختێک دەچنە ناو دەمی سەرمایەداران لووس دەبێ لە دەمی سیاسییەکاندا دادەتاشرێ و لە دەمی شەڕکەرەکاندا پیس دەبێ و لە دەمی سۆزانییەکاندا چەند شیرین دەبێ.

زمـان لـه ناو دەمی دایکدا هەر وەکی خـۆی دەمـێنـێ و چ شـتـەک ناتوانی بیگۆڕێ و تێکی بدا.

زمانی هەمـوو کەسێک لەدونیادا یەک شێوەی هەیە و یەک پارچە گۆشتە. تەنها زمانی ئاژەڵانیش جیاوازییەکی ئەوهای نییە دەگەڵ زمانی مرۆڤ لێ ناوی زمانی هیچ کەسێک بەناوە و کاکڵەی زمانی هیچ کـەسـێکی تر ناچێ لە دونیـایێ نە منداڵ بە هـی دایکی نە هی داکیش بە هی منداڵەکانی نە هی هیچ خۆشەویستێکیش بە زمانی خۆشەوییست و دڵدارەکەی دەچێ.

زمانی هەر کەسێک بەجۆرێک دەگێڕێ و دەگوێ دەخا. هەیە هەتا دەمری هەر بە جوانی و بە پاکی و بە ڕوونی زمان دەگێڕێ و دەبزێوێ مرۆش هەنە تەنها زمان لە پیسییەکاندا وەردەدەن تەنها زمانیان لە خۆشیان بە خەسار دەزانن.

زمــان هـێندە بە ژنان دەچێ لـێ کــەم ژن هـەنە زمــانی خــۆیان دەبیننەوە و دەبنە خودان زمانی خۆ لۆخۆی دەکاردەبەن و لەخزمەت و خۆیدا دەیهێننە گۆ لەبۆیە هەر زوو زمانیان هەتک دەکەن و زمانیان دەشێوێنن.

زۆر ژن هەنە هـەر بە زمـانی پیـاوان دەپەیڤن و بەزمـانی پیـاوان بە دونیـایدا دەڕۆن و بەزمـانی پیـاوان بانگی خـۆ دەکـەن و خـۆ ناوزەد دەکەن.

دڵ و زمان هەرتک وەکی یەکن بەبێ هیچ یەکیان ژیان مەحاڵە بەڵام هەن بەبێ زمان بەناو دونیایە وەردەبن و وا دەزانن بەتەهنێ دڵ مانای زیندوو بوون و ژیانە.

ئەز دڵم دەیوەتەوە لێ چەند وەختـە دەگـەڕێم زمـانم نابینمـەوە و لە تاوان هۆشی دڵ وەبەرهاتنەوەم نییە.

دەترسـێم زمـانم لەگـەڵ ئەڤ کـۆڕەوەی ڕۆیی بێ و تـازە بەیەکـدی نەگـەینەوە و عومـرێکیش چاوەڕوانی زمـانم بکەم و لێی بگەڕێم و وێڵ بم.

***

بە زەردەییم ڕا هەموو کەس دەیزانی لە عیشق کەوتووم و نەمدەزانی چەند هێلکەم پێ ماون و چەند شـەڕی دی ئێخەم دەگرن و چاوم زەرد زەرد دەچوونەوە و لەخۆمدا دادەتەکیم.

لە دووڕا دەمدی هێرشیان بۆ دەهێنایین هێرشێک نە سەری دیار بوو نە بن. چەک و جبـەخـانەکـان وەدەردەکـەوتن بـەرە بەرە شـەڕگـەکـان شــەپۆلیــان بەرەو پێش دەدا و ســەربازەکــانم لـە نزیکڕا دەدیـتن. سەربازەکان ئەوجەلەی جلکیان بەڵەک بەڵەک بوو شـەپقەکانیان خاکی و لە بری پۆستاڵ زمانی ئێمەیان لە پێ کردبوو...

بەدەشت و زنارەکاندا پەرش دەبوون لە بری مینەکان زمانیان لە ژێر گـلـی ڕۆدەکردن و سـێـرەی تفەنگ و قـەناسـەکانیان بەرەو زمـانمان دادەبەستن. دەگـەینە هـەر دەڤـەرێک کـتـێـبـەکـانیـان بڵاو دەکـردنەوە، ڕۆژنامـە بارانیـان دەکـرد لە مـانشـێت و بەرگـەکـانیـان نووسـرابوون دیموکراسی. زمانمان هەر دەپلیـخایەوە و خـەریک دەبوو سـەریشمـان دەبن کـتـێب باران و ڕۆژنامــەباران بکەوێ و هەتا چاومـان بڕ دەکـا ئامـێـر دەبارێ ترۆمـبـیل دەبـارین کـۆمـپـانیا دەبارین. هەریەکـەمـان فانۆسێکمان بەدەسـتەوە بوو لە کتوپڕی ئەو دابارینە حەپەسابووین و

لاڵ ببووین له ناوهێنان و تاریفکردنی ئەو گەڕەلاوژەیەی.

لەو لایڕا چاوم لێ بوو هەر حەوت باپیرەکانم وەکی ڕەهێڵە دادەبارین و جوان خۆیان بەستبوو لەشکریان بلاو دەکردەوە و تا بەری بەو هێرشەی بگرن و له سەرڕا سەنگەریان نوو دەکردنەوە و کەمینیان لێ دەدان و خۆیان تاقەت دەکرد لەسەری چیای ڕەش و سەری باڤێ و کانی تەپە و چیای سیپە و سەری حەسەن بەگ و بەیداغ و پێرس و چیای شیرینێ شەڕیان هەڵدایساندەوە. شەڕەکە گەرمتر دەبوو چیایەکان دەکەوتنە ڕیزی پێشەوە و ورەی هەمووانیان بەرز دەکردەوە.

لێ لەو لایڕا دەمەدی باپیرەکانی دایکم و خاڵەکانم دەگەڵ هێرشکەرەکان دانوسانیان کردووە و له پشتەوە دەگەڵیان ڕێککەوتوون و بەناوی ئاگر بەستی هەموو دەڤەریان تەسلیم سەربازەکان دەکردنەوە و باپیرەکانم دووبارە دەشکان و شۆڕش بەربلاوەی پێ دەکرا و وەکی تەم له چاوان بزر دەبوونەوە، سەربازەکان بەناوی دی بەنێومان وەردەبوون. لێ ئەو کەڕەتەی هیچیان تفەنگیان هەڵنەگرتبوو. له بری تفەنگی مقەستیان پێ بوو هەر کەس زمانی هەڵینابا زمانیان دەقرتاند و بەڕۆژی ڕووناک زمانیان له بنڕا دەردەکێشاین.

له گەرمیان و کەرکووک پاش ئەوەی زمانەکانیان دەردەکێشان بە بەنکی درێژ درێژیانەوە دەکردن وشکیان دەکردنەوە دەیانبردنەوە وێکڕا زمان و چاو و دڵیان دەردەکێشان. ڕۆژی بە هەزارەها ڕاپۆرت و وێنەیان لێ هەڵدەگرتن.

له گەرمیان، له زمانی ساوایەکانیش هەترەیان چووبوو؛ وەکی خۆخێک ڕاگوشن زمانیان لێ دەردەکردن و دەنک دەکردن و

ئالایەکمان ڕەنگاندبوو لەسەر هەموو جێیەکی خۆمان بەرز کربۆوە ژنان لە گەردەنیان دەکرد و منداڵەکان سەدان سروودیان پێ هەڵدەگوت و کیژەکان کراسیان لێ دروست دەکرد و کوڕە جاحێڵەکان وەکی کراس لەبەریان دەکرد. لەسەر هەموو مێزێک و تاقەیەکدا لە تەنیشت خۆمان ڕادەگرت و لێ لە گەرمیانێ نەیاندەهێشت لەسەر هیچ ماڵەک و هیچ جێگەیەک بەرزی کەینەوە؛ بە سەدان جار لەسەر بانەکان لێیان دادەگرتن. لەهەر جێگایەک نووسرابا کوردستان هەر ڕەنگەک بەڕەنگەکانی ئالای چووبایە دەیانسڕییەوە و بە پۆستاڵەکانیان وەسەر دەکەوتن.

## بەشی چوارەم

بەر گەردنم کەسک کەسک دەچوو لە شڵەژاوی ئەو شەڕەی و دونیای خۆم تەواو دەست لێ بەردابوو کە لەپڕ دڵم وەسەر گەڕان و هەموو دڵەکان لێکرا هاتنە ناومەوە و وەترپە ترپ کەوتنەوە و دەمێک دەبوومە ڕۆنی دەمێک بە زەرێ و تاوێک بە دڵ هەنار و پاش تاوێکی دی بە هلیان..

دەگەڵ گۆڕانی هەر دڵەی لەشیشم دەگۆڕاو دەو دڵ گۆڕکێ و لەش گۆڕکێیەکی بێ شومارم کەوتووم و هەر تاوەی ڕەنگ و بۆنی ژنەک دەگرم، هەر دەمەی بە زمانی ژنەک دەئاخڤم و دەنگی ژنەکم لێ هەڵدەستی و گەرمی ژنەکم لێ بڵند دەبێ و تامی ژنەکەم لەبەر دەڕوا و «دەمزانی پیاوان لە هەموو شتێکدا سوڵتانن، لە عیشق کردندا نەبێ»

لەو هەمە ژنییەی خۆ وا هەژەند بووبووم وێڕا نەدەگەیشتم لەو هەموو دونیایانەدا بەنەرمی بڕۆم بەئارامی پاڵ وەدەمەوە و دانیشم.

لەو هەمە ژنێیەتیەمدا هەموو دڵەکانی شکابوون و درزیان تێ کەوتبوو هەموو چاوەکان بژۆڵکیان تەنک ببوون کەوتبوون و هەموو پەنجەکان پڕ لە چرچ و لۆچ ببوون؛ چونکە شەڕەکان بەتەهنێ بەدڵی ژنەکان بەڕێوە دەچن و لە لەشی پیاوەکان ڕا سەرهەڵدەدەن و درێژە دەکێشن.

هێشتا دەگەڵ خۆ ڕانەهاتبوومەوە کە گێژەیەک لە دڵ لەسەرڕا هەڵی کردەوە دەگەڵ خۆی ڕای دام و دیتم گەردەلوول لە ناوەڕاستی هەر ژنەکدا هەڵی کردبوو هیچی لەجێی خۆ نەهێشتبوون ساڵەکان تەمەنیان هەموو دەوگێژاوەیدا سەرەوبن دەبوون دەخولانەوە و چاوەکانیشی ڕادابوون.

تا ئەڤ بیابانەی زەردەی کە گۆڕە بەکۆمەڵەکانی لەخۆدا بزر کردبوون و هەر کەسێ ڕادەدا تا ئێسقانەکانی عەزیزانی دە توورەکەیەکدا گرێ تێ دەدا و دەهێنێتەوە بە هەزارەها ژن هەموو دونیای خۆیان دەو بوخچە ئێسقانانەدا دیتبۆوە و هینابۆوە بەدیاریەوە هەڵترووشکابوون.

یەکەم گەڕانەوە و دوا گەڕانەوەی خۆشەویستان بوو لەپاش تەمەنێک چاوەڕوانی ئومێد هەر کەس کەللە سەری خۆشەویستەکەی پڕ بە هەردوو لەپی دەستی هەڵدەگوشی و دەیەویست بە ئێسقانەکانی تریەوە بنووسێنێتەوە لە بۆ دواهەمین جار تێر لە باوەشی بگری.

دەیانویست بۆ تاکە جارێکیش بێت لەسەر یەکیان ڕۆنینەوە و پڕ بە باوەشی خۆ ماڵئاوایی و دوا ماچیان لێ بکەن و پەنجە لەنێو ئەو چەنگە مووانەیان گێڕن و تێر تێر بۆنیان پێوە بکەن.

لە سبەینان ڕا تا تاوکەوتنان دەست دەکرا بە لێک جوداکردنەوەی لێک هەڵاوێردکردنی ئێسقانەکان و دەبوو خۆشەویستی خۆت بە ئێسقانان ڕابناسیبایەوە.

دەبوو کەللە بە کەللەی سەرانت هەڵنابان و ڕۆنابان و پەراسوو بە پەراسوو لێیان وردبووبایەوە و لوولاک بە لوولاک تێیان فکریبای و

پەنجـە بـەپەنجـە لێـیـان قـووڵ بووبایەوە و چەنگە مـوو بە چەنگەمـوو پەنجەت لە نێو گێـڕابان. بەهەزارەها کەس دەسـتیان لـەو و لەم دەکوتا و پەنجـەکـانیـان وێڵ دەکردن و دەگـەڕان. دەبوو خـۆشـەویسـتـی خـۆت بەچاڵی دەچاوان ڕاو بە لوولاکانڕا بناسـیـبایەوە و هەموو پەنجـەکانت یەک یەک پێک گرتبـان و هـەڵگرتبـانایەوە، دەو چەنگە مـووانە گـەڕابای کە زۆربەیان هـەر کەزی بوون نەکرابوونەوە و خۆڵ ڕەنگی تەنیبوون.

دەنێـو قـەفـەسـی هـەر سـینگێکدا و لە کـەلێنی پـەراسـووەکـانیـانڕا دڵەکـانـت وەبەر چاو دەکـەوتن و ئەو دڵانـەی هەر بەڕەنگی ئـەرخـەوانی خـۆیانەوە ترپە ترپیـان لەبـۆ ژیان دەکرد هـەر بە گـەرمی خـۆیانەوە لەبۆ دونیا گەرم مابوون.

هـەندەکیـان دڵی خۆشـەویست و مـەعشـووقـەکـانیان هەر لـەنێو خـۆدا گەرم ڕاگرتبوو دەنێو دەفەی هـەر سـینگێکدا کە خاک و لم دایتەنیبوون دڵێکی گـەش گـەش بە ڕەنگی گـوڵێک وەپێش چاو دەکـەوت و دەبزووت لەبۆ خۆیان بەسـەدان بوون دڵی بەسەدانیشیان دەگەڵ خۆیان هێنابوو لەنێو خۆیاندا هەڵگرتبوو.

هـەر گـۆڕێک هـێندەی شـارێکی لێ هاتبـوو، نـاوی خـۆشی لەسـەر داکـوترابـوو هـەر شـار نـا گـۆڕی شـارۆچکە و گـوندیش هـەبوون هـەندێکیـان پێنج هـەزار کـەس و هـەندەکیـان دە هـەزار کـەس بوون ئەو گۆڕانە لەسـەر جـوغـرافیـای شـار گـەورە ببـوون چۆن گوندەکان دەبنە شـارۆچکە و شارۆچکەکانیش دەبنە شـار لە نێـو ئەو گۆڕانەدا خێـزان هـەر لەبەری ڕا تـا پشـتێ تێـدابوو یا گـەڕەکـێک بە خـڕی و یا گـوندەک بەهـەموو شتەکەیەوە دەو گۆڕانە نرابوو هـەموویان ژمـارە و کۆدی خـۆی لەسـەر دانرابوون...

ئەوانە پۆل پۆل وەکی پۆلە باڵندان لە نێو تۆڕدا گیرابوون و دەو گۆڕانە نرابوون، هەر گۆڕێک دونیایەک بوو بۆ خۆی تێکڕا زارۆکی یەک ڕۆژە و گاگۆڵکەکەر و گەنج و هەرزە و جحێڵ و وەنێو تەمەن کەوتە و پیری تێکەڵاوی یەکتری کرابوون. گۆڕێک پڕ لە دڵی هەمە هیوا و هەمە تەمەن دڵی شیرە خۆرەیەک و کەنیلەیەکی ئاشق و شۆڕشگێڕێک و ژنەکی بەڕەوتین گەڕاو و پیرێژنێکی دونیا دیدە و لەیلایەکی پڕ لە مەجنونی تێدا تێکەڵ و پێکەڵ ببوو.

گۆڕێک لێرە نەبێ لە کوێی دیکەی دونیایەدا هەیە؟ ئەی دەبێ جیاوازی چ بێ لە مابەینی گۆڕی تاکە کەسی و گۆڕی بە کۆمەڵ؟

لەنێو ئەڤ گۆڕانەدا خێزان هەر لە بەرێ ڕا هەتا پشتێ و کوڵان لەوسەری ڕا تا ئەوسەری و ئاوایەک تێکڕا باوەشیان پێکدا کردبوو تێکڕا حەپەساون لەو کتوپڕییەی مەرگ و چاویان ئەبڵەق ببوون و بەبێ ئەوەی کەسێک بیان گۆڕێ و کفنیان بکا هەر بەجلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگی ژیانەوە دەوێدا چاوەڕێن و چەندین ساڵە ڕەنگی سپیشیان نەپۆشیوە، نەبادا مانایی مردنێ بدا.

هەندەک ئێسقان بۆن جاترەیان لەبەر دەڕۆیی و هەندەک ئێسقانی دی بۆنی پۆنگ و مێخەک و ڕیحانیان هەر لێ هەڵدەستا.

وێرانە ژنەکانی پاش ئەنفالی هەمووو چاوەڕوانی و وێنەکانی بۆ گەڕانەوەیان کێشابوون لەسەڕا با لێی بردن و خاڵی مابوونەوە لێ تاسەی دیدەنی ئێسقانەکانی خۆشەویستانیان دونیای لە بیر بردبوونەوە دەتگوت پاش چاوەڕوانییەکی زۆر ژوانێکیان بۆ ڕەخساوە و دەچنە ناو باوەشی عەزیزەکانیان.

چاوەکانیان وەکی چاوی کۆترە باریکە خێرا خێرا دەبزاوتن و هەر دەتگوت کۆترەکەشن گوێیان لە شەقەی باڵی جووتەکەیان بووە و بەدەوری خۆدا خولیان دەدان.

بەنیاز بوون چییان لە دڵدایە ڕۆژ بەڕۆژ چییان دیتووە و هەموو قسە نەگوتراوەکانیان هەموو تەزوو ئاخ و خۆزگەکانیان بۆ ئێسقانەکان هەڵبڕێژن و بگێڕنەوە ئەوان دەیانزانی «ژنێک کە سەری پیاوێکی خۆشویست و سوێندی پێی خوارد، گرنگ نییە بۆی ئەو کەللە سەرە لە کوێندەر بێت و چی لێ هاتبێت گرنگ ئەوەیە بتوانی پڕ بەهەردوو لێوەکانی ماچی بکا و ئەگەر نەگۆشت و نەموو نە ڕەنگ و نە بۆنیشی پێوە مابی».

جۆزەردان هێندەی دی زەرد داگەڕابوو کە تەراویلکە ژنەکانی پاش ئەنفالی وەڕێکەوتن تراویلکە ژنەکان هەریەکەیان لە بووکێک دەچوون کە خەم و خۆشییەکانی سەر ڕووی هەموو دەشارێتەوە و بە ناز و ویقارێکەوە قیت دادەنیشێ و تەنها تارایەکی سەر ڕووی بەینی پێ دەگەڵ دونیا دەکا. چاوەکانی هەموو زەمەنیان دێتە ناو و لەو تارایە ڕا دونیا سپی سپی بە بریقە بریق دەبینێ، ئەو بووکانە لەو کاتەدا وا دەزانن هەموو شتەک تارایەکی سپی سپی وەکی تارایەکی سەر سەری ئەوانی بەسەر ڕوویەوە هەموو خەمەکانی لەبیر دەکا و نەرم نەرم پێدەکەنی. بووکێک وا هەست دەکا لەو بەختەوەرتر و لەو جوانتر و لەو خۆشەویستتر نییە لەو دونیایەدا و هەموو دونیا دەگەڵ بەختیاری ئەو، ئەو ڕۆژە وە بەختیاری و بەخۆشی گەڕاوە.

ئەوان نەیاندەزانی کە دەگەن و ڕێگایەکە چەندە دوورە و مەودای چەندە. نەیاندەتوانی لەو ساتە واوەتر هیچ بیری دی بکەنەوە. چ

نەخـشـە هەبـوون لەسـەریـاندا هەمـوویان سـرِی بـوونەوە. پیـاوێک لە قووڵایی چاوەکـانیان ڕا وەدەرکەوتبـوون و دەگەڵ سورِانی گلێنەکـانیان هەڵدەسـوورِا و ڕەونەقـی لە فـرمـێسـکەکـانیـان گـەڕاندوە و لەسـەر نینۆکەکانیان نیشتبوو.

ئەوان دەیانزانی تەنها نەبوون، پیاوەکـانیان لە هەناسـەکانیـاندا دەر و ژووریان کـردووە و وەک خـاڵێک لەسـەر گۆی مەمکەکانیان کـاڵ کـاڵ نیـشـتـوون و لـە لاژە لاژەکانی مـەمکەیاندا بوون و ڕەنگی مـووەکـانی پرچیان بوون...

وێرانە ژنـەکـانی ئـەو سـاڵانە هـێندە گـریابوون ژیانـیـان بەتـەواوەتی لەبەر ڕۆییبوو تەڕاییـان لێ برِابوو دونیایان هەر ئەوەندە دەدی کە ئەڤ بیـابانـەیە و بەدرێژایی ڕێگایە هـەر دەو دوودڵیـەییـدا بوون کـە دەبێ چاویان بەدوا دیداری خۆشـەویسـتـان بکەوێتـەوە بووکـەکـان شـتێک لە سـینگیـاندا سـەری هەڵدابۆوە و ئاوەڵا ببـوو. پێدەچـوو جێی دڵیـان بێ بووبێتـە گـۆڕێک لێ لەو دەمـەیدا لـە فرِین واوتە هەسـتـیـان بە چی دی نەدەکرد لە دونیایێ و باڵەکانیان ڕێک ڕاگرتبوون.

«ژنێک کـە دەگـاتە ئەو ساتەی هـەست بە فرِین بکا گەلێک دەگمـەنە. لە ژیاندا تەنها ئەو کاتانەی نەبێ کـە لە باوەشـی خۆشـەویستەکـەیدایە و زۆر ئارامە».

بووکـەکـانی وا تێک باهەڵدرابـوون بەهێـلانەیەک دەچوون ڕەشــەبا تێکی دابێ و بەری دابێـتـەوە و هـەمـوو هێلکەکـانی تێـدا شکابن و هەڵوەشـابێ و هەر چیلکە و هەر دارەی بـۆ جـێگایەک پەرِیبـێ و بۆنی تەنهـایی ڕۆژە ڕێیـەک لەبەر ئەڤ ژنـانە دەرِۆیی و ئەوەندە چۆڵ و خـاڵی بوون لـە ژیان هیچ دەنگ و نووزەیەکـیـان لێـوە نەدەهات؛ چونکە هـەر

ژنەک خۆشەویستی لێ بڕوا هەردوو چاویشی دەگەڵی دەڕۆن و کوێر دەبنەوە.

***

لە دووڕا ڕەشەبایەک دیاربوو جار جاریش دەجوولایەوە و گەورە دەبوو، بچووک دەبۆوە و دەبوو بە پەڵەیەکی ڕەشی گەورە و لێک بڵاو دەبوو. دروست وەک شارە مێروولەیەک کە مێروولەکان سەر لە دووی یەک دەنێن و دەڕۆن بەرەو کونێک یا بۆنی شتێک دەکەن و لە بن هەر تاشە بەردێک یا درەختێکدا.

ئەو ڕێچکەیە نە سەری دیار بوو، نە بن. بەرە بەرە لە چاوان ون دەبوو لەولاڕا دروست دەبۆوە و ئەو قافڵەیە ئەو مرۆڤانە بوون کە هەر هێندەی مێروولەیەک و گچکەتر لە مێروولەیەکیان لێ مابوو. ئەو دەمانەی مرۆڤ خۆ دەبینێ کە هەر هێندەی مێروولەیەکی لێ ماوە و دەرەقەتی ئەو هەموو هاوکێشە سەختانەی ژیان نایە. هەست دەکا چەندە لەو دونیا گچکەترە و بیەوێ و نەیەوێ شتەکان بەبێ ویستی وی ڕوو دەدەن و ناتوانێ بەر بە هیچ ڕەوڕەوەیەک بگرێ کە لە سەر سکەکانی ژیان خلۆر دەبنەوە و بە تەنها کۆمەڵێک یادگاری لە ناو دڵی ناسیاو و خۆشەویستاندا بەجێ دەهێڵن.

وەختێک تەواو هەست دەکەی مێروولەیەکی چکۆلەی و لە هەموو ژیاندا بۆ ئەو پارچە نانە دەگەڕێی پێ تێربی و هەر لەو ڕێچکەیەدا و بەدوای ئەو پارچە نانەیدا تەواو نابێ کە دەڕۆییەوە ناو کونێک لەژێر خاکدا و بەبێ ویستی خۆت دەبێ دەگەڵ ئەو قافڵەیە بڕۆی و تا دەگەیە سەر ئەو کونە و پێی بڵێی ژیان.

سەرابە ژنەکان دەستیان تێک گرتبوون و ئارەقەیەکی سارد لەسەر ڕوویان کەوتبوو ئەڤ قافڵەیە هەر ئەوان نا بەسەدان وێرانە مرۆی کەی تێدابوو کە لە ناویاندا ون ببوون و لێک جودا نەدەکرانەوە.

ئەوان کە دابەزین خولێکی نەرم و سپی باو وەکی بەفری شادی بەسەر سەریاندا دەباری و لەسەر کاکۆڵ و بەرملانیان دەکەوت و هەنگاوەکانیان هێندەی نەرم و لەسەر خۆ بوون بە ئاستەم دەجووڵان و هەموو گیانیان ببوون بە چاو و دەگەڕان هەتا بەلێو و نینۆک و پشتەسەر سینگ و کەفەڵ و پەنجانیشیان بەهەر چوار دەوریدا دەگەڕان و وەسەر چاوان گەڕابوون.

ئەوەی دڵی پێ مابوو بە دڵی دەگەڕا دەنا بە گوێچکە و بەکەپوو بە پەنجە و بەهەموو ئەندامەکانی جەستەیان دەیاندی و دەگەڕان و عەرزیان هەڵدەپشکنی.

یەکیان بە چۆکدا کەوتبوو، مشت مشت خۆڵی دەچنگی دەکرد و بۆنی پێوە دەکرد. دەیەویست بە بۆنی خوشەویستان وەبینی و تاکە ئومێدی ئەڤ خاکە بوو کە بۆنی وی بۆ پاراستبێ و بۆنی وی پێ مابێ و لێی ون نەکا.

لەولایڕا یەکی دی بەسەر دەمدا کەوتبوو چەنگی لەو لەەی گیر کردبوو دەیخواردەوە و دەیویست بەتامی ڕا خۆشەویستیی خۆی ببینێتەوە دەیزانی خاک هەموو تامەکانی بۆ خۆی هەڵمژیوە.

خاک ئەوەندە خۆشەویستە لێ وەختێک خۆشەویستانت لە ناو خۆیدا لێ بزر دەکا هەموو تام و بۆن و جوانییەکانیان بۆ خۆی دەدزێ و دەست بەسەر دادەگرێ. ئەوەندە دڵ ڕەقە ناهێڵێ بۆ تاقە جارێکیش بێ بۆن لە خۆشەویستی خۆ هەڵمژیەوە و دەستەکانی توند ڕاگوشی.

خاک ئەوەندە داگیرکەرە، گەورەترین داگیرکەری مرۆڤە ناهێڵی نە نامەیەک نە ڕاسپاردەیەک نە لە پشت هەر کون و شیشە و بەردێکیشەوە چاوت بەخۆشەویستی خۆ بکەوێتەوە و هیچ دیدار و چاوپێکەوتنێکی قبوڵ نییە.

«خاک چ داگیرکەرێکی بێ ئامانە خەتی چەوت بەسەر هەموو مەیلەکاندا دەهێنێ و دەیانبڕی...»

***

دیسان زەمەنم تاو دەدا هەتا پێت بگەمەوە و دەباوەشتدا هەدرین بم و هەتا چاوم هەتەرە دەکەن، تێت هەڵڕوانم و وەک زەردەپەڕی زەردیم بپەڕی «تەماشا کە دونیا چ قومار خانەیەکی گەورەیە، شەڕ کۆنترین قومارە و پیاوەکانیش قومارچییەکانی».

دەبوو ئەو جارەش شەڕ لەخۆمدا هەڵتاوین کەم و دەست لە خۆم بەردەم. "پیاو و لافاو زۆر وێک دەچن هەرتک کە بەنێوتدا دەڕۆن و وەردەبن چیت تێدا بەجێ ناهێڵن. شەپۆلەکانیان ناهێڵن چت بە ڕاوەستاوی بمێنێ و لە پاش خۆیان تەنها وێرانی و ڕمانت دە چاواندا بەجێ دەهێڵن". کە هاتن و لێت وەژوورکەوتن شتگەلێک دەگەڵ خۆ دەهێنن و شتگەلێکت تێدا ڕۆدەنێن و لێ کە پێتهەلا ڕۆیشتن چشت هەیە و هەبووە دەگەڵ خۆی لوول دەدەن و دەبەن.

ژنان پاش لافاویش وەکی پووش و پەلاش و هەرزاڵ بەگۆڕێ وەردەبن و هەر ئەندامەیان بۆ جێیەک دەڕوا و لە جێگایەک دەگیرسێتەوە و هەموو دەمێ بۆنی ئەڤ سێلاڤە لە دەنگیان هەڵدەستێ و ڕەنگی لە قووڵایی چاوەکانیان ڕا دیارە و دێ و دەچێ.

***

دڵان تەنگەی پێ هەڵچنرابوو لەبەر ئەو هەمـــوو دڵەی لە ناویدا پەزمەندە ببوون دەیزانی تەمەنی هەر هەشت هەزار ڕۆژێک دەبی لەو دنیایە تەمەنی خۆی قەت بەساڵ نە دەپێوا و نە دەژمارد دەیگوت ئەگەر ساڵ نەبوایە بە چ پێوانە و ژمارەیەک تەمەن و خۆشەویستی شەڕەکانمان بژماردبان.

لەو هەشت هەزار ڕۆژەی تەمەنی هەر ڕۆژێکی جـــوان جـــوان لەبیرمابوو و نووسیبوونیەوە، دڵان زۆر دەمان کە دەگریا دڵی گچەکەلە گچکەلە لە بری فرمێسکان لە چاوی دەهاتنە خوارێ و دەڕژان و دەگەڵ قاقایەکانی وەکی پەپوولە بەهەوایدا وەردەبوون و هەڵدەفڕین...

دڵان ئەو جارەیان وە پەلە کەوتبوو کە دایکی بگەڕێتەوە سوێندی پێ بخوا چۆن ئەو هەموو دڵەی لە دڵی هاویشتوون، کەینێ دڵەکانی ناوی بنیان دێ و تەواو دەبن، لەگەرم داهاتنی دڵەکان گەرم گەرم دادەهات و هەتا خۆی وەبەر تاڤگان نەدابایە گەرمی دڵەکان بەریان نەدەدا.

دڵان دەیزانی دایکی دڵی هەتک کراوە و هەڵقرتێندراوە و لە تاوی خۆی ئەو هەموو دڵەی دە دڵی وی هاویشتوون و حەشار داون و هەر لەبۆیەشە ناوی لێ ناوە دڵان.

هەرکە ئاوی دەئینجانەکان دەکرد ژنی وەبیر دەهاتنەوە، وە دەیگوت دایە «ژنەکان بۆ هێندە دەگەڵ ئاو وێک دەچن هەربزانن لەوپەڕی دونیا تینوویەک هەیە بە پاکی و بەڕوونی خۆ خۆی دەگەیەننێ و پێی وەردەبن بەبێ ئەوەی بزانن تینووەکە کێیە و چییە تێر ئاوی دەکەن و گەشی دەکەنەوە»

بەساردی و بەشەپۆڵ دەچنە ناو هەموو دەمێک و بەسەر هەموو

جـۆرە زمـانێکدا دەخـشـێن و بەناو هـەمـوو هـەناوێکدا شـۆڕ دەبنەوە و دەرەگی هـەمـوو جـۆرە درەختـێک دەگـەڕێن بەبێ ئـەوەی تام و ڕەنگ و بۆنی خۆ لەدەست دەن. ڕۆژێ سـەد میکرۆب و پیسـی و پاشـەڕۆیان تێ دەکرێ و تێ فڕێ دەدرێ یەک جێ ڕای دەدەن و کەس پێیـانەوە نابینێ و کار لە جـوانییـان ناکا هـەر لە ناو ئـاوی خـۆیاندا مـرۆڤـێک دروست دەکەن و ڕۆحی وەبەر دێنن بەو ئاوەشەوە دەیهێننە سـەر دونیایێ.

هـەر ئەو ئاوە نیوەی دەبێتـە شیر و لێیان هـەڵدەقـوڵێ گەرم مرۆیەکی پێ پێـدەگـەیەنن و نیـوەی دەبتـە خـوێن و گـرمـۆڵە دەبێ و گیـان وەبەر دێنن. «ژنەکان بە ئاوێ دەچن؛ لێ ئاوی هـیچ ژنەک لەو دونیایە بە ئاوی هـیچ ژنەکی دی ناچێ».

***

کــە دەبوومــە زەرێ وەکی باخـی هـەناران ســەر و بەرم دادەهـاتن و سنگم هـەڵداوسا و لەسـەرڕا شیری دەهاتەوە نێو دەمویست ئەو ڕۆژەم وەبیـر نەیەتەوە کـە لە تاو هـێلانەی خـوشکم بـەرم هـاویشت و کـەوتمە سـەر خوێنی و خوێن و خەڵووز تێکەڵاو بوون.

هێــلانە لـە ئێـوارەیەکی گـوڵانـێ دابوو جــەســتــەی خــۆی لە نـەوتی هـەڵکێشـا و گـڕی لەخـۆ بەردا. ژنان دەگـەنە لووتکەیـەک لە بوێری، ئەو جار پەنا دەبـەنە بەر ئاگری و لە خـۆی بەردەدەن هـەمیشــە گڕیان پێ باشــتــر و پەناترە لە پیـاوان. ئەو دەمــەی لە ژیاندا دەگـەنە کـۆتـایی لەشیـان دەدەنە دەسـتی گڕ نەک دەسـتی پیاوان. پێیان بـاشترە ببتـە ڕەژوویەکی ڕەش لە بری ئەوەی ببێتـە سـەرگـوێڵـکێکی بۆگـەنی پیـاوان ژانی گـڕ هـەڵدەبـژێرن لە بری ژانی پیـاو. دوا بـاوەشـیـان لـەبۆ گـڕێکی سوور و گەرم ئاوەڵا دەکەن، پرچەکانیانی بۆ پەرش دەکەن.

ئاگــر هێنده تامــەزۆری ژنانە هەرنـایانگاتێ کـە تـەواو لەخـۆیـاندا بزردەکا و دایاندەمرکـێنێ تێیـان دەئاڵێ و کۆکـەیان لـی هەڵدەسـێنێ. بۆنی خـۆی لە قـۆڵترین دەمـاری لەشـیـان دەمرێنـێ و دەیانکاتە تۆزیکی وردی ڕەش و بە دونیایاندا بڵاو دەکاتەوە.

جـغـارەیەکی نوێم بۆ دڵـهـەناری دادەگیـرسـاندو ڕوومـەتـی وەشـەوقـتـر دەکەوتن. چاوم دەخـستە سـەر جـغارەکەی و دەمگوت ژنان جیـاوازییان چییـە دەگەڵ ئەو جـغـارەیەی؟ وەکی وی دەچنەسـەر هـەموو جـۆرە لێوێک و جۆرەها پیاو لە نێوان پەنجەکانی خۆیان دەگێڕێ و دەیانکێشێ و لە سووتوویەک واوەتر چییان لەپاش بەجێ نامێنێ.

بە گــچـکەترین پشـکۆ هـەڵداســێن و خــۆش دەبـن و چ بیــر لـەو بە سـووتووبوونەی خۆ ناکەنەوە هەرئەو سـووتاندنەش نا ڕۆژی چەند ژنی دەدی دەســووتێن و هـەڵدەقــرچێن لـێ نە گــڕێکیــان پێــوە دیارە نە کـڵپـەیەکـیـان لێ هەڵدەسـتێ و نە کـەسـیش بۆ سـووتویان لێ دەکـا. ســووتانەکــانمان هـێندە زۆرن لـەبن نایـەن هـەر لـە دڵان ڕا بگرە هـەتا چاوەکانیشمان داغ دەبن لێ دووکەڵێ ناکەن.

وەز هـەر بەخـۆشم نەزانیبوو کە دڵم قالآبۆوە و پێمدا هاتبۆ خـوارێ لەبەرم ڕۆییبوو.

هێلانـە ئێسـقـانەکانیـشی سـووتان و بوونە ڕەژوو و هـەڵوەرین. ئەو دەمەی گڕی لێ بڵند دەبوو لە هەموو کاتێک ئارامتـر بوو چاوی لەسـەر یەک ڕوونان و دەیـەویست پێش ئەوەی بـڕوا چ گۆڕانیـیـەک لە دڵیـدایە بیڵێ و چ قاقایەک و خەندەیەکی تێدا کۆبۆتەوە دەری ببڕێ.

دەنگی چەنـد بە دەنگی کـۆترێک دەچوو ئەو دەمــەی وەبەر سـاچمـان دەدرێ و بەدەوری خۆیدا خولان دەدا... نەمدەویست هـەڵپڕووکانی چاوە

کاڵەکانی ببینم کە دەتگوت کانە نەوتن کڵپەی دەدەن هاواری دەکردمێ لە چاوانم هەڵڕوانە لەو پیـــاوانە هەڵڕوانە دەبنە گـــڕۆڵە و لێم هەڵدەوەرن...

چەند ئاوم پێدا دەکرد گڕەکە بڵندتر و سوورتر دەبوو بۆ چڕۆکی بەماڵێدا وەردەبوو و کرچە کرچی ئێسقانەکانی دەهات.

«ژنەکان چەند شۆڕشگێڕێکی گەورەن کە بەرامبەر بەو مەرگە پڕ کڵپە هەنگاو دەنێن و بڕیاری ئەو مەرگە گەرمە دەدەن».

هێلانە هەوەڵ جار پەنجەی دەست و پێیانی داگیرسابوون و پشکۆیان لێ بڵند دەبوون پاشان جلکەکانی گڕیان دەگرت و شینە گڕێکی پێ وەردەبوو، دەتگوت دار سنەوبەرێکە لخەکانی بە پشکۆی سوور داگیرساون و قەدی هەر وەکو خۆی بڵند بڵند دەچێتەوە.

کە تەواو داسووتا کەوتە قرچە قرچێ و پلەکانی کەوتنە عەردی و هەموو ژنەکان کە تەواو دادەقرچێن و دادەمرن بەو درەختانە دەچن کە بەرێژنە گوڵیان لێ بەردەبنەوە و بەر دامێنی خۆیان گوڵ ڕێژ دەکەن، هەر ڕۆژەی چەند ژن تێیدا بەگڕێکی شین پێ دەبن بە گڕێکی زەرد وەنێڵە دەکەون و بەگڕێکی سوور سوور شەرا دەدەنەوە.

هێلانە ئەو دەمەی گڕ گەیشتە ناو دڵی و دڵی ئاوری گرت، لەبەر خۆوە گۆرانی "هەی دڵ هەی دڵ دڵی من"ی گوڵبەهاری دەگوتەوە و....

ژنان ئەو دەمەی دڵیان گەرم دادێ خۆشترین کاتە لەلایان. هێلانەش هەوەڵ جار بوو دڵی ئەو تینەی دەگەیشتێ و لەتاو چێژەکەی هۆشی لە ژانەکەی نەبوو بەرە بەرە بە هەوایدا پەرش دەبوو با لەگەڵ خۆی دڵی هەڵدەپرواند و دەیبرد.

***

وەبیـرم دەهـاتەوە هـەنـدەک پیـاو دڵیــان بردم بەتەهـنـێ لەبـەر ئـەوەی بۆنـی خـۆش بوو هـەندەکی دی دڵیـان هەڵپـسـاندم لەبەر ئـەوەی باش گەییبوو. هـەندەکی دی دڵیان فڕاندم چونکە زۆر بـە ئاو بوو هـەندەکی دی دڵیان داوەراندم لەبەر ئەوەی زۆری شیلە دەردابوو.

لەبیـرم نایە تێـر بـە تەمـەنی خـۆم دڵم دەگـەڵ بووبێ و دڵـم بەخـۆوە گـرتبێ دڵـم هێندە ئەو دڵ و ئـەو دڵ و هێندەی ئەو دەسـت و ئەو دەست کردووە بە سینگمەوە بەن نابێتەوە.

ژنەکان پێش ئەوەی چاویان بپشکوێن دڵیان دەپشکوێ و بەر لە هـەر شتەک دڵ بە ڕووی دونیایەدا هەڵدێن.

ئەز جـارەکم دونیـا بـەبێ دڵ گـوزەراند بردبۆ سـەرێ. لێ تا چاوم هەڵێنان هـەمـوو شـتەک بـەسـەر چوو بوو باوی دڵـی من لە هیچ جـێیـەک نەمابوو.

دڵی دەخـسـتـەوە ناو دڵی دایم و دایم دڵی دەهـاویـشـتـەوە نـاو دڵی نەنکم و ئەتۆش دووبارە دەهاتییەوە بەرامبەر چاوەکانی نەنکم و تێیان ڕادەمایی و بۆنی منت لێ دەکردن.

تەمـەنم هـەر دووسـەد و پەنجا هـەزار کـاتژمـێر دەبوو لێ نـەمـدەزانی دڵم چەند کەڕەتی خـۆین تێ ڕژاوە و ئەتۆش لە کەنگێوە ڕژاوییە ناوم. لە بۆ هـەر ژنێک گرنگ ئەوەیە پیاوێک تێدا هـەڵایسـێ لە پاشان چی لێ بەسـەر دێ و لە هـەر کوێیـەک بێت گرنگ نییە و لە ڕوحی دانابڕێ. ئەو ژنە پیـاوێکی لە ڕوحدا نە دەزانی تەمەن چییە و نە دەزانی خـەم چییـە هـەتا هـەیە خۆی پێ ڕادەگرێ و لەبن نایە و گەرمی دەداتەوە.

هـەر پیـاوێکیش کـە لە ژنێکدا ڕەگی داکوتا هـەتا هـەتایە تـێیدا شـین

دەبێتەوە و تێیدا دەڕوێتە و دەڕژێتە بن نینۆکەکانیشی.

دەمزانی لەنێو هەر دڵێکی دیدابم هەر کە قامکەکانت جووڵاندن و گوتت گیانێ هیچ خۆ وەخۆ ناگرم ڕاست دێمەوە باوەشت.

***

تاریک و ڕوونی بەیانی بوو وەکی مژێکی سپی دەگەڵ تراویلکە ژنەکان گەیشتینەوە ناو شارێ هەر یەکیان وەکی بووکێک دەسکە گوڵی بەدەستەوەبێ دەسکی ئەو توورەکە و بوخچەی ئێسقانانەی بەدەستەوە گرتبوو.

کە دابەزین تۆزێکی زەردیان لێ بڵند دەبوو پۆلە باڵندە بەفرە فڕ هاتنە سەریان، دەنگی لێکدانی باڵەکانیان لەگەڵ دەنگی مەلایەکان تێک چرژا و نووزەی ژنەکانی تیژتر دەکرد و گوێیان لە قوڵپە قوڵپی هەناوی خۆیان بوو کە تێکەڵی بۆنی کازیوە ببوو بەشاریدا دەگەڕا.

دڵهەنار هەر لە ڕێی ماڵی تارایەکەی فڕێ دا و بەڕاکردن بە کووچەکاندا گەیشتە ماڵێ و ئاوی وەسەرنا و ڕۆنی و دلانی وە ئاگا هێنان و دلان بەنێو هەموو هۆدەکاندا دەخولایەوە و هەموو ژێر بالیف و بەتانییەکان دەگەڕا لە بابی و نەیدەزانی دایکی و نەنکی بۆ ئەوها بەکوڵ دەگریان خۆی لە دامێنی داکی هەڵدەکوتا بەهەموو جەستەی لەو وێنەیە دەگەڕا کە لە بۆ بابی کێشابووی.

وەختێک سەری توورەکەکەیان دەکردەوە، خرمە خرمێک ژوورەکەی پڕ دەکرد کەللە سەر و قەفەسەی سینگ و لوولاکەکانمان دەردەکێشان و هەموویان لەسەریەک ڕیز دەکردنەوە.

دلان لە تاوان خۆی بەسەر قەفەسی سینگیدا دەدا پڕ بە گەرووی

بانگی دەکرد سەری بە کەللە سەری دەکرد و توند ماچی دەکرد. لە بری فرمێسکان دڵی پووچەڵ پووچەڵ بەسەر ڕوومەتەکانیدا دەخزین و دەکەوتنە خوارێ.

دەنگی لێدانی دڵی بابی لە ئێسقانەکان دەهات گوێچکەی کپ دەکردن بەلێوە ناسکەکانی پەنجەکانی ماچ دەکردن قرتە قرتێک لەبەریان دەڕۆیی هاواری دەکرد بابە ئەمنم تەماشام کە چەندە گەورە بووم و هەر ئەو جارەی بابە تەماشام بکە. بابە...

ئاوەکە گەرم دەبوو دەستیان دەکرد بە شووشتنیان دەیانەویست بەو شووشتنە هەموو تۆز و غوباری غەریبی و تەنهایان لێ داماڵن و ڕەنگ و بۆنی جارانیان دەبەر بێتەوە چەند دەستی لێدەدان لە خۆشییان هەموو گیانی دەبۆوە ئارەقە و چاویشی گەش دەبوونەوە هەر دەکەفی هەڵدەکێشان بەکەفەوە ماچی قووڵ قووڵی لێ دەکردن دلانیش هێندەی دی هەڵدەقرچاو چووکەڵە دەبۆوە، دەتگوت تەمەنی تەنها چەند چرکەیەک دەبێ ڕۆشتن و قسەکردنی لەبیر دەچۆوە و دڵهەنار لە پەرتاویی خۆ لینگی تێک باهەڵدەدران. دەیزانی هەر ئەو شەوە لەلایان دەمێنێتەوە سبەی بە گەورەترین مەراسیم بەخاکیان دەسپێرنەوە.

ڕۆنی دەڵەمەیەکی گەرم دەچاڵی چاوەکانی دەگەڕا و دوعای دەخوێندن بەدەنگی بەرز یاسینی لەسەر دەخوێند و تەسبیحەکانی لە پەنجەدا دەگێڕان.

دڵی دەگەڵ دوعایان بەهەوایدا وەردەبوو دڵهەنار گولاو و بۆنی دەهێنا و بەسەریدا هەڵدەپژاندن لە جێیدا وەڕێ دەخستن و تەمەنی سی چل ساڵ گەورەتر دەبوو دەست و ڕووی بەهەزارەها چرچ و لۆچیان تێ دەکەوتن بە نەرمی بۆنی پێوە دەکردن و ڕوومەتی لە

قامکانیان دەخشاندن و لەپڕ دڵی هەڵدەئاوسا و پڕی سینگی دەبوو بەدەمدا دەکەوت تینی وەبەر خۆی دەدایەوە هەڵدەستا سەرپێیان قەبارەی دڵی زیاتر دەبوو بەری هەناسەی دەگرت و هەموو پەراسووەکانی شەقیان دەبرد و دڵە هەڵامساوەکەی لە سینگی دەهاتە دەرێ و وەکی درەختێکی گوڵی لێ بوەرن پارچە پارچە گیانی دەوەری و دەکەوتە سەر ئێسقانەکانی خۆشەویستانی و دڵەکەی وەکی هەنارێکی قڵشتی دەبرد و دەنک و ئاوی بەهەر چوار دەوریدا دەپژان.

ژنەکی دی بەتەنها کەللە سەرێکی دەزگیرانەکەی لە توورەکەیەکدا ڕاهینابۆوە. لە خۆشییان هەستی دەکرد گۆی زەوی لە نێو هەردوو لەپی دەستیدا دەگێرێ و هەڵدەسووڕێنێ و تێی دەڕوانێ و جەمەدانییەکەی لەسەر دەبەستەوە و وێنەیەکی دەگەڵ دەکێشا تا ببێتە وێنەی ڕۆژی گواستنەوەی..

کە چاوی ڕژانە ناو چاڵی چاوی دەزگیرانەکەی لەوێدا مەیینەوە نەیدەزانی چ بکا بۆ ئەوەی تێکەڵبوونی لەگەڵ ئەو پیاوە لە سەرڕا نوێ دەکاتەوە لە تاوان مێشکی لە کونی گوێچکەکانی ڕا دەهاتە دەر و ڕێچکەی دەبەستە سەر سینگی و هەموو شتێکی لێ هەڵدەڕژا نە وێنەیەک نە ڕەنگێک نە کەسەک لە فیکریدا نەدەما و هەمووی لێ دەتکان تەمێکی سپی دایدەتەنی و هەڵمێکی گەرم لەناو دەمی ڕا دەهاتە دەرێ و باران هێندە توند دەباری ڕەهێڵەیەکی خەست بەسەر دونیا هەڵکشابوو برووسکەی هەورەکان و قاسپەی کەوەکان لێک نەدەکرانەوە. هاژەیەکی قووڵ لەبەر دونیا دەڕۆیی نینۆکەکانی دەست و پێی وەک پڵ هەڵدەدان و دڵی دەبوو بە هەڵمێکی سوور و لە دەمی ڕا دەهاتە دەرێ و لەشی وەکی تۆپەڵە هەڵمێک بڵاو دەبۆوە و دەتکا سەر

کەللە سەری خۆشەویستەکەی.

گەواڵەکانی توندتر دەبوون هەر ئەوێ شەوی بە سەدان کچۆڵەی دیکەی پاش ئەنفالێ بە ئاڵقەی دەزگیرانییەوە دڵیان بوو بەهەڵم و دەگەڵ بارانێ تێکەڵ بوو و لەشیان تکا و مێشکیان لێ هەڵچۆڕا...

***

خۆر ڕەنگی ئەرخەوانی ببوو زستان و هاوین تێکەڵ یەک ببوون و بەفرێکی سپی کرێوەی دەکرد و گەرما بەتینی گڕی دەخستەوە. میمکە فاتم خۆی هاویشتبۆ بن باڵی زەرێ و توورەکەکانی لێ هەڵگرتبوو. بەفر دەکەوتە سەر سەریان و ئارەقەیان دەکرد و دەنگیان بای دەبرد و لاقەکانیان لە قوڕی ڕۆدەچوون و یەکتریان ڕادەکێشا دەرێ و کلوە بەفرەکانیان بە لەشییەوە دەنووسان.

زەرێ دەستە قوڕاوییەکانی دەشووشتنەوە و توورەکەکانی دەکردنەوە لە یەکیان شەویلاک و بڕ بڕە پشتی مێردەکەی هینابۆوە لە یەکی دیکەیاندا پەراسوو و چەند چەنگە موویەکی برازایەکی لە یەکی دیکەیاندا قامک و لینگە پێلاوی کوڕە حەوت ساڵانەکەی هێنابۆوە توورەکەیەکیش بەتەهنێ چەنگە موو و چەفیەی سەری دایکی تێ هاویشتبوو. کەللەی سەری کوڕەکەی دەسبیحەکەی بۆ لە بوخچەیەک کردبوون.

زەری نە هیچی دەبیست نە هیچی لە لێوان دەهاتە دەر بەلەشی قوڕاوییەوە پارچەی هەریەکەیانی ماچ دەکردن بە لێوەکانی دەیسڕینەوە پرچەکانی لە بن ڕا هەڵدەقەنران سەری دەڕووتایەوە و هەموو ئێسقانەکانی لە کۆشی خۆی دەکردن بەفر دونیای گەرمتر

دادەهێنا دەنگی بۆقـان بەسـەر هەمـوو دەنگێکدا دەگـەڕا و کەس گـوێی لە دەنگی کەس نەبوو.

مـیـمکە فـاتم دەسـتـەکانـی توند دەگـوشـین و ڕایدەتەکاندن و ئاوی بە گەروویدا دەکرد زەریٚ حاڵی دەگرت و دەنگی دەف پەرەی گوێچکەکانی دەدڕاندن هـەر دەو زیکرەدا چەند جار پرچەکانی ڕەش دەبوونەوە لە پڕ سـپی سـپـی دەبوونەوە دوعـای دەخـوێندن پێـدەکـەنی وەکی تەیرێکی بریندار خـۆی بە دار و دیواران دادەدا پەنجـەکـانی هارەیان دەهات، هەمـوو مـووەکانی سـەر هەڵدەوەرین خـوێن لە لـەشـی هەڵدەچۆڕا و دڵی خۆی بەسینگیدا دەدا و دەیەویست دەرپەڕی و توانای دڵ وەخۆ گرتنی لـێ دەبڕا و تـاوی دەدا چەقـــۆیـەک دڵی هـەڵدەکـــۆڵی و دەریدەهـێنا و سییـەکانی بەلێشاو هەوایان دەچۆ ناو و دەتەقـین و بەفر دەباری و قوڕ دەکـەوت لە سـەربان و کۆڵانـەکان و زەرێش وردە وردە دەتـوایەوە و بە قوڕاوێدا دەڕۆیشت...

پلکە سـەراب و پلکە مـەهروب و مـیمکە فـاتم و بە دەیان سـەرابە ژنی دی ئەویٚ ڕۆژی هـەر تاوێک لە پـشـــتــێنـیٚ بەرەو ســـەر ڕا دەبـوونەوە منداڵێکی دوو ساڵە و بەرەو ژووریان دەبووە پیرێژنێکی سـەد ساڵە دەم نادەمـێک بە پێـچـەوانەوە پیـری و منداڵی وە لەشـیـان و دەمـێشکیـان دادەگەڕا...

نەیاندەتـوانی لە جـێی خــۆ ببـزوون و فـــرمـــێـسک لە چـاوانیـــان ڕانەدەوەسـتــان ڕەنگەکـانـی لەشـیـان کـاڵ دەبـوونەوە ڕەنگیـان لەبەر دەڕۆیی و هـەر تـاوێک سـاوا بـوون و تاوێکیش پەککەوتـە و بەئاسـتـەم دەبزووتن...

گـەڵا بارانیک هـەڵی دەکرد پڕی حـەوش و ژوورەکانیـان گەڵا دەکـەوتن

و بۆنی گـوڵان گـێـژی دەکـردن و مـنداڵدانیــان وێک دەهاتەوە هـەمـوو منداڵەکــانیــان دەهاتنـەوە ناو مـنداڵدانیــان و ڕەحــمــیــان گــەرم دادەهێنانەوە و مـەمکیـان پڕ دەبوونـەوە لە شـیر و شـیـریان لێ دەتکا. کەنارییەکان وەکی کوند دەیان خوێند و ڕەنگیان زەرد زەرد دەبوو لەپڕ دەگەڵ هێلنجێکی قـووڵ و درێژ دڵیان دەهێنایـەوە و زەردتر دادەگەڕان و دڵیـان وشک هەڵدەهات و وەکی گەڵا لوول دەبوو با لەگـەڵ خـۆی پێچ دەدا و دەگەڵ خۆی دەبرد...

## «بەشی پێنجەم»

سێڵاوی دڵان نەختە نەختە نیشتاو دەبوو، دادەمرکایەوە. ئەوەی ڕای دابوو، ڕای دابوو ئەوانەی دەدیشی تێک با هەڵدابوون و هاویشتبوونە کەناران لێوا و لێوی ئەو کەنارانە دڵ هەڵدرابوونەوە. هاویشترابوونە سەر یەک و تۆپەڵ تۆپەڵ ببوون. زۆر کەس پڕ بە تۆڕەکانیان گرتبوونەوە و دەریان هێنابوونەوە، هەندەکی دەدی بە پەقرەجان و سەتڵان کۆیان کردبوونەوە و لەبەر تاویان هەڵخستبوونەوە. ڕۆژێ بەهەزارەها باڵندە و تەیر و تۆر لەسەریان دەنیشتنەوە و دەندووکیان تێ دەوەژاندن و خۆشەویست و عەزیزیان لێ بژار دەکردن.

دڵەکان سێڵاو وەها ئاوی تێوەردابوون و پێیان هەڵاڕۆی بوو باڵندە و تەیریش ڕۆژ تا ئێواریێ دەندووکیان تێ هەڵدەچەقاندن و ڕیقنەیان بەسەردا بەر دەدانەوە.

هەندەک دڵ هێندیان ڕیقنە بەسەردا کەوتبوو و کەڵەکە ببوو خنکیان کردبوو هەندەک دڵی دەدی لە بنەوەدا کرۆیان هێنابوو. هەندەک دڵی دیکەش هێندە تەنیا بوون برشیان هەڵێنابوو، یا هەندەکی دەدیان هێندەیان دەندووک و چرنۆک تێ کوتابوون لە کون کونیان وەکو تۆڕیان لێ هاتبوو، دەنا یا لایەک و یا ناوەڕاستی خورابوو بە هەڵزڕاوی لەو گۆڕەی کەوتبوون...

هەندەک دڵی کە سێلاو هێندە بەتەوژم خۆی پێدا دابوون و بەناویان وەربببوو ڕاست ئاوەژووی کردبوونەوە هەڵی گەڕاندبوونەوە. کەنار دڵی بەسەدان درەختە ژنی لە ڕەگ دەرکێشابوو و هەروەکی چەقۆو لە دڵی سەدانی دی گێڕداربوو هەڵیدابوونەوە.

دڵی هەندەکی دی وەکی کـــودی هـەڵکۆڵیـــبـــوو هیـــچی دەنـاودا نەهێشتبوو. وەکی نێزە دڵی چەندین سەروە ژنـی کون کون و هەپڕوون هەپڕوون کردبوو.

کـەناری دڵی کـەڤـیـە ژنانـی تواندبۆوەو بـە گـۆڕێ وەرکـردبـوو هـی دارسـتـانە ژنەکـانی لە بنڕا وشـک کـردبوو هـی مـێـرگـە ژنـانی تەواو ڕادابوو چیڵکەو چاڵیشی پێوە نەهێشبتوو دڵی بێستانە ژنەکانی پڕ لە سن و کوللە کردبوو و جۆرەها دەعبا و هەرامە لانەیان تێدا ڕۆنابوون.

کەنار ڕەنگی بەبەر هیچ یەک لە دڵەکانەوە نەهێشـتبوو و لە فرچکی بردبوون هـی منداڵەکانی هەر لە بنی ڕا لەجێ بردبوو.

ئەڤ دڵانە ئەوەندە لە لمی وەردابوون و هێندەیان شـەخـتـە لەسـەر کـەوتبـوون، نە کـونێک و نە درزێکیـان بۆ ژیان تێـدا مـابوو. کـەنار ژنەکـانی هێندە لێڵ کـردبوون هیـچـیـان تێـڕا دیار نەمـابوو. نـەدەبینرا دڵی هەزارەها کـانییە ژنی قوڕ و لم دادابوو کوێرکردبۆوە. چرنۆکی لە هەرمێی دڵی سەدان کچۆڵە و پارچەڵە گیرکردبوو لێی داڕنیبوون.

***

«شەڕ هەرچەندە دڵی لەبەر ژنەکان بردبوو هەموو تێکڕا دڵیان لەبەر چووبوو. هـەندەکیـان بەدەمـیـاندا و هەندەکـان بـە داوێنیـاندا. ئەمما ژنەکـان ئەو تینەیان هەر پـێ مـابوو کـە دڵێکی دی دەنێـو خـۆیـاندا

دروست بکەن».

«شەڕ چەند ژنەکان پەک خاو کۆڵەواریان کا، لێ ناتوانێ بەری دڵ هەڵێنانیان لێ بگرێ»

لە نێو گەرمی ژنەکاندا نەبێ، دڵ لە هیچ جێگەیەکی دی دونیایەدا هەڵنایەت و ناپشکوێ.

هەر ژنێک چەند دڵان هەڵدێنێ لە هەر مەینەتییەکیشدا بێ هەرگیز تۆی دڵانی لەبەر نابڕێ و وشک نابێ و لە ڕۆژێکدا چەند دڵ دروست دەبن لە ناو ژنەکاندا و چەند دڵی دەدی بە ترپە ترپ دێنە سەر دنیایە.

ساڵەکان وەکی ئاوی ڕووبارەکان تێدەپەڕن و دەڕۆن و ئاوادەبن نە ساتێک ڕادەوەستن و هەڵەتە دەبن، نە دووبارە بەهەمان جێگادا دەگەڕێنەوە و هەزارەها ناروەنی دی ئاسمانەکانیان تالان دەکرێن و بە سەدان دڵهەناری دەدی چاوەڕێن بیلبیلەکانیان سەوز داگەڕێن و بەهەزارەها ڕۆنی دەریایەکانیان لەبەر دەچن و بە ملیۆنەها هیلیانی دی لە نێو مەزاتخانەکاندا کاڵ دەبنەوە.

***

لە گەرمەی ژن وەشانەکەیدا دەنگێک نزیک دەبۆوە. وردە وردە دەبوو بە هاوار. پرچەکانم لەسەر ڕوومەتم وەلادان وگوێم هەڵخست: ژنێک هاواری دەکرد هەراج هەراج دونیا هەراج.

خێرا چاوم لەسەر ئاسمانەکانم هەڵاویشت و دەستم لە دەستی دەریایەکانم دەرهێنا و خاڵی و چۆڵ و هۆڵ لە دڵ بەدوای ویدا هاوارم کرد: «دونیا دەفرۆشم، کێ دەیەوێ دونیا بکڕێ دونیا یاڵڵا دونیا».

هێشتا دونیام هەر بەکۆڵی وەبوو هەندەک ژنم دەدین دونیای خۆیان

له زێڕنگەرەکاندا بەدروستکردن دەدا هەندەکی تر دونیای خۆیان لە کریستاڵ فرۆشەکاندا بەڕادان دەدا.

شەڕێکی نوێش تازە هەڵایسابۆوە هەتیوخانەکان سەر لە نوێ قەرەباڵغ دەبوونەوە ژنەکان لە خۆفرۆشتن ڕاهاتبوون، هەندەکیان خۆیان دەکڕییەوە کەس بەفلسەک دونیای منی نەدەویست.

شەڕ بەناوێکی نوێ و پڕشگندار دەستی پێ کردبۆوە بەناوی جۆرجۆرو بە پێشکەوتن و ئازادی تاریفیان دەکرد. ڕۆژ لە ڕۆژی گەرمتر دەبوو. زانیم تازە نەخۆمم پێ دەفرۆشێ و نەخۆمم پێ دەکڕێتەوە، لە بۆیە خۆم لە کۆشی خۆم هاویشت و حەشاردا...

ڕۆژێ چەندین کەس دەکوژران، لێ خوێنیان لێ نەدەهات چەندی دەدی دەمردن لێ لە گۆڕیان نەدەنان. شەڕێکی بێ خوێن و بێ گۆڕمان پێ وەرببوو. مردووەکان ڕۆژ لە ڕۆژێ پتر دەبوون و کەڵەکە دەبوون. هاواریان دەکرد گڵیان وەسەر دەن و لێ کەس نەبوو گڵیان وەسەردا کەس نەمابوو گۆڕ هەڵکەنێ.

دوا سپێدە کە چاوم هەڵێنان، دیسان هێرش دەهات. کە لە شەرکەرەکان وردبوومەوە دیتم هەموو دڵی منیان لە پێ کردووە وەکی پۆستالان دایان پێچاوە و هێرش دێنن، نەمتوانی لە جێی خۆ وەرسووڕێم و وردە وردە داوەشام و لەشکرەکان بەسەر تۆزی مندا پەڕینەوە و هەمدیسان هەموو دابەشکردنەکانم لە بیر دەچوونەوە هەموو کۆکردنەوەکان هەرچی ژمارە و ژماردنە لە زەینمدا دەکوژایەوە، هەتا نازانم تەمەن چەند بەهاری لێ ڕۆییون و هەفتەی چەندەمی مانگییە و چەندەمی چ مانگێکە ناوی کەژەکان دەمێشکمدا دەسڕانەوە.

نەمدەزانی دڵم بەچەند کەسان داوە و دڵی چەند پیاوانم لە لایە و چەند بەشم لە هەر پیاوێک هەیە و چ بەشێکی خۆمم داوەتە هەر پیاوێک و لەرینەوەی سینگم بە شەپۆلەکانی دەریایێ نەدەپێوا تا بزانم کێهەیان نەرمترە، پڕ شەپۆلترە. ئەتۆش لە خوناوکەکانم ڕا لە خۆت و دەریات نەدەنۆڕی و تەنها بەنمەنمی تۆڕا دەمزانی هێشتا تەڕی دەدونیایەدا ماوە.

***

دەمەک بوو دەمزانی پەڵەت داوە تێمدا و وەسەرم گەڕاوی و تەواو هەڵتمژیوم، لە بۆیە باوەڕم هێنابوو کە خۆشەویستی چەکێکی بێ دەنگە و کەس نازانێ لە کوێ و چۆن و کەی دەتکوژێ و هیچ شوێنەواری پێکانیشی نییەو بەتەنها دڵەکان دەپێکێ و هەموو پێوانە و و لۆژیک و جوگرافیا و سنوورەکان دهێنێتە گۆڕینێ و بەنێویان دەکەوێ.

پێکراوەکانیشی هەتا هەن ناوێرن باس لە بریندار‌بوون و پێکانی خۆ بکەن و لە تاریکترین کەلەبەری ڕوو و ڕوحی خۆدا دەیشارنەوەو کەم کەسیش هەنە ئەو چەکە نەیانگاتێ و خاڵی خاڵییان نەکات لە ژیان.

شەڕ نەیهێشت تێر بە تەمەنی خۆ دڵ لە خۆمدا هەڵگرم و پڕ بەدونیایێ کەیفێ لێک بکەین.

ئەڤ شەڕە نوێیە گاڤەکی دی دڵی لە کەسدا نەهێشت و بەهەزارەها ژن و ئاهۆی وەکی من خاڵی لە دڵ لە ترسی براکوژییەکی نوێ و ئەنفالێکی نوێ ڕۆژ لە ڕۆژێ پتر دادەوەشاین.

# فەرهەنگۆک

وەزن: پشتاو، ئێش و ئازار

نوژ: سمین

وەرهین: داوەرین، وەریان

نوهۆ: ئێستا

وەزێ: منیـــــــش

نوهین: تازە

وەز: من

بەژ: وشکانی

شەرار: شەراب

هەڤرین: گەیشتنی میوە، نەمرەنە

شەلان: رووتبوونەوە

نەوەند: تۆچاندنێ پایزێ

هملانین: هەڵگرتن بۆ کاتی پێویست

نەهان: بەراورد، نرخاندن

هنارین: سوور وەک گوڵە هەنار

هناره:  وەڵام ناردن بەئاگر بەئاڵا

هنارک:  سەرکوڵمە

هلیان: ونبوون

هەدرین: دامرکان

سەراو: چاوگی ئاو

هەڕەت: هەڕەتی عشیق

هەڤژان: سپێدار هەزمکردن

هەڵناوین: هەزمکردن

هەلاندن: توانەوە

هەڤاندن – مروانەوە

هەسۆ: ئاسۆ

هەژەند: سەرسوڕهێن

هەژڤان: لەرزین

هەرێن: خۆڵاوی

هەرەک: هەریەک لە دووان

هەرنین: مانگرتن

هەرکێ: نەزۆک بوون

هەرەک: بزووتن

نوژین: سمین.